# گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیایدا

ڕۆمان

عطا محمد

هەردەم بە ئاسیا پێشکەشە کە بۆ ئەو ژیان مردنێکی بۆ مانایە

## پێشەکی

بەسەرهاتی ئەو شاعیرەی بە مردوویی یاخود بە مردوویی دەویسترا
بەسەرهاتی ئەو شارەی لە چاوترووکانێکدا فەنا دەبێت
بەسەرهاتی ئافرەتە تیوارەکان
بەسەرهاتی شۆڕشگێڕە وون بووەکان
بەسەرهاتی ئەو مێژوونووسەی دەبێتە چیرۆکنووس
بەسەرهاتی پەیکەرە کوژراوەکە
بەسەرهاتی ئەو وڵاتەی بەدوای منداڵیدا دەگەڕێت
بەسەرهاتی ئەو میرەی بەدوای ئێستادا وێڵە
بەسەرهاتی میرە وەهمیەکان
بەسەرهاتی ئەو وڵاتەی لەناو پەیوەندییە کانزاییەکانیدا گیان دەدات
بەسەرهاتی چینە شێرپەنجەییەکان
بەسەرهاتی ئەو میرەی بەدوای گەنج و سەرکەوتندا وێڵە
بەسەرهاتی ئەو میرەی چاوی هەڵدەکۆڵرێت
بەسەرهاتی ئەو گێڕەرەوەیەی لە مەرگی خۆی هەڵدێت



## پێشەکی:

–پاشان میر لە شەقەی باڵیدا...

مەولانا(کە گێڕەرەوەی سەرەکی ئەم چیرۆکەیە لەم چاپەیدا) وای ووت و بێدەنگ بوو وەك ئەوەی ئاماژە بۆ کۆتایی چیرۆکەکە بکات و چاوی بڕیبووە ئەو ئاگرەی کە لەو شەوەدا لەناو کزەبای بیاباندا لەدەوری دانیشتبوون. لەناو بێدەنگیدا مەولانا جارێکی تر ئەندێشەی هەموو ئەو سەفەرانەی کردەوە کە تەمەنیان خوارد، ئەو سەفەرە پڕ لە مەشەقەتەی گەیاندبوویە رێگای(حەج) تا لێیەوە بەرەو وڵاتی شام وەرچەرخێت و درێژە بە رێگاکەی بدات.ئەو دەیویست بەدوای مەرگی خۆیدا بگەڕێت.

هەر لە رۆژی سەفەرەوە ئەو کوڕە گەنجەی هاوسەفەری مەولانابوو، دەیزانی(زمان لە شێوەی مەولانادا بەرجەستە بووە و لەگەڵیدا رێگای پڕ لە سەرابی کوشندە و رەشەبا وێڵکەرەکانی بیابانی لەناو دەنگی زەنگۆڵەی حوشتر و گۆرانی غەمباری کاروانچیەکاندا، دەبڕی. بێ ئەوەی بیر لە بەجێهێشتنی مەولانا بکاتەوە یاخود ساتێك غافڵ بێت لە قسە و پەندە درەوشاوەکانی کە وەك کانیەك رێگای وشك بوون و کوێربوونەوە نەزانێت بەردەوام هەڵدەقوڵا و بەسەرهات و چیرۆکی سەیر لە شێوەی دەنکە مرواری

له زاری دەکەوتنه خوارەوە ئەگەر چی به جله شڕەکانیدا له دێوانەیەك دەچوو که بۆ راوکردنی تریفه دەشتو دەری گرتبێته بەر بەڵام کوڕە گەنجەکه له پشت سیمایەوە نورێکی دەبینی...

– ئەمە ئەو حیکایەته بوو، تۆش هەوڵدە بینوسیتەوە چونکه ئێمه هەر ئەمشەو پێکەوە دەبین و دەبێت بەیانی بەرەو وڵاتی شام بڕۆم چونکه لەوێ مردن چاوەڕوانمه.

لەگەڵ ئەوەی کوڕە گەنجەکه بیری لەوە دەکردەوە کەچۆن(زمان) سەرهەڵدەگرێت تاله غەریبی بمرێ، وتی:

–دەمەوێت لەگەڵتابێم...

–تۆ دەبێت بگەڕێیتەوە تائەم حیکایەتەو چەندانیتر بنوسیتەوە کەله ئەندێشەوە دەیانخوڵقێنیت.

–ئەی چۆن بەم برینانەی جەستەتەوە بەجێتبهێڵم تا بەتەنیا بڕۆیت؟

کوڕە گەنجەکه وای وت و سەیری ئەو برینانەی دەکرد که وەك گەڕیی لەلەشی مەولانادا بوون.

–دەتوانیت سارێژیان بکەیت، ئەویش بەنوسین و نوسینەوەی حیکایەت و چیرۆکەکانی ئەندێشەت چونکه ئەوانه جێگا زامی ئەو نوسەرانەن کەناتوانن سەرچڵیم پێوە بکەن و تەنها پرسه و نوسینه سۆزاویەکانم پێدەنوسنەوە.

–بەڵام ئەگەر ئەم حیکایەتانەی تۆم نوسیەوە ئەوان بەدزی تاوانبارم دەکەن.

–دەبێت تۆ چاونەترس بیت چونکه هەموو شتێك لەسەر ئەم زەویه موڵکی تۆیه و تۆش بەشداریت لەدروست کردنی رۆژهەڵاتدا. هەربۆیه دەبێت بگەڕێیتەوە ناو شەوەکانی هەزارو یەك شەوەو خۆت بەو کوڕە زۆڵه نەبینیت کەهەردەم نەفرەت لەگەڕان دەکات و دەترسێت لەگێڕانەوە.

–دڵنیابه جگه له دزی هیچی ترم پێناڵێن..



–تۆ گوێ بەوانه مەدە. چونکه من بەنوسین لەم مردنه دەرباز دەبم که ژەهری ئەوانه دەمدەنێ.. تۆ ئەگەر دەتوانیت ئەوا جارێکی تر هەرچی چیرۆك هەیه وەك خۆیان بیاننوسەوە، پاشان هەر چیرۆکێك چەندین جار بشێوێنەو بەشێواوی بینوسەرەوە تافێری ئەوە دەبیت که بەقوڵی بڕوانیت.. چیرۆکەکان موڵکی تۆن وەك هەوا.. ئەو شەوە کوڕە گەنجەکه نەنوست و تەنها بیری لەقسەکانی مەولانا دەکردەوە تا دواجار بڕیاری دا ئەو حیکایەتانه بنوسێتەوە کەمەولانا لەو سەفەرەدا بۆی گێڕایەوە.

بەیانی بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە سەیری مەولانای دەکرد کەبەتەنیا رێگایەکی لەناو بیاباندا هەڵبژاردو روەو غەریبی رۆشت. لەدورەوە هاواری لەمەولانا کردو وتی:

–هەموویان دەنوسمەوە.. چیرۆکی تریش دەنوسمەوە..

مەولانا ئاوڕی نەدایەوەو لەشێوەی کۆمەڵێك رستەی ئاوی بەسەر بیابانەکەدا دەڕژاو سەنگینی سیٔویەك پیت لەڕۆشتنیدا بوو. ئەو رۆشت تابەفریای مەرگی خۆی بکەوێت.

*     *     *

میر لە ژورێکی شاردراوەو نهێنی یەکێك لەکۆشکە ناکۆتاو نەبینراوەکانیدا دانیشتبوو، ئەو کۆشکانەی بەهەموو جوغرافیایی فەرمانڕەوایەتیدا بڵاوبووبوونەوە" هەرلەزۆنگاوە ونکەرەکانەوە بۆ چیابەفرینەکان تا دەگاتە بیابانە لمینە پڕ لەڕەشەبا سوتێنەرەکان. ئەو کۆشکانەی جگە لە پاسەوانە نهێنیەکانی کە کەسانێکی لەبەرگیراوەی خۆی بوون، باڵندەیەك نەیگەیشتویەتێ. ئەو لەو ژورانەدا دانیشتبوو کە لەدەرەوەی شوێندایەو خاوەنی روبەرێکە لە فیزیای کۆندا بوونی‌نیە و هیچ دەرگایەك نایگاتێ‌و هیچ پلیکانەیەکیش ناچێتەوە سەری.

لەوێدا میر بە پۆشاکە ئاوریشمیەکەی‌و مەدالیا پرشنگدارەکانیەوە دانیشتبوو کە جێگایەکیان بەبۆشیی لە سنگیدا بەجێ نەهێشتبوو بە بریسکەیان، وەك ئاگر، کڵپەی نەسەندبێت.

لەو کۆشکانەوە دەیڕوانی کەلە ناوچە دوورو چۆڵەکانی یاساو فەرمانە سەختەکانیدا روێنراون و بەشوشە رووپۆش کراون، بەچراجۆراو جۆرەکانیەوە وەك خۆرێکی ملکەچ نەکردوو بۆ ئاوابوونێکی زۆرەملێ دەدرەوشێنەوە، ئەو لەوکۆشکانەدا یاری تەنیایی دەکات و لەئێوارانیشدا



سەرپەرشتی راوەدونانی تاریکی تا ئەو پەڕی سنوری شوێن دەکات، ئەویش لەترسی ئەو حیکایەتانەی لەبارەی بونەوەرو دڕندەو ئەوگۆڕانە کوت و پڕانەوە گێڕاونەتەوە کەتاریکی فەرمان رەوایەتی.. ئەو گۆڕانانەی بەسەر حەزو ئارەزوەکانی مرۆڤدا دێت و دەیکاتە دڕەندەیەك کەجگە لە(تۆڵە) بیر لەهیچ شتێکی‌تر ناکاتەوە.

ئەو دوور لەچرپەو پێکەنینی کەنیزەکەکان و بۆنی خواردنی کارەکەرە ئابڕو چووەکان و چاوی پاسەوانە تینوەکانی و دیاری دەست لێ نەدراوی ئەو وەفدە چاوەڕوانانەی لەپێش سەدەیەك یان زیاترەوە گەیشتوون و دەقی ئەو پەیماننامە سنوری و ژیانیانەیان هێناوە کە پەیوەستە بە دابەشکردنی ئاو و هەواڵی ژن‌و ژنخوازی و... دوور لە هەموو ئەوەی وتراوە و ئەوەی رویداوە و روودەدات لە کۆشکە پەل و پۆ هاوێژەکانیدا دادەنیشێت کە بە ژمارەی زۆری ژنەکانی و منداڵە سەرەڕۆکانی وەك بوونەوەرێکی زیندوو بەردەوام بەرز دەبن و گەورەدەبن. ئەو لەوێدا دانیشتبوو کە بێ‌کاری گەیشتبووە سەر ئێسقان و منداڵەکانی ئەو پلە و پایە سەرسامکەرانەیان داگیرکردبوو کە تێگەیشتن لێیان مەحاڵە تا لە بێکاریە دڵڕەقەکانیاندا لە خەونی دەسەلاَت دووریان خاتەوە" ئەمیان وەزیری زەردەپەڕە و ئەویان وەزیری سپێدە، ئەوەی تریشیان کە دەنگی پێکەنینی لەو ژوورەوە دێت کە بۆ وەزارەتی سەوزبوون ئامادەکراوە و بچوکترین منداڵیشی سەرۆکایەتی دەستەی بڕیاردانی پەیوەست بە زاوزێی باڵندە و تروکانی هێلکە دەکات. هەر منداڵێك لە منداڵەکانی لە بەیانیەوە لە وەزارەتەکانیان دادەنیشن کە نغرۆیە لە قەرز و سەرەڕۆییدا (بەوانەشەوە کە لە ترسی وونبوونی خوێنەر لە مەمەڕی وەزارەتەکانیاندا ناویان نەبرا، هەروەك وەزارەتی خەرمانە و ئەستێرە ناسە تەمەڵەکان و ئەو بۆنانەی لە گۆشتی بۆگەن کردووی زیندانیەکانەوە دەرهێنراون و وەزارەتی ئەو توتیانەی لە هەڵگری

بڕوانامەکان زیرەکترن و زۆری تر کە نازانرێ کێن. چونکە بۆخۆشی ئەو هەموو منداڵانە ناناسێتەوە).

دوور لەوەی هەیە و رویداوە و روودەدات، دوای میر دەکەوم و هەوڵ دەدەم تەنها قسە لەبارەی خۆیەوە بکەم، نەوەک ژنە مارە نەکراوەکانی و منداڵە چڵێسەکانی و خەونی کەنیزەکە خەواڵوەکانی و ئەو پاسەوانانەی بەبێ شەڕ وشۆڕ وەک گوڵ سیس دەبن.

ئەو لەو ژوورە لەیەکچوانەیدا دادەنیشێت، وەک تەنها شوێنی رازاوەی بێ بە وێنە لەبن نەهاتووەکانیوبەشێوەکی سەیر رێك خراون" لەلایەکی ژوورەکەدا مێزێکی ئاڵتونی هەیە کە بەوێنە و زەخرەفەی ئەو ئاژەڵانە نەخشێنراوە لە ئەفسانە و هەڵکۆڵراوی سەر بەردە کۆنەکاندا ماونەتەوە، مێزەکە بە توێژاڵێکی تەنك لە خۆڵێکی مسین داپۆشراوە و لەسەری تۆپێکی رەنگا و رەنگ هەیە کە رەنگدانەوەی ئەستێرە وێڵەکەمانە بە وردترین گۆڕانکاریە جیۆلۆجیەکانیەوە و کۆمەڵێك کاغەزی جۆرا و جۆر لەسەر مێزەکە بڵاوکراونەتەوە کە ئیمزای جۆرا و جۆریان هەڵگرتووە و بریتین لە راپۆرتی رۆژانەی بەرزکراوە کە ناوەڕۆکەکانیان بە وردەکاریەکی بێزارکەرەوە ئەوەی رۆژانە روودەدات، ئاشکرا دەکەن. هەر لە زیاد بوونی ژمارەی درەختەکان و بنجە گیایەك بۆ رێگا تازە دۆزراوەکان و لە دایك بوونی رۆژانەی مناڵان بە دیاری کردنی رەگەزیانەوە.. باس کردنێکی وردی گۆڕانە وەرزیەکان و هەموو ئەو شتانەی لە وڵاتدا روودەدات. بەڵام ئەم راپۆرتانە پاش هیلاك بوونی میر، لە رۆیشتن و بینینی شتەکان لە نزیکەوەو گۆڕانی بۆ بونەوەرێکی بیستەر، سەریان هەڵدا. لە نزیك مێزە ئاڵتونیەکەوە، میر بە هەموو قورسایی خۆیەوە لەسەر کورسییەکی شوشەیی دانیشتبوو، ئەو کورسیە رەنگی بە پێی بارە دەروونیەکانی میر دەگۆڕا" لە تورەییدا رەنگی شینێکی دۆزەخی دەبێت و لە خۆشیدا وەنەوشەیی و لە دڵەڕاوکێشدا بەڕەنگی زەردێکی تێر دەردەکەوێت،



لەگەڵ وروژانی ئارەزووەکانیدا بەرەو سوور دەگۆڕێت کە بە ئاڵۆزترین رەنگ دادەنرێت بە هۆی دابەش بوونە زۆرەکانی رەنگی سوورەوە لە رەنگی سووری کاڵەوە بۆ تێر ئەویش بە هۆی توندی ئارەزووەکانی می. لە تەنیشت میرەوە لەسەر مێزێکی تەختەی بچوك، کە نەخشەکانی بە وردەکاریەکی زۆرەوە هەڵکەندرابوو، پیاڵەیەك چا بەجێهێڵراوە کە لەوە ناچێت هەرگیز بردبێتی بۆ دەمی، هەرلەوێدا زارێك و دەستێك دۆمینۆ هەیە کە پولەکانی لە ئەڵماس دروستکراوە بێئەوەی لە پشتەکەیەوە خاڵە هەڵکەندراوەکانی هەر پۆلێك، جگە لە بەیاز، بەدەر بکەوێت. زارەکەش لە ددانی زیندانیەك تاشرابوو کە پێش سوتاندنی یاخود کەوڵکردنی بە زیندوێتی و بەبێ سڕکردن، هەڵیان کێشابێت. لەبەردەم میردا، مافورێکی پڕ لە رەنگی گەش و تێر راخراوە کە لەکاتی بێخەویە کوشندەکەیدا، حیکایەتی سەرسوڕهێنەری پێ دەگێڕێتەوە، ئەویش لە رێگای دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان نەخش ورەنگی مافورەکەدا پاش ئەوەی مانای جیاوازیان دەداتێ.

هەر لایەك لە دیواری ژوورەکە، پاش سەیرکردن و رامان بە قوڵاییدا، وەرزێك لە وەرزەکانی ساڵ نیشان دەدات بە هەموو جوانی و تایبەتمەندیـیە دڵڕەقەکانیەوە. بە گۆشە و زەوی ژورەکەشدا و لەسەر مێز و کورسیەکان، وێنەکانی خۆی هەر لە منداڵیەوە تا ئەو وێنانەی لە داهاتوودا دەیان گرێت، بێ هیچ گوێ پێدانێك دانراون.

ئەفسونی ژوورەکە، گێڕەرەوە سەراسیمە دەکات و لە یادی دەباتەوە لە بارەی پەڕی نوسین و کاتژمێرە لمیەکەی و پەیکەرە کانزاییە جۆرا و جۆرەکان و سەرە بەڕم کراوەکان و کتێبخانە زیندووەکەیەوە قسە بکات کە بریتیـیە لە کەسانێك کە کتێبەکان لەبەر دەکەن. یاخود باسی ئەو شتانە بکات کە لە ئێستادا بەکارهێنان و گرنگیان بەسەر چووە. باسی جل و بەرگەکانی بکات کە لە شەونمی بە کانزا کراو چنراون.

میر دانیشتبوو.. لە دەستی راستیدا گۆچانێکی کریستاڵی هەبوو، دەستی چەپیشی خستبووە ژێر چەناگەی و کڵاوێکی خڕیشی لەسەردابوو کە لەرووی پێشەوەیدا هەڵۆیەکی ئاڵتونی یاخود ئاگرین هەبوو. میر لەوێدا سیمای بە سیمای میری ناو حیکایەتە خوێناویەکان یاخود سەرۆکێکی پڕ لە خەونی ترسناکی پاش کودەتا سەربازیەکان دەچوو.

میر دوورتر لەوەی لە شانشینەکەیدا روودەدات، رۆشت و بە قوڵی لە قاوەگرەوەکەی بەردەمی دەڕوانی. لەبەردەم میردا و لەسەر گران بەهاترین مافور کە لە پرچی ئەو زیندانیانە چنرابوو کە بە درێژکردنی قژ حوکم درابوون، قاوە گرەوەکە دانیشتبوو. لە بەردەمیدا سینیەکی زەرد هەبوو کە سەیرترین حیکایەتەکانی عەشقی لەسەر هەڵکەندرابوو، فنجانێك و جەزوەیەکی لەسەر بوو. قاوەگرەوەکە ناوچەوانی بە پارچە ئاوریشمێکی رەنگا و رەنگ بەستبوو تا ئارەزووەکانی میر خامۆش نەبن و لێگەڕابوو پرچە قەترانیەکەی بە شێوەیەك بەسەر شانەکانیدا پەخش بن کە لەگەڵ دانیشتنەکەیدا بگونجێت. جوتێك گوارەی ئاڵتونی لە گوێیدا و ملوانکەیەکی مووروی رەنگا و رەنگیشی لە ملدا بوو کە هەر رەنگێکی وەك دەرمان بۆ لابردنی نەخۆشیەك یاخود دەردێکی دەروونی دیاری کراو و بێچارە بەکار دەهێنرێت. جلە پرشنگدارەکانیشی لەگەڵ کەوتنی تیشکی ناو ژوورەکە لەسەری، دەبریسکانەوە.

قاوە گرەوەکە چوار مشقی لەبەردەمی میردا دانیشتبوو سەیری فنجانەکەی دەکرد کەلەسەر سینیەکە بەجێهێڵرابوو. پاش دڵنیا بوونی میر لەوەی هەموو شتێك رەوگەی دیاریکراوی خۆی وەرگرتووە و فەرمانەکانیش خۆیان کاردەکەن، هەر لە دروستکردنی فەرمانی نوێوە تا بڵاوکردنەوەی بە شوێنە لەبیرکراو و لەبیرنەکراوەکانی وڵاتدا. میر ئەوکاتە چووە ناو تاریکترین گۆشەگیریەوە و لە چاو ون بوو، ئەو گۆشەگیریەی دەسەڵاتە فراوان



خوازیەکەی پێی بەخشیبوو کە وەك درەختێکی تاقانە لەم زەویە چۆڵ و وشکە شەقار بووەی ناو دڵنیاییدا رواندی بێئەوەی کەسێك زاتی پرسیارکردنی هەبێت لێی، تەنانەت ئەگەر لە دەروونی خۆشیابێت. چونکە دەزانن راڕەوە نهێنیەکانی چاودێری میر بە هەموو شوێن و نا شوێنێکدا بڵاوبۆتەوە تا دەگاتە ناو ئەمانیش. پاش دابەشکردنی کارەکانی بە دڵڕەقیەکی لە رادەبەدەرەوە، وێنەیەکی خۆی کە پێیان دەوت(چاوە بەئاگاکانی میر) لە هەموو ژوورە رەسمی و تایبەتیەکانی شەقام و چوارڕیان و دوکانەکاندا، دانا تا سەرپەرشتی پەرستەرەکانی بکات(ئەمە بە خەڵکی مەملەکەتەکەی دەوترا کە رۆحە ناسك و پاکەکانیان، سەرسەختە تاریکەکانیان و تۆخە شەڕانگێزەکانیان پێبەخشیبوو تا بە ئارەزووی خۆی، ئەوەی دەیەوێت پێیان بکات). پاشان کۆمەڵێك کەسی لەبەرخۆی گرتەوە تا لە بۆنە و کەناڵەکانی راگەیاندنەکانەوە دەرکەون و بۆشایی میر پڕبکەنەوە. لەدوای ئەوانە بڕیاریدا بەخۆیدا رۆچێت و سەفەر بە رابردووی خوێناوی و ژیانی نەگۆڕی وڵاتدا بکات تا ئازاری تەنیاییەکەی خامۆش بکات و لەم سەفەرە بازنەییەدا کە رەهەندەکانی زەمەن تێکەڵ دەبێت و بە(سەفەری نەخۆشانی دەسەڵات) ناو دەبرێت، بە دوای گەنجینەکانی ئەو داهاتووەدا بگەڕێت کە تا ئەوپەڕی خوێن رشتن و وێرانەی چۆڵ و سامناکی دەبات.

سەیری قاوەگرەوەکەی دەکرد کە تەنیا کەس بوو دەیتوانی بێ ترس بە تەنیایی میردا بڕوات، بە دەنگێکی کەمێك بەرز وتی:

– بەردەوام بە..

قاوەگرەوەکە وەك ئەوەی چاوەڕوانی ئەم فەرمانەبێت بەوەی دەیزانی تەنها قسە دەتوانێت ئەم ئازارە کوشندەیەی میر ببەزێنێت، وتی:

–گەورەم حیکایەتێك نەما چەندین جار نەیگێڕمەوە بۆت، من لە دەریایەکی بێبنی حیکایەتی نە گێڕدراوەدا رۆدەچم بێئەوەی سەرەتا و کۆتاییەکەی

بزانم، بەڵام تەنها شتێك دەیزانم ئەوەیە كە من لەهەر كوێیەكەوە دەست پێبكەم جارێكی تر ناگەڕێمەوە سەری. لەم پەرش بوونی گێڕانەوە و وون بوونە چێژاویەدا زۆر حیكایەت دووبارە دەبنەوە و زۆری تریشم لێ بزر دەبێت، جگە لەو حیكایەتەی خۆی خۆی دەگێڕێتەوە. گەورەم لە رابردوودا بە چیرۆكەكانی((هەزار و یەك شەوە)) دا گەڕاین و بۆ چارەنوسی پێشوەخت بڕیار دراوی پاڵەوانەكانی نیگەران بووین، بە گەڕەك و كۆڵانی شارە كۆنەكاندا رۆیشتین و زۆر پاشا و كۆشكمان بینی كە بەرزتر بوون لە فڕینی هەڵۆكان لەگەڵ كەسەكانی((هەزار ئەفسانە)) و ((چل توتی))دا گریاین بێئەوەی بزانین كە نوسین تا ئەبەد لە پشت دێڕەكانەوە زیندانی كردن و ئەوانیش بێتوانان لە گۆڕین و دەرچوون لەو چارەنوسەی بۆیان كێشراوە.

من هەر كاتێك دەست بە گێڕانەوە دەكەم گومانێك دەمگرێت و لە خۆم دەپرسم: بڵێی ئێمە یەكێك نەبین لە پاڵەوانانی ئەو حیكایەتە كۆنانەی زەمەن كتێبەكانی سڕییەوە و بەجێی هێشتین و ئێمەش بێپەروا هەوڵ دەدەین بە نوسیدان بپەڕێینەوە" یاخود ئێمە حیكایەتێكی نوێین و لەو شوێنەوە دەست پێدەكەین كە ئەوان پێی گەیشتن و بەجێیان هێشت. بەڵام گەورەم ئێمە چارەنوسەكان ئازاد دەكەین و پاڵەوانەكانمان نەمر دەكەین چونكە فنجانەكە رووداوەكان دوور لەیادەوەرییەكی ئاخنرا و بە ئایدۆلۆجیا و كینە دەچنێت و منیش هیچ نیم جگە لە خوێنەری ئاماژەكان.

—ئەی نوسەرەكەی..؟

— ئەو، وێنەی چارەنوسەكان ناكێشێت بەڵكو لە رێگای ئەوەی من دەیخوێنمەوە، چارەنوسەكان دەدۆزێتەوە.

—كەواتە ئێمە سزا دراوین كە تا ئەبەد لەناو كتێبی رزیودا بمێنینەوە؟

— نوسەرەكەش بە نوسینەوەی ئێمە سزادراوە هەر چۆن روبارەكان بە رۆیشتن و درەختەكان بە سەوزبوون و خۆریش بە هەڵهاتن و بوونیش بە



پانتاییەكی عەدەم.. ئەمەشە بە(( جوڵەی ژیان)) ناودەبرێت..بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێت، كەمێك قاوەی كردە ناو فنجانەكەوە و بەهەڵەوگێڕاوی داینا و وازی لێ هێنا، چاوی لە كورسیە شوشەییەكەی میر بڕی كە رەنگی بەرەو زەردێكی كاڵ دەگۆڕا. قاوەكە بەدیواری فنجانەكەدا وشك بووەوە. قاوەگرەوەكە بیری لەو چیرۆك و حیكایەتانە دەكردەوە كە بۆ چەندین جار دەیانگێڕێتەوە بێئەوەی میر توشی بێزاری بكات. فنجانەكەی سوڕاندەوە، لە خڵتەی قاوە ساردەوە بووەكە راما كە بە دیواری فنجانەكەدا نوسابوو. بە نازێكەوە كە ملكەچی تێدابوو، ووتی:

— گەورەم حەزدەكەیت گوێت لە بەسەرهاتی شاعیرەكە بێت تا بچینە ناو نهێنی وشەوە و دەست لە گەرمی ئازار بدەین؟

میر كەمێك باری دانیشتنەكەی چاككرد و وتی:

— تامەزرۆی بیستنی دەكەم..

* * *

## بەسەرهاتی ئەو شاعیرەی بە مردوویی دەویسترا

– گەورەم دەردە سەختەکەت کە تێگەشتنی ئاستەمە، کوشندەیە هەروەك گەڕانی شاعیرەکەمان بەدوای ئەو وشانەی کە گوزارشت لە تاریکیەکانی ناوەوەی دەکەن.

میر بۆ زانینی زیاتر لەبارەی شاعیرەکەوە بێزار بوو، کە دەردێکی سامناك هەردوکیانی کۆدەکردەوە. ناچار ویستی پرسیار بکات، بەڵام قاوەگرەوەکە بواری نەداو خۆی بەردەوام بوو.

–هەردوکتان تەنیان و بەدوای چارەنوسێکی رەش، بۆ کۆتاییەچاوەڕوان کراوەکانتان دەگەڕێن. ئەو لەڕێگای ئەو شتانەوە کە لەخەیاڵیدان تا لەنوسینی دواین شیعری بێتەوە، تۆش لەڕێگای سەیرترین یاساوە کە دەتگەیەنێتە درەوشاوەترین تەخت کە پادشا چڵێسەکان ناسیبێتیان. ئەوبەیانیەی دەگاتە یەکێك لەکۆشکەکانت کە لەگوڵاڵە سورە دەچێت و لەسەر



زەویە ڕەقەڵانەکان و لەناوجۆگەلەی فرمێسکدا دروست کراوە، تۆ لەباخچە هەڵواسراوەکانتدا بەڕەنگدانەوەکانی ژیانەوە مەستیت“ ئەو گوڵانە نا کەڕەگەکانیان دەگاتە بیرەنەوتەکان بەڵکو بۆنی ساردو رەنگی گەرمیان، ئەوە ئاوەش نا کە بە ئاخ و ئۆفی کەنیزەکەکان و ئەو خەونانە قورس بووە کە لەسەری گێڕدراوەتەوە. بەڵکو بەخوڕە خەواڵوەکەی. لەوێدا تۆ بەناو درەختە سەرکەشەکاندا پیاسە دەکەیت کەپڕن لەمیوەی کانزایی ناسك و ئەو باڵندە تەڕانەی بەفڕین ناچار نەکراون.. دەسوڕێتەوەو نەشئەی ئەو پرۆژانە دەڕژێتە دەمارەکانتەوە کەپڕن لەو سەربازانەی کوشتاریان ئەفسانەییانەیە. لەژێر سێبەرە شێدارەکاندا دەست بۆ ئەومیوانە درێژ دەکەیت لە ئاڵتون زیاتر دەبریسکێنەوە، تۆ بەو جل وبەرگانەتەوە پیاسە دەکەیت کە نەگوللە و نەچاوی پیس دەیبڕێت.

پاش ئەوەی شاعیرەکە دەگاتە لای تۆ، تۆ لەوپەڕی مەستی و خۆشیدای. گەورەم ئەو نەوێڵەو نە وون بویەکی جەنگە لەبیرنەکراوەکانتە بەڵکو.. بم بەخشە ناگەمە وردەکاری قسە.. ئەو بەڕێگایەکی درێژدا دەڕوات کە بەدەرگا پڕ لە قووببەکانی کۆشکت و باخچە هەڵواسراوەکانتدا تێدەپەڕێت. هەرئەمەش شەڕی نێوانتان هەڵدەگیرسێنێت.

میر پاش ئەوەی دەستی برد بۆ ناوچەوانی، قسەی بە قاوەگرەوەکە بڕی و وتی:

–من ئەو بەیانیە کەسی وام نەبینیوەو تۆش کەجاری تر ئەم چیرۆکەت گێڕاوەتەوە باسی ئەو شەڕەت نەکردووە.

بەدەم زرینگەی گوارەکانیەوە سەری بەسەر فنجانەکەدا شۆڕکردەوەو لێی راما.

–گەورەم، لەژیاندا کەمال نیەو هەردەم شتێك دەمێنێتەوە“ ئەگەرچی لەسەرو بینینیشەوە بێت.تا ئەو ناکامڵیە بەدەرخات. لێرەشەوە راڤەکان جیاواز دەبن

یاخود دەشێت خۆم بێتوانابم لەچنینی توندوتۆڵی روداو وحیکایەتەکاندا یاخود دەشێت ئەوان خۆیان هەرلەسەرەتاوە ناتەواوبن، دەشێت ئاماژەی فنجانەکەش بەجۆرێك راڤەبکەم کە جیاوازبێت لەجارەکانیتر.. ئەمەش حیکمەتی خوێندنەوەیە.

بە پەنجە قژی لاداو پاش قوڵبونەوەیەکی پڕ لە تەم ومژ بەوشتانەی دەیبینێت، بەردەوام بوو.

–لێرەدا کێشەکە گێڕانەوەو دیدگا دەیخولقێنێت، کە وەك ئەوە وایە لێیەوە لەژورێك یاخود شوێنێك بڕوانیت، تێیدا زەمەن هێڵێکی رێك نەبێت. هەرچۆن تۆ شتەکانت لە ڕابردوودا بینیوە و منیش لەداهاتووەوە دەیانهێنم. هەوڵئەدەم چیرۆکەکە بەشێوەیەك بگێڕمەوە کە بەدحاڵی بوونی لێ دوور بخەمەوە. دەبوو لەسەرەتاوە، پێش دەستکردن بەگێڕانەوەی حیکایەتەکە، پێت بڵێم کە فنجانەکە باس لەشاعیرێك دەکات کە هەموو ژیانی خۆی بۆ نوسینی شیعرێك بەسەردەبات و لەشیکردنەوە عەقڵیە کوشندەکان و سوێی چڵێسی و کێشەکانی خاوەنداریێتی هەڵدێت تا لە ناو کتێبەکاندا بەدوای ئەو وشانەدا بگەڕێت کە بۆشاییەکانی خەیاڵی پڕدەکەنەوە و بەناو واقیعێکی چێژداردا دوور دەیبەن. لەم شیعرەدا قسە لەدواین بەیانی تۆ دەکات و تۆش لەقافیەکانیدا هەڵچویت و لەوەزنەکانیشیدا وڕێناویت.

بێ ئەوەی میر بیەوێت، وەك ئەوەی قسەکانی لەبەربێت، وتی:

–کەواتە لەشیعرەکەیدا پێك گەیشتن.. بەڵام شیعرەکەی چی بوو؟

–نازانرێت شیعرەکەی چۆن دەبێت.

قاوەگرەوەکە پاش رامانێکی کورت لەفنجانە هێمنەکەی ناودەستی، لەچنینی وشە کەڵەکەبووەکانی ئەندێشەی میر بەردەوام بوو.

–گەورەم، ئەو دەیەوێت ئاوەکان بەوێنەی راماناوی بکێشێت، هەرچۆن دەیبینێت. بەزەمەنی رەسەن و نەگۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ودادپەروەری، دەست



پێدەکات تادەگاتە لێك هەڵوەشاندنی وڵات.. وردوخاش بوون و جەنگەکانی کە هەموو ئەو شتانەش لەتۆدا رەنگ دەداتەوە. تۆ لە چاوە هەنگوینیەکانیدا دەبیتە بەرجەستەکەری وڵات. شیعرەکەی بەزمانێك دەهۆنێتەوە کەڕەگی لەخەیاڵدایەو شتەکان پیسیان نەکردووە، سەرواکانی لەزیوەو کێشەکانی لە مسی نەخشێنراوە. لەم شیعرە تەواو نەکراوەیدا، وێنەی ئەو کرمانە دەکێشێت کە لەشت دەکرۆژن، ئەمەش کەرت بوونی وڵاتە بۆچەند پارچەیەك، باسی هەڵکۆڵینی چاوت دەکات لەلایەن هەڵۆ لەنگەرگرتوەکانی ناوچەوانتەوە کەئەمەش مانای نەمانی ئاسۆکانی داهاتووە، بۆگەن کردنی قاچەکانیشت بریتیە لەداخرانی رێگاکانی پێشکەوتن، دەستەئیفلیجە کانیشت هێمان بۆ بڵاو بوونەوەی بێکاری تا ئەوپەڕی سنورە دژوارەکانی.. ئەو لەشیعرەکەیدا باسی چیا مین رێژکراوەکان و سەنگینی عاشقە گریاوو کوژراوەکان دەکات.

رەنگی کورسیە شوشەییەکەی میر بەرەوسپیەکی شیری گۆڕا، قاوەگرەوەکە زانی ترس بەمیردا بڵاو بۆتەوە. لە وەڵامی پرسیاری میردا کەدەڵێت: ئەو شاعیرە باسی مردنی منی دەکرد؟ قاوەگرەوەکە بەدەنگێك کەوتە قسە وەك لە زاریەوە پەڕەسێلکەی لێ بتکێت.

–گەورەم، ئەم گرفتە لەخوێندنەوەی شیعرەکەی و دابڕانی وشەکانی لەمانا فەرهەنگیەکانیان بەدەردەکەوێت. ئەو دەیەوێت لەبارەی وڵاتەکەوە قسەبکات کەئەتککراوەو ریشەکێشکراوە لە ئازادی، لەجەنگی درێژخایەن، ئابوورییەکی لە بیردۆز هەڵهاتوو، بەڕۆژی نیوەڕۆ کارگە سەربڕاوەکانیت نیشان دەدات، پارەپەرش و بڵاوەکانی جەژن و ئاهەنگەکان کە ئارەزوە سێکسیەکان دەگێڕن، لەبارەی راگواستنی زۆرەملێو مردنی زەویە کشتوکاڵیەکان و زیادبوونی خەرجی کۆشکە تەلاییە کراوەکان کەداهاتی نەوت ناتوانێت قەرەبوی کورت هێنانەکانیبوودجەی وڵات بکات بە هۆیانەوە.. تا دەگاتە پەیکەرە گەورەکانی کەسایەتیە جیاجیاکانت کە لە گۆڕەپانی شارو لەبەردەم

فەرمانگاکاندا دانراون و کانزا خۆماڵیەکان بەشی تەواو کردنیان ناکات، بورجەکان و شمشێرە رۆپۆشەکان کە دەرگاو پەنجەرەی ماڵانی بۆ دەردەهێنرێت تا هەڵچوون و تیژێتیان بەردەوام بێت. لەبارەی خوێن و سۆزانیەکانەوە دەدوێت، ئەو سۆزانیانەی بەرەو ئەو وڵاتانە نێردراون کەدەکەونە ناوچە سەیرودورەکانەوە" هەر لە دارستانەکانی ئیستیواوە بۆ چیا بەفراویەکان. لەبارەی پاشەڕۆکی چەکی بایلۆجی کە خاوەن وێرانکارییەکی سەرتاسەرین.. گەورەم ئەو دەیەوێت لەبارەی هەموو شتێکەوە بنوسێت، ئەویش لەڕێگای تۆوە.

میر لەناو ئەو وێنە قێزەونانەدا کە خەیاڵ هەراسان دەکەن هەستی بەتێك چوون کردو توانای بەسەر جوڵاندنی دەستیدا نەشکا، هەستیکرد هەناسەی بەهۆی ئەو جاڵجاڵۆکەو قرژاڵانەوە قورس بووە کە لەسنگیەوە دێنە دەرەوە. ناچار کەمێك راست بووەوە تا تێکچوونەکەی بشارێتەوەو قاوەگرەوەکەش بیر لەومێروانە نەکاتەوە کە لە ئەندامە چەندین جار بڕاوو گۆڕاوەکانیەوە دێنە دەرەوە. میر وتی:

–حەزدەکەم بزانم چی بەسەر شاعیرەکە هات؟

–وەك وتم بەشێوەیەك ڕێگاکانتان یەکتر دەبڕن کە لەخاڵێکی دیاری کراودا تێکەڵ دەبن.. ئەو ڕێگاکەی بەکۆشکە هەمیشە بریسکاوەکانتا تێدەپەڕێت وتۆش لەشیعرە پڕجۆش و خرۆشەکەیدا وەك گەندێك پلیشێنراویتەتەوە. ئالێرەدایە چارەنوستان یەکتردەبڕێت، ئەو لە شیعرەکەی تەواو نابێت کاتێك لەوبەیانیەداو لە شیعرەکەیەوە دەگاتە لای تۆ کەدواین بەیانی تۆیە لەلای ئەو و بەجوانی باخچە خەولێخەرەکەتەوە سەراسیمەیت. گەورەم چۆن ئەوساتانە بەوەسفی شۆستە و دەرگاو پاسەوان و باخچەکەوە لەدێڕێکی درێژدا بۆبگێڕمەوە، کاتێك بۆی دەردەپەڕن و دەیگرن؟ بەئامرازی تیژ و برینارکەر لێی دەدەن.. خوێ بە گۆشتە گوراوەکەیەوە دەکەن، پاشان قەدی



سنەوبەرێك لە دواوەیدا جێدەهێڵن کەبەردەوام گەورە دەبێت و بە هەناویدا پەلوپۆ دەهاوێت. تائێستاش ئاخ و ئۆف و قیژەی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە. بەڵام تۆ.. ئاخ گەورەم تۆ لە بۆنی ئەو گوڵە سورانەدا تواویتەتەوە کە هەر بەو پەڵەخوێنە رژاوە دەچێت کە لە ژێر سەری بە رماکراوی شاعیرەکەدا مەییوە. گەورەم تۆ لە دێڕەکانی پێشەوەی شیعرەکەیدا مەستانە تواویتەتەوە.

میر سەری بە پشتاخستو وتی:

–بەڵام من پێم نەوتن سەری هەڵکێشن؟

–گەورەم فەرمانەکان بۆ خۆیان کاردەکەن.. تۆ دەتوانیت سەیری ئەو لەشکرە لە شاعیری چاوەڕوانکەر بکەیت کە لەبەر دەرگای کۆشك و لەسەر خوانە هەمیشە رازاوەکانتدان.. ئەوانەی لە گەشتو راوی ژیژك و کۆبونەوەی سەربازەکانتدا سەرقاڵی ریزکردنی وشە و هەڵکۆڵینی سەرواو گونجاندنی وەزنەکانن.. ئەگینا بەدەر لەمان فەرمانەکان خۆیان کاردەکەن بۆ پەڕاندنی سەرو خۆش کردنی پێستی ئەوانەی خەو بەڕۆژێکی باشترەوە دەبینن.

میر چاوی بڕیبووە فنجانەکەو دڵۆپەئارەقەکانی ناوچەوانی دەسڕی، وتی:

–ئایا بەشداری لە کودێتا گەورەکەدا نەکردووە و بەو هۆیەوە کوشبێتیان؟

قاوەگرەوەکە نیگاکانی قورس دیاربوون، کاتێك کە سەری بەرزکردەوە تا وەڵامی میر بداتەوە:

–گەورەم ناونانەکانی(کوشتن) گرنگ نیيە چونکە ئەو ناوانە لە کلێشە ئایدۆلۆجیيەکانی دەسەڵاتە بێ رەهەندەکان و ترسێکی شاراوەوە دێن. تۆ بەسەرهاتی ئەو سەرۆکەت لەیادە کە لە ناوچە سەهۆڵبەندانەکاندا بێ شومار خێزانی هانابەری بەناوی(خیانەت لە گەلی سور)ەوەی هاڕی؟ هەموویانی تەفروتونا کرد و کوشتنی. دەڵێن ئەو لە ژێر پێچکەی پۆڵایینی کاری سەختدا کوشتنی و درێژترین هێڵی شەمەندەفەری پێ راکێشان کە مێژوو بۆ یەکەم جار لەو ناوچە دوور و چۆڵانەدا بینیویەتی کە تەنها بەفر

نیشتەجێیەتی. بەڵام ئێستا هێندەی ئەو گۆڕانەی ئەو سەرکردەیە هەڵیکەند و ئەو لاشانەی تێدا توانەوە، گوێت لە نەفرەت و جنێو دەبێت کە بەو دێڕە دەدرێت. ئەمەش حیکمەتی رۆژگارە.

قاوەگرەوەکە چەند جارێك فنجانەکەی لە دەستیدا سوڕاندەوە و لێی راما.

—لێرەدا لەناو چنگ و کەڵبەی حیکایەتێکدا بەجێت ناهێڵم کە هەرگیز تەواو نابێت بەڵکو دەڕۆین تا دەگەینە بەسەرهاتی ئەو شارەی لە چاوتروکانێدا فەنا دەبێت.

—زۆر ئارەزووی دەکەم و حەزدەکەم بەدرێژی لە بارەیەوە بدوێیت!

* * *



هێمنی ژوورەکە ئەو رێگا وشکەڵانە بوو کە میر لێیەوە بەرەو سەختترین سەفەرەکانی دەڕۆیشت، بەرەو ناوەوەی کە بە پاسەوانەکانی شعور داخرابوو، لەم وشکەڵانی قسەیەدا قاوەگرەوەکە لە فنجانەکەی راما تا لە رێگای ئاڵۆزترین خوێندنەوەوە، کە ئاماژەکان بینیویانە، بگاتە سەرەتای رووداوێکی تر. بەخۆی وت:

—شۆڕبونەوە بە خوێندا گەشتنە بە زەوت کردن و ئەتك کردن!

لە نزیکیەوە میر کەوتبووە ناو نەستی مێژووە سورەکەیەوە کە بە نەعرەتەی سوارەکان و چەخماخەی شمشێرەکان، هاواری سەربازە چەتونەکانی و شریخەی تۆپەکانی و وێرانەیەکی ناکۆتادا درێژ دەبووەوە. لەوێدا ئەو لەناو ئەو وێنە زۆرانەدا کە یادەوەریە بازنەییەکەی دەیانهێنێتەوە، بەرەو ئەوپەڕی لەزەتی خوێن رۆشت کە ئەو رێگایەش بەناو(ناوە گشت گیرکراوەکان)دا دەڕوات، ئەو ناوانەی پاساوی کوشتنوبڕۆ دەهێننەوە“ هەر لە سیخورەوە بۆ گێرە شێوێن تا دەگاتە بەکرێگیراو و خیانەتکار. لەزەتێکی سوور کە لە مەتارێز و بەرە درەوشاوەکان بە جەنگ و قوزی خوێناوی ئەو مێینانەی هێشتا نەگەیشتونەتە تەمەنی بێنوێژی، سەری بە نێزە کراوو ئەو بڵقە پێستیانەوە دەچۆڕێت کە لە ژێر زەبری ئەشکەنجەدا دەتەقن. لەو قوڵیە پڕ چێژەدا دەرگای دەسەڵاتە رەهاکان دەبینێت کە سنور و زەمانی جوگرافیای ئاشنا پێمان دەبڕێت و وشەکانی ئازادی دەبنە درەختێکی وشك یاخود گوڵێکی سیس کە لە جەستەیدا لانەی پیلان سەوز دەبێت، هەربۆیە

لەو رووبەرانەدا زەوی‌یەکی بۆ ئازادی و ئاسمانێکی بۆ خەونی تاک بەجێنەدەهێشت.

بەردەوام میر بەو زۆنگاوە نەستیە سورەدا، دوور لە خۆی و لە ئارەزووە هەڵئاوساوەکانی رۆدەچوو، تا قاوەگرەوەکە بە هێمنی سەری هەڵبڕی و لە چاویدا هەمان رستەی پێشووی دەوتەوە کە بریتی بوو لە(شۆڕبونەوە بە خوێندا گەشتنە بە زەوت کردن و ئەتك کردن) وتی:

—گەورەم بۆئەوەی فریودانەکانی لەزەت نەمانبات و لە بیابانی گێرانەوەدا بەجێ نەمێنین کە خوێنی لێهەڵدەقوڵێت، دەتبەمە ناو کێڵگەی گوڵەداڕوە درەختیەکان و ئەو منداڵانەی بەسەر تەمەنیاندا پیر دەبن و بە ئەفسانە کراوەکان.. لە کاتێکدا حیکایەتێك کڵۆم دەدەین.. دوام کەوە تاپێکەوە بچینە ناو هەڵهاتنی چیرۆکێکی ترەوە...

*        *        *



## بەسەرهاتی ئەو شارەی لەچاو تروکانێکدا فەنا دەبێت

—گەورەم، ئێستا باسی شارێکت بۆ دەکەم کە دەکەوێتە یەکێك لە ناوچە خوێناویەکانی فەرمانڕەوایەتیەوە و لە رەهێڵەی گریاندا مەلە دەکات، بێ ئەوەی گوێ بە گرناڵی مردن بدات.. هانا بۆ نەبینراوەکان دەبات تا بەسەر(لەناوچوون)دا زاڵ بێت.. دەتبەمە ئەو شارەی لەناونانەکانی خیانەتدا دەوڵەمەندە.

قاوەگرەوەکە دەیزانی میر لە دەفرێك دەچێت کە هەرگیز لێشاوی رستەکانی، پڕی نەکەن، ناچار بەردەوام بوو:

—هەر ئەو بەیانیە کە هێشتا خوێنی شاعیرەکە نەمەییوە و گیزەی ئەو مێشانە دێت بەسەریەوەن، هەواڵی یاخی بوونی ئەو شارەت پێ دەگات.. ئەگەر جوان وردبیتەوە ئەوا دەبینیت ئەو شارە کەوتۆتە ناوچەی کانیاوە بلورینەکان و بە دەوریدا لەلای باکور و رۆژهەلاتیەوە ریزە شاخێك هەیە کە لوتکەکانیان بە بەفرێکی هەرگیز نەتواوە، پیرە. ئەوەی ئەم ناوچەیە لە ناوچەکانی تر جیادەکاتەوە جوانیە ئەفسانەییەکەی نیە بەڵکو بێ توانایی سوپایە لە دەست بەسەراگرتنیدا بە درێژایی مێژوو. ئەگەرچی هەردەم داگیرکراوە.

بۆچوونە ئەو شارەوە کلیلێك هەیە کە دەشێت خیانەت ئەو کلیلە بێت هەر چۆن من دەیبینم. هەرکاتێکیش سوپا دەگاتە شارەکە ئەوا جگە لە وێرانی و زەوی‌یەکی سوتماك هیچی تر نابینێت. بە واتا شارەکە خۆی ئاشکرا ناکات هەرچەندە لەوەتەی تووشی تێك شکان بووە، پڕە لە ئۆردوگای خەساندن و سەربازگا لوت بەرزەکان و قەڵا بێ‌دەرگاکان.

لەگەڵ ئەوەی وەسف زۆری لە قسە برد، قاوەگرەوەکە وەستا، تا لە فنجانەکەدا سەیری دیمەنی ئەو شارە تەڕە، بە خۆیی و زەویە پڕ لە نشێوی و بەردەڵانەکەیەوە بکات.

—گەورەم لە خۆرئاوایەوە دەشتێکی جوانی پڕ لە کێڵگەی درەوشاوە و رووەکی هەمیشە سەوز درێژبۆتەوە، لەو زەوی‌یە فراوانانەدا کە دەنگی خوا لە قڵیش و درزەکانیەوە دێت، بیرە نەوتەکان بڵاو دەبنەوە کە ناوچەکەیان پڕکردووە لەو دۆزەرەوانەی بەدوای سەرچڵیدا دەگەڕێن کە پێشتر هیچ مرۆڤێك نەیبینیبێت و ئەو گەڕیدانەی لە کاغەز و نامە رەسمیەکانیاندا وشەی((کەللە رەق)) نوسراوە. ئەگەر لە باکوریەوە بەرەو قوڵاییە قەوزەییەکانی رۆیشتبیت ئەوا بەر ئەو شاخە تیژانە دەکەویت کە رێگایەکی پێدا نەرۆیشتووە و رێگایەکی تێدا نەکراوەتەوە. گەورەم لەوێدا زۆر سوپا ون بوون و بوونە کلس، لەم وڵاتەدا پاشماوەی زۆر شاری مردووو پیر دەبینیت کە هێشتا ئاتەشگاکانیان بە گڕە و بۆنی دووکەڵیان لە وێنەی هەڵکەندراوی سەر بەرد و دیواری ئەشکەوتەکانەوە دەکەیت، لە گۆڕە لەبیر کراوەکانیشیانەوە کانزا گران بەهاکان هەڵدەقوڵێت، هەر چۆن دەسنوسی گەڕیدە و میراتی شیعرەکانیان باسی دەکات. لەوێدا رووباری تەریب هەن کە بەرەو باشور دەڕۆن بێئەوەی بواری گەرانەوەت بەرەو باکور یاخود سەرچاوەکانیان بدەن. دەڵێن ئەم شارە پڕە لە نهێنی و تەلیسمی جادوگەر و نوشتە، لەژێر کەلاوەی شارەکانیدا گەنجی سلێمان شاردراوەتەوە و



پاشماوەی کۆنترین کەشتی سەردەمەکانی پێش نوسین و تۆمار کردن، لەسەر لوتکەکانی لەنگەر دەگرێت. گەیشتنت بەم وڵاتە، گەیشتنە بە نهێنی نهێنیەکان و گەنجەکان، بەڵام گەورەم رێگاکەی زۆر ئاستەمە و لەبەردەم هەر سەرۆکێکدا، کە بیری لێ کردبێتەوە شێرێکی دڕ راکشاوە کە ئەمەش هێمای مردنە لە فنجانی بابلیەکاندا، گەورەم پێش سەفەرکردنت بۆی، دەبێت دڵنیا بیت لەوەی کە کلیلی نهێنیەکانت پێیە.

پاش ئەوەی میر دەستی لەسەر شمشێرە زومرودەکەی دانا، وتی:

—بەڵام لەوە ناچێ من هەرگیز فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە بوبم کە بە دێو و درنج نیشتە جێیە و لە ئاو و هەوا سەخت و درەختەکانیدا بەرجەستە دەبن.

—هەروەك پێشتر پێم وتویت، تۆ لەو ناوچە گەرمانەدایت کە بە رووداوی رەش دەکوڵێت و بونەوەرەکانی لەسەرو بینینەوەیە. شەڕە خوێناوی‌یەکانی تا پشت تەمەنی پادشاکان، بەردەوام دەبێت. ئەوێ شوێنی تێکەڵ بوونی میر و تێکڕژانی ئیمپراتۆرەکانە، بێ ئەوەی بزانن ئەوێ ناوچەی مرۆ گەلێکە کە لە باری گۆڕان و گەشەکردن دەرچوون، شوێنی ئەو نەخۆشیانەیە کە ئەندامەکانی لەش دەخۆن و ئەو پەتایانەی توشی ئەندامی زاوزێ دەبن.

میر لەژێر مێزە ئاڵتونیەکەیدا نەخشەیەکی چەرمی لول کراوی دەرهێنا و لەبەردەمیدا پاش ئەوەی خۆڵە نیشتوەکەی سەری تەکاند، رایخست و وتی:

—دەتوانی لەسەر ئەم نەخشەیە شوێنەکەیم نیشان بدەیت!

پاش کەمێك بێدەنگ بوون، قاوەگرەوەکە پەنجەی بەرەو نەخشەکە درێژکرد و وتی:

—گەورەم ئەم ناوچە رەنگا و رەنگەیە کە بەڕەنگی سەوز و ژەنگی دیاری کراوە، واتا ئەگەر تۆ لێرەدابیت(پەنجەی گواستەوە بۆ شوێنێکی تر) ئەوا ئەو دەکەوێتەوە باکورەوە بە دووری چەند شەوێك لە رێ رۆیشتنی کاروانەکانی

هەڵمات و میسك و بەهارات و ئەو پیاوانەی بەدوای بەتامترین قوزدا دەگەڕێن تا تێیدا بپرخێنن.

شادی، لە ناوەوەی میردا قوڵپی دەدا و کورسیەکەشی بووبووە وەنەوشەیی کاتێك وتی:

–بەڵام لە جارەکانی پێشوودا ناوچەکە هێندەی ئێستا نەدەبوو!؟

قاوەگرەوەکە بێ زۆر لە خۆکردن سەری بەرەو میر بەرز کردەوە کە لە دەریاچەیەکی پڕ لە ماسی ئاوریشمی و قەوزەی شوشەییدا نغرۆ بوو کە حیکایەتەکان لە پەنهانیە نەخوێندراوەکانیانەوە فرێی دەدەن.

–گەورەم ئەمە کێشەی ئەو نەخشانەیە کە بە پێی ئارەزووە فراوانخوازیەکانمان دانراون و هەر ئەوانیش دروستی دەکەن و لەو نەخشانەشەوە توانای کۆیلە کردن و مانەوەمان لە ژیاندا رەنگ دەداتەوە. دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە ئێمە بونەوەری خاوەنداریێتین، هەربۆیە هەموو جارێك ناوچەکە فراوان دەردەکەوێت. بەڵام ئێستا بەهۆی ئامێری جوغرافیاناسەکانەوە کە لەسەر خەرمانەی تەخت دانیشتون، هەموو ئەم ناوچانەیە لەسەر زەوی( جارێکی تر دەستی بە شێوەیەکی هێلکەیی لەسەر نەخشەکە جولاند تاماوەی دەسەڵاتی میر دیاری بکات).

–بڵێ ئەو شارە چی بەسەرهات!؟

–وەك فنجانەکە دەڵێت، هێشتا خوێنی شاعیرەکە وشك نەبۆتەوە کاتێك هەواڵی یاخی بوونی ئەوشارەت پێ دەگات، هەواڵی سوتاندنی وێنەو تاڵان کردنی گەنجینە پڕ لەزومرودو بەردە بەنرخەکانت و گۆی مەمکی کچە تازە مەمك کردوەکان و قیتکەی عاشقەکان و هەڵکەندنی قەڵا تینوەکانت کە بەزیندانە تیوارەکان کۆتاییان دێت، گۆڕی مردوە ون بوەکانیان هەڵدەدەنەوە کە هێشتا خەون دەبینن و..و.. گەورەم لەنێوان ترس و ئارەزوودا دەتسرێنەوە. ئەوەی لەوێ رودەدات قسە بێتوانایە لەگێڕانەوەیدا چونکە زۆر



لەخەیاڵ قورسترەو خەونیش ناوێرێت بەرجەستەی بکات، چونکە ئەو شارە لەناو ئاماژە نەخوێنراوەکانی رستە شێرپەنجەییەکاندایە.

میر لەگەڵ گۆڕانی رەنگی کورسیەکەی، لەوەنەوشەییەوە بۆشین، وەك ئەوەی شلەیەك لەناویدا هەڵقوڵێت، هەستی بەشەپۆلێکی پەلکەزێڕینەیی دەکرد کە لەتوڕەبونێکی شاردراوەوە دەهات، پاش ئەوەی دڕاندنی وێنەکانی و کاول کردنی زیندانەکانی خۆی بینی، توندقیژاندی.. بەڕادەیەك باڵندە ماڵیەکانی لەپەڕەسێلکەو قەلەڕەشکەو ئەو توتیانەی چەندین زمان دەزانن، زیقاندیان. شوشەی ژورەکانی، کەبە پەڵەی شەو پیس بوو بوون، شکان و کەل و پەلی ناوژورەکەی جولاند" هەرلەگوڵی فەرش و ئەندێشەیەوە تاپرچی قاوەگرەوەکە کە سیمای لەبەردەم هاوارە ئاگرینەکەی میردا وشك بوو، ئەو هاوارەی بەجۆرەها بۆنی خواردنە سیراوی و تیژەکان قورس کرابوو. لەگەڵ کەوتنی وشەکانی بۆ سەر زەوی و کەلوپەلی ژورەکە دەیوت: کواسوپا؟

قاوەگرەوەکە کەمێك وەستا تا خۆی کۆبکاتەوە، پاشان وتی:

–گەورەم ئەوەتا.. دەیبینیت لەهەڵکردندایە.. تۆ نابێت نیگەرانبیت. چونکە دوور لەهەموو کارەساتە سروشتیەکان، لەسەر سوپا پێویستە مشك و مار بخوات و لەسەرسزا بژی.. سوپا وەك رەشەبا هەڵدەکات.. لەئەسپێکی باڵدار دەچێت کە ناڵەکانی لەئاگرەو چاوەڕوانی سەوزبوونی تۆوی خیانەت دەکات، کەیاخی بوونەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە.. دوای ئەوە لەئاسمانەوە دادەبەزێت و بەسەر پێدەشتەکاندا دەخشێت. گەورەم گەردەتەوێت پرسیار لەبارەی چۆنیەتی دابەزینی سوپاوە بکەیت بەهەموو تفاقێکیەوە ئەوا وەڵامی ئەمە قورسە، ئەی ئەو کەسەی فەرمان رەوایی زەمەنە دورەکان دەکەیت و لەداهاتووە نەزانراوەکاندا مەلە دەکەیت، ئەمە لەنهێنیەکانی داهاتووە.. با لەوەسفی دوورو درێژی قسە بگەڕێن کە لەبارەی ئەو ئامێرە ئاسنینانەوەیە دەفڕێن و سوپاو تەقەمەنیەکان

فڕێ دەدەن.. با قسە بۆ داهاتوو بێت کە دەیگەینێ. گەورەم نامەوێت بگەمە وردەکاری زۆر لەقسەدا. بەڵکو پێت دەڵێم کە ئەوان شارەکە لەئاسمانەوە نوقمی نەفرەت و مردنی تاریك دەکەن کە حەکیمی نەخۆشیە ئەفسانەییەکان‌و ئەوانەش ئەندێشەی نەکردوە کەدڵڕەقترین و رەشترین ئەزمونی مردنیان چەشتووە، گەورەم ئیدی لەو شوێنەدا نەبنچکێك، نەچڵە گیایەك بەپێوە ناوەستێت و هیچ بونەوەرێکیش لەو بازنەی مردنە دەرباز نابێت.

میر بەخۆشیەوە، لەسەر کورسیە ئاویەکە خۆی راست کردەوە پاش دڵنیابوونی لەوەی کە خاوەنی سوپایەکە لەبۆقە مرۆییەکان، پێشبڕکێ لەگەڵ بادا دەکەن و مێژونوسەکان بەگەورەیی و دڵڕەقیان سەرسام دەبن، بەشادیەوە وتی:

—ئەی سوارەو رم هاوێژ دەبینیت..بڵێ ئەوانە چی دەکەن؟

—گەورەم زەمەنی ئەوانە بەسەرچووە.. با داهاتوو بێت ئەوسا سوپایەکت بەچەکە کوشندەکانی و سەربازە وێران کەرەکانیەوە نیشان دەدات کەبەزەوت کردن و کوشتن دەگەنە ئاسۆ خۆڵەمێشیەکان.

—شارەکە هەمووی مرد؟

—نازانم چۆن باسی ئەو رۆژەت بۆبکەم کەتێیدا داوادەکەن زەوی قوتیان بدات و ئاسمان هەڵیانلوشێت نەوەك ئاوا دوور لەفرمێسك، بەتەنیا بمرن. گەورەم گرانە لەو بەیانیە یاخود زەردەپەڕەدا مرۆڤێك گوێی لە کوژانەوەو توانەوەی دڵی ئەوانەی دەوری بێت.. کە لەدوای خۆیانەوە زەوی سوتماك و روباری ژەهر خواردو.. گۆڕی بەکۆمەڵ کە بە لاشەی رەش و سوتاو ئاخنراوەو ئەو ئێسقانانەی سەگی برسی یاریان پێدەکات، بەجێ بهێڵن. لەوێ درەختەکان تاڕادەی کڵپەکردن وشك دەبێ و هەناسەدانیش بەگازەکانی مردن، گازڕێژکراون.



قاوەگرەوەکە کاتێك لەگەرویدا گوێی لەدەنگی هاوار و پاڕانەوە بوو، وەستاو گوێی لەفنجانەکە راگرت و بیری لەگۆڕینی سەرەتای حیکایەتەکانی داهاتوو دەکردەوە تا ئەو کۆتاییانە دوورخاتەوە کەبەسامناکی مردن تەواو دەبێت. فنجانەکەی لەدەستیدا سوڕاندەوە، پاش دڵنیابوونی لەوەی کە قسەکانی تەواو بوون و هیچ شتێکی نوێش نیە بیڵێت کە لە گێڕانەوەکانی پێشتردا نەیوتبێت، وازی لەدۆزینەوەی شتی نوێ هێنا بۆجارێکیتر. پاش جێگیربوونی فنجانەکە لە هەستی پەژموردەیدا، وتی:

—ئێستا بەسەرهاتی ئافرەتە تیوارەکانت بۆ دەگێڕمەوە..

* * *

هەرجارێك قاوەگرەوەكە میر دەگەیەنێتە ئەم كۆتاییە، لەچاوە ساردەكانی قاوەگرەوەكە رادەمێنێت و دوور بەئەندێشەدا رۆدەچێت.. دەچێتە ناو رەنگی بریسكاوە و درەوشاوەی نەخشەكانەوە كە بەپێی ئارەزووەكانی دانراون و لەگەڵ سوپایەكی هیلاكدا بە ناوچە زەردەكانی نەخشەكاندا، كە لە چەند چینێكی لمی سورەوە بوو پێك هاتووە، دەپەڕێتەوەو دوای سەرابە بكوژەكانی دەكەوێت، بە دەشتە سەوز و چیا ژەنگ گرتوەكانیدا دەڕوات، دەچێتەوە سەر بەسوێترین گۆرانی زەلكاوەكان و درێژترین رەنگی شینی نەخشەكان بەمەلە دەبڕێت. كاتێك لەڕۆشتن بەردەوام بوو، هەستی بەبچوكی ناوچەكان كرد، هەربۆیە وەستاو سەیری سنوری كردو وتی:

–تۆ هەرگیز بەدڵڕەقی شەڕدا نەگەیشتویتەتە لەزەتەكان.

قاوەگرەوەكە، سەیری میری دەكرد، بێئەوەی بیر لەوێنا كردنی لەزەتەكان بەشێوەی بینراو بكاتەوە.میریش بێزاری لێدەچۆڕا. قاوەگرەوەكە پێیوت:

–سوپا هەرگیز لەجێگایەكدا پشوو نادات. بەڵكو لەڕێگای ئەو زەویانەی خاوەنی مێژوویەكی رەشبینن و ئەو بونەوەرانەی لەژێر دەنگی بۆردماندا بە بەردبوون و ئەوشتانەی خاوەنداریێتیان ون دەكەن، تالانی و زەوت كردن و.. دەگەنە ئەو ناوچە نوێیانەی بۆیەكەمین جارە دەدۆزرێتەوە.

–بەلام ئەوەتا باڵندەكان بەئارەزوی خۆیان كۆچ دەكەن، ماسیبەدزی منەوە زاوزێ دەكات، قامیشەكانیش خۆیان بۆشایی قەدەكانیان دیاری دەكەن، خۆ پرسیار لەكێشەكانی گوڵەگەنم مەكە.



كاتێك میر بێدەنگ بوو، هەستی بەهیلاكی كرد. پاش ئەوەی سوپای بەفەرمانی نوێوە بەرەڵاكرد تا رێگای باڵندە كۆچەریەكان بگرن و پاسەوانی شاراوەشی بۆ هەر ماسیو گوڵێك دانا.

میر بەهێمنیەوە لەدیمەنی سەربازەكانی ورد دەبوەوە كە ئاوی زەلكاوەكانیان تاوشك كردن دەخواردەوەو چیاكانشیان بەرەو باشور رادەگواست، پاش ئەوەی بەزیندانیی هەتا هەتایی حوكم درابوون.

دوور لەهەموو هەستێك سەیری دەكردن..

*     *     *

## بەسەرهاتی ئافرەتە تیوارەکان

پاش ئەوەی قاوەگرەوەکە لەخرۆشان و ئارەزوە وێران کەرەکانی میر گەڕایەوە کە لەڕێگای سوپایەکەوە بەرجەستەی دەکرد لەژێر رزین و ئەسپێدا دەناڵێنێ، پاش رشتنی ژەهر بەناو ئەو ژیانەی دەکەوێتە دەرەوەی حوکم رانیەوەیو بە زەلکاوەکاندا بەو ماسیانەی لەخۆیاندا حەشاریان داون و بونەوەری چیاکان لە باڵندەو درەخت و مرۆڤ، گەڕایەوەو دەنگێکی غەمبار لەگەرویدا بوو.

–گەورەم ئەی ئەو کەسەی خاوەنی هەستەکانی سەرو شەش و مانا گڕگرتوەکان و رەمزەکانی و نوسینیت.. قسە تەنها بۆ تۆیەو من ناتوانم لە گوناهی گێڕانەوە دەربازبم، کەسزای منە. قسە تەنها بۆ تۆیە کەواتە پێم بڵێ لەکوێوە دەست پێبکەم؟ ئایا لەدواین هەناسەی مردویەکەوە دەست پێبکەم کە لەژێر پریشکی وێڵی بۆمباکاندا کەوتووە یاخود لەکەوتنەخوارەوەی ئەو پۆلە باڵندانەوە کەپاش راگواستنیان بۆ هێلانە چیمەنتۆییەکان خوێندنیان ون کرد.. لەکوێوە دەس پێبکەم؟ ئایا خۆم رێگای خۆم هەڵبژێرم و بەمەترسیەکانیدا هەنگاوبنێم.. کەواتە دوام کەوە گەورەم، واڕێگایەك هەڵدەبژێرم بتگەیەنێتە مرواری و گەوهەرەکان، هەوڵ دەدەم لەسەرەتایەکی



دڵخۆشەوە بتبەمە ناو حیکایەتێکەوە کە زۆرکەس، پاش لەبەرکردنی، هەوڵی گێڕانەوەیان داوە. گەورەم هەموو چیرۆکی پاشاو پێشبینی گێڕەرەوەو ئەستێرە ناسەکان دەڵێن" پاش فەتحی شارەکان، فەتحی کچ دێت.

لەوبەیانیەدا، پاش گەڕانەوە لە باخچەکان و گەشتنی هەواڵی یاخیبوونی شارەکە، کە چارەنوسێکی نوتەك چاوەڕوانیەتی. تۆ لە یەکێك لە هۆڵە گەورەکانی جەنگ دادەنیشیت تا لە رێگای چاوە بەئاگاکانتەوە سەرپەرشتی مەتارێزە برسیەکان و بەرەی شەڕەکان بکەیت کە لە ژێر پێی سەربازەکانتدا دەلەرزن. لەوێدا سەرلەشکرەکان بەوپەڕی ویقارەوە دادەنیشن تا ناوەڕۆکی فەرمانە سەختەکانت پیت بە پیت جێبەجێ بکەن و ئاگری مەدالیای ئازایەتیەکان، هەرگیزاێی تێرنابن، هەناویان دەخوات. هێشتا هێمنی دواین بروسکە نەشێواوە کە دەڵێت((جەنگ تەواو بوو سوپا لەشوێنەکانیدا ئارامە)) لێشاوی دەستکەوتەکانت دەست پی دەکات. چونکە یەکەمین کار سوپا بیری لێدەکاتەوە، گەیاندنی ئەو غەنیمانەیە بەکۆشك.

قاوەگرەوەکە بەردەوام قسەی دەکردو لەدەمیەوە لێشاوێك لە وشە دەهاتە دەرەوە.

–گەورەم دەستکەوتەکانت لە ژمارەیەکی زۆری مەڕو مانگاو بزن و ئاژەڵی کێوی و کۆمەڵێك ماینی زین ئاڵتونیو جۆرەها پەلەوەریماڵی پێك دێت کە تەویلەو حەوشەی کۆشکەکانت، لەگەڵ ئەوەی چاو ناتوانێت کۆتاییەکەی ببینێت، بەخوێندن و زەڕین و حیلە و مرخەو.. پڕدەکەن. ئەوکاتە تۆ لەیەکێك لە پەنجەرەکانی کۆشکەوە سەیری هەڵقولانی هەموو ئەو شتانە دەکەیت. پاش ئەوانە سەرەی سنوقە مۆرکراوەکان دێت کە سەربازانێك هەڵی دەگرن دەموچاویان لە ژێر خۆردا سوتاوە، ئەو سەربازانە دەیانەوێت رێگایەك بەناو پەلەوەرو رەشەوڵاخ و مەڕوماڵاتەکاندا بکەنەوە، کەبێ ئاگا لەوەی لەدەوریان رودەدات، کاوێژ دەکەن، تا سنوقەکان بگەیەننە هۆڵە

قەرەباڵغەکانت بەخزمەت کارو کەنیزەك و ئەو سەربازانەی لەخۆشیدا وەك پەپولە ڕێدەکەن. سنوقەکان لەشێوە و قەبارەی جیاوازدان" هەرلەتەختەی پڕ لە نەخشەوە بۆ ئاسنی ژەنگاوی. تۆ هۆڵ بە هۆڵ دەگەڕێیت تا بە خۆت سەرپەرشتی کردنەوەیان بکەیت. هەندێك لە سنوقی دەستکەوتەکان مافورو ڕاخەری دانسقەیان بە گوڵەبۆندارەکانی سەریان، هەڵگرتووە. سەربازێکی خێل، یەکێك لەو سنوقانەی هەڵگرتووە کە مافورێکی تێدایە و بەغەمبارترین ڕەنگ چنراوە و وێنەی سازژەنێکی لەسەر کێشراوە کە لە سازەکەیەوە ئاوازێکی دڵ تەنگ دەردەکات. خێلەکە دەڵێت تا گەیاندمانە ئێرە لەبەر گریانی درێژوشیرینی سازژەنینەکەی تامیخەومان نەکرد. پاش ئەوان ئەو سنوقانە دەگات کە بە هێستر و ماشێنی سەربازی هەڵگیراون و لە هەناویاندا کوپەو گۆزەیان هەڵگرتووە. ئەو کوپەو گۆزانەی لەژێر خۆڵدا دەیاندۆزنەوە پاش ئەوەی ناوچەی فراوان و ئەو مێرگانەیان بۆ دەپشکنن کە هێشتا بارانەکانیان نەباریوە.

وەك ئەوەی بەخەیاڵ دەستکەوتەکان بژمێرێت وتی:

-بەڵام پێشتر کە ئەم چیرۆکەت دەگێڕایەوە، زۆرشتی ترت باس دەکرد؟

بێ ئەوەی قاوەگرەوەکە سەیری فنجانەکە بکات وتی:

-گەورەم هێشتا هیچم نەوتووە.. چیم وتووە لەبەردەم ڕاگواستنی دارستانە پیرەکانی گوێز بەرەگە درێژەکانیانەوە و ئەو کانیاوانەی هێشتا ئاوەکانیان هەڵدەقوڵێت، ئەو شاخانەی سەربازەکان ڕایدەگوێزن و کرمۆکەی پەپولە ئاڵتونیەکان و قۆزاخەی کرمی ئاوریشمی، کە بەئاوریشم ڕێگای داخراو دەچنن، گۆزەی پڕ لە ژەهری مار کە لە چاك کردنەوەی نەخۆشیەکانی شەڕو لەدروست کردنی چەکی قورس دا بەکاردەهێنرێت، سنوقەکانی مرواریو گەوهەر کەجوانترین و ئاڵۆزترین نەخشی تێدا دەبینیت و گەنجینەکانت نایانگرێت..



کە قاوەگرەوەکە دەگاتە ئێرە، کەمێك دەوەستێت وسەیری موستیلەکەی دەستی چەپی میر دەکات کە بە وردبوونەوە لەیّی بێزاری دەڕەوێتەوە، میریش پەنجەی دەستەکەی تری بەسەردا هێنا پاش ئەوەی لە نیگای قاوەگرەوەکەدا وای خوێندەوە کە بڵێت(ئەم موستیلەیەش لەیەکێك لەو سنوقانەدا دەدۆزیتەوە). موستیلەکە وێنەی پاشایەکی لەسەر هەڵکەنرابوو کە خۆرێکی گەش لەدەستیدا هەڵدێت و شێرێکیش لەبەرپێیدا چۆکی داداوە. پاشاکە بەتەواوی بەرگی پاشاییەوە ڕاوەستاوە.

-چەند لەبارەی ئەو سنوقانەوە قسەبکەم هەرتەواو نابێت و بەردەوام بەدوای خۆشیاندا سنوقی تر ڕادەکێشن. هەربۆیە ناچارم تەنها ناوەکانیان یاخود کەل و پەلەکانیان باس بکەم و بەسەریاندا تێپەڕم تاحیکایەتەکەم لێ ون نەبێت. پاش ئەو سنوقانە لێشاوی شوشەکان دەست پێدەکات کە لە لۆکەو کادا هەڵگیراون.. چی دەبینم لەشوشە دروست کراون گەورەم.. هەرگیز باوەڕناکرێت" باڵندەی فڕیوو ئاژەڵ لە کاتی موچڕکەی لەزەتی جوت بووندا.. کەل و پەلی ناو ماڵ بەدەر لەوانەی ئێمە دەیانزانین و ئاشناین پێی. گەورەم پاش شوشە، سندوقی تەزبیحەکانی بەخت و شفا و بۆنی خۆش دێت.. ئەو کوتاڵانەی هەرگیز نافرۆشرێن لەبەر گرانی نرخ و دەگمەنیان. سنوقی ئەو پێڵاوانەی بەدەست چنراون و لە ڕۆیشتندا ئازار لادەبەن، خەنجەری دەبان کە بە تۆڵە ڕوپۆشکراوە.. قوتوی جگەرە و ژێرچەنە و پرچی بڕاو و یاری منالان و سنوقی کەل و پەلە نامۆ و بریسکاوەکانیت نەبینیوە، ئەو تەزبیحانەت نەبینیوە چیرۆکی خۆشەویستی دەگێڕنەوە، یاخود ئەو خەنجەرانەی تەنها لە سنگی دوژمن دەچەقن یا ئەوانەی تەنها شادەماری برایەتی دەبڕن.. دوام کەوە ئەی ئەو میرەی لەسەر تەختێك دانیشتوویت کە بە هەموو شتێکەوە گرێدراوە و خاوەن کۆشکێکی غروریت، تا پێت بڵێم پاش ئەو هەموو سنوقانە ریزێکی درێژ، بە قولایی بینین، لە ئافرەتی دەست

بەستراو و رووت وەك باران، بەرەو دەرگای کۆشك دێت کە بە پاسەوانێك پارێزراون لەگەڵ بادا پێشبڕکێ دەکەن و لیك بە چەناگەیاندا دەچۆڕێت، چونکە ئەوکاتانە فەرمانی دەست لێنەدانیان دەرچوە تا لەژێر دەستە زبر و کوشندەکانیاندا نەبنە هەڵم، ئەمەش تەلیسمی ئەو شارەیە کە دەرگاکانیت کردەوە.

لەسەر کورسیە ئەرخەوانیەکەی، میر بەحەشمەتەوە وتی:

–ئەی چۆن گەیشتنە ئێرە و نەبوون بە هەڵم؟

قاوەگرەوەکە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی پرسیارەکەی میری دەکرد و وتی:

–یەکێك لە سەربازەکان دەڵێت" پاش ئەوەی هەزارانیان بوونە هەڵم لەژێر دەستە پیس و چڵکنەکاندا، هیچ رێگایەك نەمایەوە بۆ راوکردنیان جگە لە فڕێدانی گوریس بۆیان تا خۆیان، خۆیان ببەستنەوەو وەك ئاسکی تۆقیو، پێشمان کەون. گەورەم ئەو دەڵێت ترسی مردن لە چاوە سورەوەبووەکانیاندا چەخماخەی دەدا و هەر ئەوەش ناچاری کردن لەگەڵماندا بێن.

–بەردەوام بە چونکە دەمەوێت زیاتر لە بارەیانەوە بزانم.

قاوەگرەوەکە لەناو هەڵپە و شپرزەیی میردا، هێمنی نەگۆڕا و وتی:

–گەورەم، حەکیمێك نامێنێت نەیهێنن تا لەناو میراتیی زانیاریەکانیاندا، نهێنی تیواری ئەو ئافرەتانە بدۆزنەوە کە لەگەڵ شەرمدا دەتوێنەوە. حەکیمەکان لەگەڵ بۆچوون و گریمانە کۆنەکانیاندا بێ گەڕانەوە رۆیشتن، کە وای بۆدەچوو ئەمانە لە رەگەزی جنۆکە بن.

پاش وەستانێکی کتوپڕ بە هێمنیە ناسکەکەی پێشوویەوە بەردەوام بوو:

–پاش ئەوەی هەتوانە چەورەکانیان، کە ئافرەتەکان بەدەستی خۆیان لەشیانی پێ چەور دەکەن، سەرناگرێت لە گێڕانەوە و دیار نەمانی جەستەیاندا، ئاوە کولاوەکانیش بە جۆرەها گژ و گیا و بۆنی سەیر، لە گێڕانەوەی مرۆڤییاندا بێسوود دەبن، تەنها رێگایەك دەمێنێتەوە ئەویش



پڕکردنیانە بە ئاو یاخود شیر تا رادەی نوقوم بوون و خنکانیان.. ئەوکاتە گەورەم شەوێکی سەیر بەسەردەبەیت لەگەڵیاندا.

–بڵێ ئەو شەوانە چۆن بوون؟

–شەوێکی خۆش لەناو شریخەی قامچی و بۆنی خوێنی فیچقە کردوو لە جێگا گازە شەیتانیەکەتەوە کە لە پێستە مسیەکەیانی دەگریت و بەنێوان ددانە زیویەکانتدا بڵاودەبنەوە.. گوشینی مەمکە تورت و قۆخیەکانیان تا رادەی تەقین.. لە گاینی ئەو کچە خەتەنە کراوانەی هەرگیز ناگەنە لەزەت و بەدەست لێدان چرۆ دەگەشێننەوە.. لە تێڕامانی ئەو خاڵە شینە پرشنگدارانەی لەسەر پێستە تەڕ و ناسکەکانیان کوتراوە و زۆر نهێنی لە خۆیاندا حەشار دەدەن.

ئارەزووەکانی میر لەناو فەتح کردنی ناوچەکاندا دەتەقییەوە و رەنگی کورسیەکەی بەرە و سورێکی تاریك دەگۆڕێت.

–بەڵام هێشتا غەنیمەکان کەمترن لە جارەکانی پێشوو؟

–گەورەم نامۆیی ئەو شەوە سەرسامانە بردمی. هەر بۆیە بیرم چوو بە درێژی باسی تورەکە بێشومارەکانی گەنم و رستی خواردنە وشککراوەکان و چەندین تەن لە میوەی گەییو و بەردی مەڕ مەڕ و سنوقە سیخناخەکان لە گون و مەمکی بڕاوو چاوی هەڵکۆڵراو بکەم.. باسی دەست بەسەرا گرتنی چەندین هەکتار لە زەوی‌یە کشتوکاڵی و چۆڵە سامناکەکانت بۆ بکەم.

میر قسەکانی پێبڕی و وتی:

–ئێستا دەمەوێت سەرگوزشتەی شۆڕشگێڕە ون بووەکانم بۆ بگێڕیتەوە..

*          *          *

قاوەگرەوەکە لە قورسترین سات و هیلاکترین کاتدا، کە میر بە تەنیا فڕێیدەداتە ناو دیمەن و وێنەی ڕووداوەکانەوە، لە قسەکردن وەستا بۆ ئەوەی میر دڵنیا بێت لەوەی کە ئەو دیمەنانە، یادەوەری خۆی دەهێنێتەوە یاخود ئەندێشەی قاوەگرەوەکە لە پشت ڕستەکانەوە دروستیدەکات.

پاش ئەوەی سەیری ئەو دیمەنانەی کرد کە لەلایەن قاوەگرەوەکەوە باس نەکرابوو، یاخود لە ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا لێی دوورکەوتبووەوە، هەر لە جیاکردنەوەی منداڵ و ژن و پیاو لە یەکتری تا زیندە بەچاڵ کردنیان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا، وتی:

–بە درێژایی مێژو گێڕەرەوەیەکی ڕاستگۆ نییە!

لەگەڵ قسەکەیدا وێنەی کرمی جۆراو و جۆر بە بەرچاویدا دەڕۆیشتن کە لە لەشی منداڵ و ژن و ... سەوز دەبوون و دەهاتنە دەرەوە و گۆشتە بۆگەن کردووەکانیان شیدەکردەوە، دەنگ دانەوەی هاوار و قیژەی ئەو خەڵکە لە بیابانەکانی مردن و تەنیایدا. میر هەوڵی ڕزگاربوونە لەو وێنانە داو وتی:

–تۆ دەزانی ئەوەی لەم میرنشینەدا هەیە هەموی هی منە؟ تەنانەت ئەوانەی لە چیرۆکەکەدا لە منت شاردەوە، سەیری شینایی ئاسمان بکە، وەرینی گەڵا



و جیاوازی وەرزەکان، سەوزبوونی بنچکێك، سوڕی خوێن، خەونێك کە پیر و منداڵ دەیبینن و مێژووی گێڕدراوە... هەمووی موڵکی منە.

قاوەگرەوەکە بێ ئەوەی هیچ بڵێت، سەری بەسەر فنجانەکەدا بەردایەوە تا میر لە بێدەنگییە کوشندەکەی ڕزگار بکات، ئەویش لە ڕێگای چنراوی چیرۆکەکان و هەڵقوڵانیانەوە. هەر بۆیە میری برد و خستیە ناو شەپۆلی وشەکان و دەریای ڕستە خۆڵەمێشیەکانەوە تا لە ڕووداوی شۆڕشگێڕە ون بووەکاندا مەلە بکات.

*          *          *

## بەسەرهاتی شۆڕشگێڕە ون بووەکان

هەر جارێك فنجانەکە، قاوەگرەوەکە بەرەو ئەم حیکایەتە بهێنێت، ئەوا قاوەگرەوەکە هەوڵدەدات لە گێڕانەوەی دوور بکەوێتەوە. پاش ئەوەی میر لە کۆتاییەکەیدا بە بێزاری دەبینێت. هەر بۆیە بێمەشەقەت و بە شەرحێکی دوور و درێژەوە کە رستەکانی بە-ساکاری- چنراوە، دەچێتە ناو حیکایەتەکەوە.

-گەورەم لە ئاڵۆزترین کێشەکانی فەرمانڕەوایت و جوغرافیا فراوانەکەی دەسەڵاتت، کێشەی زەمەنە ئەگەرچی لە زماندا فەرمانی زەمەنە جیاوازەکان هەیە، بەڵام لە ژیاندا هێڵێکی جیاکەرەوە نابینین لە نێوانیاندا، تۆ دەتوانیت سەیری تێکەڵبوونی سنورەکانی مردن بکەیت بە رووبەرە تەسکەکانی ژیان، کۆپی کردنی نەوە دوای نەوە، لە دایك بوونی مناڵان بە پیری... گەورەم لێرەدا دەکەوینە ناو کێشەی ئەو یادەوەرییەی هەموو بۆشاییەکان بە بڵقی رابردوو پڕدەکاتەوە و ئاسۆکانی ئێستا و داهاتوو دەسڕێتەوە. لەبەر ئەوە سەرسام مەبە ئەگەر سەرکردەیەکی سەردەمی فتوحات یاخود جەنگاوەرێك کە شوێنەواری گۆڕەکەی نەماوە، لەدەرگات بدات و بێتە ژوورەوە تا لەبارەی



گرفتەکانی حوکم رانی و نەخشەی چاککردنی ژیان و ئەو هاوپەیمانیانەوە قسەت لەگەڵدا بکا کە لە ئاستی ئاسایی و ماقوڵدا نین. هەموو جارێك یادەوەریمان ئەوانە بە رازاوەترین بەرگ و جوانترینی ئەو شیکردنەوانە بەرهەم دەهێنێتەوە کە بە ئەخلاق و سەیرترین ئەفسانە ئاخنراون، هەرچۆن ئەوانیش ئێمەیان بەرهەم هێناوە. ئایا ئەو چیرۆکەت لەیادە کە لەبارەی هەڵبژاردنەوە گێڕاومەتەوە بۆت؟ کە پاش کردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان دەرکەوت زۆربەی دەنگەکان بەو سەرۆك و سەرکردانە دراون کە رەگیان لە مێژوویەکی دووردایە، وەك ئەوانەی لەگەڵ ئینگلیزەکان تا دوا فیشەك و دوا سوارە جەنگین و لەو ئەشکەوتانەدا و لەژێر ئەو بەردانەدا وشك بوونەتەوە کە پەڵەی خوێنیانی بەسەردا رژابوو. یاخود ئەوانەی رەچەڵەکیان دەبرێتەوە سەر کوژراوەکانی کەربەلا. گەورەم، لێردا زەمەن بازنەیەکی وەهمیە و تێیدا- ئێستا- تەنیایی و نەمان و بێهودەییە. رابردووش دێت تا بەهاکانی ئێستا بە نەمری خۆیی و پیرۆزی سوارەکانی و فەرمانە یەکلاکەرەوەکانی دیاری بکات. چونکە ژیان لە ئیستادا و دوور لە رابردوو مردنێکی راستەقینەیە. کێشەکە لێرەوە دەست پێدەکات. چونکە ئەو شۆڕشگێڕانە دوور لە ئێستا و بە راوێژکردنی رابردوو، بیر لە شۆڕش دەکەنەوە. راوێژ بە سەرکردە ناوچەییەکان و پەند و حیکمەتی ئەو کتێبانە دەکەن کە ساڵەکان وشەکانیانی خواردووە.. لێرەوە دەکەونە ناو فریوی زەمەن و بەدەرکەوتن و رەنگدانەوە بەردەوامەکانی.

قاوەگرەوەکە پاش وەستانێکی کەم، لە فنجانەکە راما و سەیرێکی میری کرد.

-گەورەم ئەی ئەو کەسەی لە خواوەندی ئەفسانە و ئەو ئاوێنانە دەچیت کە رووناکی و تاریکی و شەوە رازاوەکان بەبێخەوی، پەرچ دەکەیتەوە، لەو خشتانە دەکەیت بیردۆزەکانی رێژەیی ژیان و رەهایی مردن و دەسەڵاتیان

لەسەر نوسراوە.. ئەی ئەوەی یەکەمین خانەی خەلیقەت لە خوێنە گڕگرتووەکەتدا نیشتووە، چیرۆکەکە لە سەرەتایەوە دەگێڕمەوە" ئەو شۆڕشگێڕانە لە یەکێك لە ناوچە شاخاویەکان کە پڕە لە دارستانی گریاو و ئەو کانیاوانەی رووباری مرواری هەڵدەقوڵێنن، ئەو بوونەوەرانەی لە لەزەتی ژیان دەرچوون و لەیاسا ستەمکارەکانی سروشتدا بوونەتە بەرد، ئالەوێدا بیر لە شۆڕش دەکەنەوە. پاش ئەوەی مردن لە پێڵویاندا دەنوێو ئازار بە جەستەیاندا رەگ دادەکوتێت و دەبێتە خۆراکیان، پایەکانی کچێنیان لەژێر باجی سەختدا دەرمێ" هەرلەباجی سورانەوە بۆ باجی هەناسەدان یاخود لەبەردەم هەڵپەی چۆکی سەربازەکانتدا.

میرلەجوڵەی دەستیدا کەبەگواستنەوەی دەنکی تەزبیحە بۆن ئالۆشاویەکە، دڵەڕاوکێی نیشان داو وتی:

-ئەوانە یاخی بوون؟

-گەورەم ناو نانەکان گرنگ نیە بەڵکو گرنگ گەشتنە بەدڵی شتەکان و بڵێسەی ماناکان، ئەگەرچی گرفتی(زمان) تەواو نابێت. لەوسەردەمانەداو لەبەشی شاراوەو بەکارنەهاتوی زماندا وشەی نوێ بەمانای نوێوە دەدۆزرێتەوەو لەقسەو وتارەکاندا بەدەردەکەوێت. ناکرێت هەڕەمەکیانە سەیری پەیوەندیە توندو تۆڵ و داخراوەکانی-هۆو ئەنجام-بکەین. ئەوانەی خۆیان ناو دەنێن- شۆڕشگێڕ- بەجۆرە کارێکی سەخت هەڵدەستن پێی دەوترێت- چالاکی- کەلەناو دەستەیەکدا ئەنجام دەدرێت بە- رێخستن- ناودەبرێت. گەورەم پاش ئەوەی لەناوسەرمای تاڵی چیاکان و شێی سازگاری ئەشکەوتەکان و رێگای کوشندەی دۆڵ و لەپشت مێژوی زارەکی وڵات و رستەی خوازراو لە پەرتوکە وەرگێڕدراوەکانەوە لەچاو ون دەبن، بیر لە هەڵگیرساندنی شۆڕش دەکەنەوە.

-بەڵام شۆڕش چییە؟



قاوەگرەوەکە بەشێوەیەك بەسەر فنجانەکەدا نوشتایەوە کە هەموو قورسایی خۆیدا بەسەرئەژنۆیدا.

-گەورەم ئەم وشەیە هێندەی ژمارەی باوەڕپێکەران و هەڵگیرسێنەرانی، پێناسەومانای جیاواز هەڵدەگرێت" هەر لە- سەرکردایەتی کردنی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکانەوە-بۆگەمەی گەشتن بەتەختی حوکم رانی. یاخود لەوانەیە ئامرازێك بێت بۆگەشتن بەڕزگاریە شاردراوەو نەزانراوەکان. حەزدەکەیت بزانیت داواکاری و چارەنووسیان لەشۆڕشەکەدا چیبەسەرهات؟ وەك پێشتر پێموتیت ئەمە لەنهێنیەکانی داهاتوە کە دەبێت چاوەڕوانی کەین. بەڵام تا ترسەکەت دامرکێتەوە پێت دەڵێم ئەوەی کە من دەیزانم و دەیبینم لەسنوری چاکسازیەکانی کەش و هەواو ئازادیە شێوێندراوو جیابوونەوە ناوچەییەکاندایە یاخود لەوانەیە بیانەوێت بگەنە زۆرترین ژمارەی ئافرەت و جوانترین ئۆتۆمبیل و سیحراویترین کۆشکی شوشەیی.

-لەچ رۆژێکدا شۆڕش رادەگەیەنن؟

-گەورەم دوو ژمارە دەبینم ئەویش-یەك و سێ-یە بێئەوەی بەدوای یەکتردا هاتبن. هەربۆیە لەوانەیە مەبەستی لەسیانزە یاخود سێو یەك بێت و بەرامبەر رۆژێکی بەنرخی هەفتەی داهاتوو دەوەستێت.

-ئێستا لەچ مانگێکداین؟

-مانگی بارانە زۆرانبازو رەهێڵە زوقمیەکانە، ئێمە لەپیرترین و سپیترین مانگداین کەپێیدەوترێت" شوباتی بەدبەخت".

-دواتر شۆڕشەکە چی بەسەرهات؟

-گەورەم هێمن بەو هەوڵمەدە پێش روداوەکان بکەویت تا بەرەو ئەو کۆتاییانە رابکەیت کە زۆر کەس بەهۆیانەوە کوژران. کێشەکە لێرەدایە، لەدەست نیشانکردنی رۆژی راگەیاندنی شۆڕشەکەو پەخش کردنی بەوناوچانەی تێیدا بڵاوبوونەتەوە، ئەویش لەڕێگای رێخستنەکانیانەوە.

میر چاوی بڕیبووە مەمکە قوت و ڕەقەکانی قاوەگرەوەکە کە گۆکانی بەشێوەی لوتکەی بەرز بەبەرزی لەزەت یاخود وەك دورگەیەکی دابڕاو لەدەریای خرۆشان، بەدیاردەکەوت. ڕارایی لەڕومەت و دەنگە گرەکەی میردا بوو کاتێك وتی:

–دەمەوێت پێشوەخت بزانم..

–هەرچۆن لە جارەکانی پێشوومدا وتوومە، کێشەکە لە تێچکچڕژانی زەمەنو جیابوونەوەی بارودۆخی زاتیو مەوزوعیدایە، لە کەرتبوونی ستراتیجە ئاڵۆشاویەکانو تەکنیکە بارمتەکراوەکاندایە. گەورەم پاش چەند ڕۆژێك لە دەرچوونی بڕیاری شۆڕش، ئەو ئەندامانەی پێشوەخت شەهیدن، لە ڕێگای ڕاپۆرتەوە داوا دەکەن بە بڕیارەکەدا بچنەوە.

قاوەگرەوەکە چووە ناو باسکردنی وردی چەمکی ڕاپۆرتو بارودۆخی خۆیو بابەتیو..پاشان گەڕایەوە سەر قسەکانی:پاش ئەوەی بە ڕۆژژمێرە جیاوازەکاندا دەگەڕێن، هەر لە زایینیو کۆچیو هەتاویەوە بۆ ڕۆژژمێرە تایبەتیو ناوچەییە بەکارنەهێنراوەکان،دەبینن ئەو بەروارو ڕۆژەی لە هەفتەی داهاتوودا دایانناوە ڕێکەوتی یەکتر ناکەن. بەڵچکو لە پێش سی ساڵدا جووت دەبن.

هەرچەندە میر نیگەرانبوو،بەڵام بەهۆی دڵنیابوونی لەوەی شۆڕش شکۆی لێناسەنێتەوەو تەختەکەشی دابەشناکرێت، پێکەنینێکی شیرین گرتی. چونکە ئەو نەیدەتوانی ئەو ڕۆژانە ئەندێشە بکات کە پایەی کۆشکە دڕندەکانی دەڕزێتو پەلەکانی سوپای دەسوتێنرێتو ئەو شادەمارەی دەبچڕێنرێت کە لە ئیمپڕاتۆرە خوێناویەکانەوە بۆی ماوەتەوە، سواڵکەرو خوێڕی لە ژورە سەیرەکانیدا بنون و بۆقو کیسەڵ لەحەوزە شیرەکانی مەلەکردنیدا زاوزێ بکەن، شتەدەگمەن و گران بەهاکانی وەك سیپاڵێك لەماڵ ومۆزەخانەکاندا جێبهێڵدرێت. ئەو نەیدەویست بۆ هەتا هەتایە لە



کەنیزەکەکانی کۆچ بکات، ئەو کەنیزەکانەی بەکل و خەنە و خاڵی کوترا و ڕازاونەتەوە، میوە ئاڵتونیەکانی بەدەم هاواری منداڵانەوە بفرۆشرێت و مانگاو مەڕ بەکێڵگەی ئاسکە درەوشاوەکانیدا بڕۆن و پڕی کەن لەبۆنی شیاکە، منداڵەکانی لەگەڵ ئەوەی لەپیرۆزترین وەجاخن کە ئاوریشم بەدەمارەکانیاندا دەڕوات، ببنە دەستگێڕ یاخود فەرمانبەر و بەدەم چاوەڕوانیی خانەنشین بوونەوە ڕۆژەکان بکرۆژن. میر نەیدەویست هیچ شتێك لەدەرەوەی ئاسایی‌دا ئەندێشە بکات، هەربۆیە پێکەنینێکی قوڵ گرتی، پێکەنینێك هێندەی کرانەوەی یەقین و دەرکەوتنی مۆتەکەی داهاتووی نادیار کە خۆی لەوشەی مەحاڵدا حەشارداوە.

–بڵێ ئەوانە چیان بەسەرهات؟

–گەورەم تا ئەم کاتەو دوور لەچاوی سەربازەکانت، ئەوان بەوجەنگەڵانەی چڕیان نازانرێت و چیا قوڵەکان بەقوڵی ئاسمان و سروشتێك کە بە تێوەرەکانی جوانی بارگاوی نەکراوە.. ڕۆدەچن. بەناو سپێدە درۆزن و ئێوارە فریودەرەکاندا دەسوڕێنەوە تا ڕێگای دەربازبوون بدۆزنەوە. بەڵام ئەوان بەردەوام دەکەونەوە ناو گێژاوی ڕابردویەك کە بەخەونی ژەنگ کردوو، بەو پاڵەوانانەی پاڵەوانێتیان ون کردوەو فەرمان و پەندی مردوەکان پڕکراوەتەوە.. ئەویش لەڕێگای یەکتربڕینی بێکۆتاییانەی ڕێگاکانەوە کە دەیان گەیەنێتەوە دوڕیانێتر، بێ ئەوەی بزانن کامەیان هەڵبژێرن. ئەو ڕێگایانەی کە بریتین لە چاوەڕوانییەکی کوشندەی تەواوبوونی خولی ڕۆژمێرەکان کە ئەمەش مەحاڵە. چونکە هەر سوڕێکی ئەو ڕۆژ ژمێرانە لەسەدەیەك کەمتر نیە یاخود بیر لە گۆڕینی ڕۆژژمێرەکان بکەنەوە تائەو ڕۆژ و بەروارە جوت ببێتو لەناو زەمەن خۆیەوە دەست بەسەر زەمەندا بگرن. یاخود ئەو ڕێگایانەی کە نامەوێت بچمە باسکردنیانەوە.. ئەوان بەیدەقی ونن

له ژاوەژاوی هێرشدا و بەو گفتوگۆ زاڵمانەیەدا ڕۆدەچن کە لەبارەی زروفی زاتی و مەوزوعیەوەیە.

—بەردەوام بە..

میر وای وت و سوێ لەقسەکەیدا بوو. بەڵام قاوەگرەوەکە هیچ گوێی بە نەشئەی میر نەدا کە تێکەڵ بوو لە حەماسێکی زۆر. لەبەردەم نوشوست پێهێنانی حیکایەتەکان لەزەمەنە دروست کراوەکانیاندا. فنجانەکەی لەدەستیدا سوڕاندەوە تائەو حیکایەتانە بریسکانەوەو دەرکەوتن کە زوقمی بێدەنگی لە جیهانەکانی پێش زمانەوە دایپۆشیوون.

—حەزدەکەم بەسەرهاتی ئەو میرەت بۆ بگێڕمەوە کە بەخەوندا دەگاتە ئەوپەڕی دەسەڵات.

—نامەوێت بەرەو ئەو حیکایەتانە بڕۆیت کە تاڕادەی بێزلێبوونەوە گێڕاوتەتەوە. چونکە دەمەوێت لەبارەی ئەو مێژونوسەوە بۆم بدوێیت کەدەبێتە چیرۆکنوس.

* * *



کۆتایی ئەم چیرۆکە سەرەتای گەشتنی میرە بە حیکایەتێك کە هەرگیز کۆتاییەکەی نابینێت. ناچار دەستی بە چنینی روداوی بەسەرهاتی میرە خەوبینەکە کرد لەئەندێشەی خۆیدا. بەڵام هەرجارێك ئەو ئەنجام و کۆتاییانەی پێی دەگەیشت جیاواز بوون لەیەکتر ئەویش بە بەراوردکردنی ئەوەی بەئەندێشە پێی دەگەیشت لەگەڵ ئەوەی حیکایەتە نادیارەکە لەزمان داو گێڕانەوە لەگەشتەکەیدا ونی کردووە. میر بڕیاری قسەی داو وتی:

—تۆ وڵات بەناشرینترین وێنە و رستەی سەیر و روداوی وڕێناوی نیشان دەدەیت. وەك چۆن لەم چیرۆکە ناتەواوونەگێڕدراوەیەدا ئەتەوێت بیکەیت.. تۆ بەردەوامی ژیان نابینیت لە درەوشانەوەو رۆچوون بەجوانیە سەرسامکەرەکەیدا؟

—گەورەم ئەی ئەو شەڕانەی دەکەوینە ناو چەواشەکردنەکانیەوەو ئێشك گرتنی بەردەوام بۆ دوژمنەکان لەئاوێنەدا، ئەودوژمنانەی هەر بە ئاشی با دەچن؟ ئەوە بزانە من پیتێکم بۆ روداوە پەنگ خواردوەکانی ناوەوەم زیادنەکردوەو سیمای پاشاو ڕێڕەوی تراجیدیاکانم نەشێواندوە. چونکە من هیچ نیم جگە لە وەرگێڕی گەنجینەی ئاماژەکان و شتە بێگیانەکان.. من چیم بەبێ قسە؟

لەوکاتەدا میر گفتوگۆ ڕەشەباویەکانی بەجێهێشت و بەروداوی پەرش و بڵاوی میرە خەوبینەکەدا سەرکەوت تا لەو شەڕانە وردبێتەوە کە خوێن تێیدا

دەگاتە زینی ئەسپەکان، لە کونجی زیندانەکان کە تەسکترە لەوەی پڕژەی خەونی زیندانیەکانی تێدا ببێتەوە، فەرمانە نوسراوەکانی ئەو میرە کە لەسەر قۆڵ و سنگی خەڵکی بە خاڵی شین دەیکوتین، ئەو فەرمانانەی خوێندەوە کە هەموو شتێکی ژیانیان دیاری دەکات تا دەگاتە قسە قەدەغە نەکراوەکان، پاشان کەلەپچەو شێوازەکانی سەرکوت کردنی پشکنی.

پاش سڕینی عارەقی ناوچەوانی، لەسەرکورسیە ئاویەکەوە وتی:

-تۆ دڵڕەقترین گێڕەرەوەیت کە هەموو دوانەکانت لەخێرو شەر تێکەڵ کرد و هەوڵی دابڕینم دەدەیت لەمافی باوکایەتی بوونم بەسەر هەموو رەعیەتەکەمدا.

قاوەگرەوەکە نەیویست روبەری قسە فراوانبکات تا لە ناو لێکدانەوە چڕەکانی میردا نەمێنێتەوە. هەربۆیە دەستی میری گرت و بەڕێگا مەرمەڕیەکاندا رۆیشت تا گەشتنە رێگای حیکایەتێکی نوێ. لەوێدا زۆری لەخۆی کرد میر لە رێگای وەهمەکانی مێژوی نوسراوەوە بگەێنێتە ئەو وردەکاریانەی بۆ تێگەیشتن سەختن.

* * *



## بەسەرهاتی ئەو مێژوو نوسەی دەبێتە چیرۆکنووس

گەیشتنیان بە کەناری بەردەڵان و شینباوی ئەم بەسەرهاتە و مەلە کردنیان لەناو ئەو روداوانەی رستەی چەسپاوو نەگۆڕ، لە رێگای وشەی پرشنگدارەوە دەیچێنێت، قاوەگرەوەکە کەمێك پەلە دەکات یاخود وا خۆی نیشان دەدات، لەگەڵ وەستانێکی کورتدا کە بێدەنگی پەلوپۆی تیا دەهاوێژێت، هەستی کرد میر لە رۆیشتن بەناو جەنگەڵی حیکایەتە زیویە چڕەکان هیلاك بووە، ئەو جەنگەڵانەی لە نیگا بەتاڵەکانیەوە بۆ مێژوو پێ دزە دەکەن. گەڵا توتنێکی پێچراوەی داگیرساند کە لە سێو و هەنگویندا هەڵگیرابوو، لەکاتی سوتانیدا بۆنێکی قورس و وشکی بڵاودەکردەوە. بە پەنجەکانی یاری بە جگەرە داگیرساوەکە دەکرد و چاویشی بڕیبووە قاوەگرەوەکە.

-گەورەم شتەکانی شانشینەکەت گۆڕان و دەرکەوتنیان فریودەرانەیە. ئەگەر جوان لەم حیکایەتە بڕوانیت ئەوا راستی ئەم قسەیەت بۆ دەردەکەوێت و دەست لە ساردی مانا دەدەیت.

قاوەگرەوەکە هەوڵیدا خۆی لە پێشەکیە بێزارکەرەکان لابدات، ناچار رێڕەوی ئاخاوتنەکەی گۆڕی تا بچێتە ناو حیکایەتەکەوە.

–ئەوەی من دەیبینم ژوورێکی پەرش و بڵاوە کە مێژوونوسەکەی تێدا دانیشتووە و بەناو سەرچاوە رەشبینەکاندا رۆچووە، بەناو ئەو دەستنوسانەی لە کونج و دۆڵابە شاراوەکانەوە دزەیان کردۆتە دەرەوە و لەبەرگیراوەی هەڵکەندراوی سەر بەرد و نوسراوی سەر خشتە قوڕەکان و پێستە خۆش کراوەکان و ئەو پەڕانەی بەدەم چاوبڕکێ‌ی زەمەنەوە زەردبوون و رستەکانیان بەئاوی ئاڵتون نوسراوەتەوە و قەراغەکانیشیان بە زەخرەفەی زیو نەخشێنراوە، دیواری ژوورەکە بە نەخشەی کۆن و ئەو چنراوانە داپۆشراوە کە رێگای سەدە و کارەساتەکانیان بڕیوە. لەلایەکی دیوارەکە فەرشێك هەڵواسراوە کە بەڕەنگی زاڵێتی چنراوە و بە پیتە باو و زانراوەکان کێشراوە و دیمەنی خەیاڵیی شارێکی لەخۆ گرتووە. لەلایەکی تریشدا نەخشەیەکی کۆنی پایتەختێك هەیە کە لە نوسراوی شەڕەکانەوە دەرهێنراوە. لە زەوی ژورەکەشدا کۆمەڵێك مورووی ئێسقان و گۆزەی سورکراوە و ئەو بەردانە بڵاوبوونەتەوە کە لە رێگای وێنەکانیانەوە بەسەرهات و چیرۆك دەگێڕنەوە. بە دەوری مێژوونوسەکەدا کۆمەڵێك کتێب دانراوە کە بە پێ‌ی ئەبجەدی‌یەکی ورد ریزکراون تا یارمەتی مێژوونوسەکە بدەن بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەر ئەو پەڕە و دێڕانەی پێویستیەتی. ئەو لەناو پەڕەکاندا نغرۆیە و پەڕە دوای پەڕە رەش دەکاتەوە و جگەرەکەشی وەك خووی هەمیشەیی بەدەمیەوەیە. لەبەردەم ئەو پەڕەیەی خەریکی نوسینیەتی، کۆمەڵێك پارەی جۆرا و جۆر لە کانزاییەوە تا کاغەز دانراوە و بە وردی ریز کرا. زۆرجار واز لە نوسین دەهێنێت تا لەو پارانە رابمێنێت.. گەورەم رووداوەکەش لێرەدایە، ئەو پاش ئەوەی بە رابردووی دووردا رۆدەچێت" هەر لە شەڕ و گەشەکردنی ئیمپراتۆرە خێڵەکیەکان و پاشماوەی ئەفسانەکانیانەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو شارانەی لەژێر هەڵگیرسانی کارەساتە مرۆیی و سەروو مرۆییەکاندا ون بوون، بەشداری لە چەسپاندنی زمانە



مردووەکاندا دەکات ئەویش لەناو رێزمانێکی پۆڵاییندا، هاوبەشی لە دیاری کردنی تەمەنی پاشماوە پیرەکاندا دەکات کە لەژێر دار و پەردوودا دۆزراونەتەوە.. هەوڵی نوسینەوەی ئەو مێژووە دەدات کە لەدەرەوەی تۆمارکردن و نوسیندایە ئەویش بەهۆی خوێندنەوەی پارەوە.

حیکایەتەکان میریان وەك گالیسکەیەك کە لە گیانەڵادا بێت، بەدوای خۆیاندا برد. ناچار پرسی:

–لەکاتێکدا ئەو هەموو نوسراوانە هەیە، چۆن دەتوانین بە روتی و دابڕاوی لە مێژوو تێبگەین؟

–وەك چۆن پێشتریش پێم راگەیاندوویت، ئەمە نهێنیەکەیە.. ئەو مێژوونوسە هەڵدەستێت بە بەراوکردنی رووداوەکانی مێژووی نوسراو لەگەڵ ئەو پارانەی بەکارهێنانیان بەسەرچووە و ئەو پارانەش تازە سەریان هەڵداوە تا راستێتی رووداوەکان ئاشکرابکات کە تا ئێستا بە پەنهانی ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەی پارە ئامرازێکە بۆ چڕکردنەوەی چەمکی خاوەندارێتی لەخۆیدا، پاش ئەوەی شتەکان بەهای خاوەندارێتی خۆیان بەخشی بەپارە. بەڵام ئەو مێژوونوسە ناچێتە ناو رێگا ونکەرەکان و گەڕانە سەختەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردن و ئەو گۆڕانانەی بەسەر پارەدا هاتووە. بەڵکو خۆی لە هەموو ئەو شتانە لادەدات و هەوڵی درویێنە کردنی مانای ئەو وێنانە دەدات کە لەسەر رووی پارە نەخشێنراون.

میر لەسەر کورسیە خۆڵەمێشیەکەی پرسی:

–کام وێنانە..؟

–وینە هەڵکەندراوەکانی سەری پاشا و باخەکانی خورما، گوڵە گەنم، شێری نەڕاندوو، بەربەستەکان و پاڵاوگەی نەوت، شمشێرە دوولا تیژەکان و نوسینە باوەکان.. خۆری درەوشاوە و ماسی هەڵواسراو بە قولاپی کریستاڵی‌یەوە.


میر بە سەرسامی‌یەوە سەیری تەزبیحە نائاساییەکەی کرد و وتی:

—بەردەوام بە..

—گەورەم ئەو پارانە دەکەونە سنوری دەسەڵاتە تارماییەکەتەوە و ئەو ماوەیەش کە مێژوونوسەکە دەیەوێت بیخوێنێتەوە، زیاتر لە چل جۆر پارەی هەیە. ئەو دەرگا لەدوای دەرگای وێنەکان دەکاتەوە تا بگاتە یەقینی نوسین و کۆتایی تەفسیر.

هەوڵدە دوور نەکەویتەوە..

—من لەناو لەق بوونەکانی فکردا دەسوڕێمەوە و لە پەیڕەوی پێشینەکان رادەکەم تا هیلاکی لە پەل و پۆم دەخات و تینوێتی دەمسوتێنێت، بێئەوەی لەوە دوور بکەومەوە کە سەرەتا دەستم پێ کردووە. من بە مێژوونوسێکەوە بەندم کە نغرۆیە لە نائاساییدا تا لەوەوە ئەوە بەدەربخەم کە لە ناوەوەی تۆدایە. ئەو پارەکان لەبەردەمیدا ریزدەکات و دابەشیان دەکات بەسەر چوار ماوەدا، ئەویش بە دانانی بۆشاییەکی پڕ لە هەرا و زەنا لەنێوانیاندا تا لەیەکتریان جیا بکاتەوە، پاشان لە چەپەوە بۆ راست دەیانخوێنێتەوە، واتا لەناو نوسینەوە، بەزەمەندا سەردەکەوێت، ئەویش بەم جۆرە:



میر دەستی خستە ژێر چەناگەی و سەری بەردایەوە بەسەریدا تا هەست بە گەرمی قسەکانی قاوەگرەوەکە بکات کە بەردەوام قوڵدەبووەوە لە رونکردنەوە.

—نابێت گێڕانەوەی ئەم جارەم لەپێش خۆی بچێت. چونکە تا ئێستا کە قسەت بۆ دەکەم، مێژوونوسەکە هەر بەردەوامە لە چنینی چیرۆکدا. لەبەرئەوە



هەوڵ دەدەم باسی ئەم ساتەیت بۆ بکەم کە تیایدایە. لە کۆمەڵە پارەی یەکەمدا، چوار پارەی ئاسنینی ژەنگاوی هەیە کە تەنها سێ رووی بەسەلامەتی ماوەتەوە و سوان و داخوران زەفەریان پێ نەبردووە، ئەو وێنانەی دەربازیان بووە، سەری پادشایەك و ئەسپێکی زینکراو و گوڵە گەنمێکن. ئەم کۆمەڵەیە وەك مێژوونوسەکە بۆی دەچێت، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆرە خێڵەکیەکانی پاش گۆڕینەوەی شت بە شت، کە خانەکانی شار لە سادەترین شێوەی دروست بووندایە. ئەو وێنانە بە بەراورد کردنیان لەگەڵ مێژووی نوسراودا باس لە هەڵپەی پادشایەکی خوێناوی دەکەن کە سنوری دەسەڵاتەکەی لەژێر ناڵی ئەسپی سوارەکاندا دوورتر لە خەیاڵ فراوان دەبێت. وێنەکان باسی دەوڵەمەندی وڵات و بەپیتی زەویەکەی دەکەن کە گوڵە گەنمە هەڵئاوساوەکان بەرجەستەی دەکەن. گەورەم هێشووی زۆر روداو لە وێنە سواوەکاندا ونبوون و مەحاڵیشە بتوانین لەو ئەفسانە و چیرۆکانەی جیابکەینەوە کە گێڕەرەوەکان دوستی دەکەن. هەربۆیە مێژوونوسەکە هەوڵی رۆچوون بە رووە سواوەکانی پارەکاندا دەدات تا بیان دۆزێتەوە ئەویش لە رێگای مێژووی نوسراو و هەڵکەندراوەوە، هەر لە داڕزانی دەسەڵاتەکان و مردنی ئەو سوپایانەی بەسەر سپێتی بەفردا دەخشێن و دۆش دامانی شارە گەمارۆ دراوەکان و ئەو گردۆڵکانەی لە کەللەسەری کۆیلە پێپەتی و روتەکان دروست کراوە، رشتنی خوێنی پیس و.. زۆر چیرۆکی تر کە بە تەواو بوونی ئەو رووداوانە ئەو هەشت رووەی پارەکان تەواو نابن.. بەڵکو زۆر رووداوی تر هەن کە لە مێژوودا ونبوون. پاش ئەم کۆمەڵەیە بۆشاییەکی بچوك هەیە کە لێیەوە دەچێتە سەر ماوەی ئاڵتون، بەرەو شارە درەوشاوەکانی ژێر تریفە و ددانە گەوهەر بەندەکانو ئەو رووبارانەی لەگەڵ ماسیە رووپۆش کراوەکان بە بریسکە، دەڕوات.. بەرەو قوزە کلۆم دراوەکان بە قفڵی ئاڵتونی و پەڵە هەوری لەزەتە درەوشاوەکان..

گەورەم لێرەوو پاش گەیشتن بە کانە رۆشنەکان لەڕێگای شەڕە وێرانکەرەکان و بازرگانی کاروانەکانەوە، ئاسن هەرەس دێنێت لەبەردەم سوپای ئاڵتوندا کە دڕندانە دەڕوات. ئەو کۆمەڵەیە حەوت پارچە دەگرێتە خۆی کە لە رێگای وێنەی رووی پارەکانەوە قۆناغێکی فراوان لە مێژووی ئەو تەختی حوکم رانیانە دەگێڕتەوە کە بە میراتی جێ دەمێنن و ئەو سنورانەش کە لە چاوتروکانێکدا دەگۆڕێن و ئارەزووی کوشتن و هەڵکەندن و لێدانی رووباری تۆقیو، توانەوەی رەگەزەکان لە یەکتردا، یاسا نوسراوەکان کە لەو ئایەتە پیرۆزانەوە دەرهێنراون بە_ئەودیو سروشت بارگاوین و ماف و ئەرکەکانی خاوەندارێتی دیاری دەکەن. گەورەم لەوێدا بۆ هەر پاشایەك هێمایەکی تایبەتی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە، بۆ نمونە" ئەو خەلیفەیەی ناوچە چۆڵەکانی وڵات رزگار دەکات، بە شمشێرێکی دوو فاق هێمای بۆ دەکرێت، ئەوەش کە گرنگی بە زانستە دنیاییەکان دەدات، بە ئامرازێکی تاقیگا ئاماژەی بۆ دەکرێت، کۆشکیش هێمای ئەوسوڵتانەیە کە لەپێش داڕمانی تەختەکەیدا گرنگی بەئاودان کردنەوە دەدات. گەورەم روداوەکانی ئاڵتون زۆرەو ئەوچیرۆکانەش زۆرن کەلەپەراسوی روداوو سەری هەڵکەندراو وتاجی بروسکەیی‌وشێرو شمشێری غوبابەکان و نوسراو وگوڵە گەنمی گەوهەرو چڵە زیتونە پرشنگدارەکانەوە دێنە دەرەوە.

لەڕێگای چیرۆکەکانەوە، کۆنترین سەربازگای راگواستن و دەست بەسەرا گرتنی گوڵدزان و هێمن ترین پاشای سەرپەڕێن دەدۆزیتەوە کە پاشایەکی چڵێسە لەداواکردنی موچڕکەی لەزەتدا(ئەو پاشایە کاتێك لەشەوی زاوایەتیدا دەچێتە لای بچوکترین بووك ددانی ژانی کردوە، حەکیمەکان، پاش ئەوەی دەرمانە تاڵەکان بێسود دەبن لە دامرکاندنەوەی ئازارەکەیدا، بەوە ئامۆژگاری دەکەن کەخۆی سەرقاڵ بکات تا ئازارەکەی بیربچێتەوە)، پاشان چیرۆکی وەجاخی پیسی ئەوپاشایانەی لەمنداڵ دانی بۆگەن کردوی ماین



ومێینەی رەشە وڵاغەوە هاتوون و چاویان خێل و قەموورن، ئەمەش مێژو تۆماری نەکردووە.

بەچاوە هەنگوینیەکانیەوە سەیری میری دەکردو باسە هەڵقوڵاوەکانی ناو فنجانەکەش ئارەزوی دەجولاند.

—گەورەم ماوەی میرنشین و دەوڵەتۆکەکان درەنگ دێن و شەش پارچە مس و زیو لەخۆدەگرێت کە هەڵوەشاندنەوەی وڵات و دەرکەوتنی میرە لاوازەکان، گوڵە گەنمە سیسەکان و رستە بازاڕیەکان دەست پێدەکات. تێگەیشتن لەتایبەتمەندێتی مس، بەبێ باسکردنی دابەش بوون و موسیبەتەکان و تەختە درۆزنەکان مەحاڵە. لێرەدا درێژترین قۆناغ بەخۆی و چیرۆکە زۆرەکانیەوە راکشاوە ومنیش هەوڵ دەدەم بەڕێگا پڕ لە مەترسی‌و شەڕوشۆڕو کۆدێتا سەربازیە رەشەکانیدا تێپەڕم تا بگەمە دواین قۆناغ کە لەبیست و سێپارچەی نیکل و کاغەزی رەمزی پێك دێت، پارەکانیش لە دووڕیزی ئاسۆییدا ریزکراون" ریزی ژێرەوە بریتیە لە لەبەر گیراوەو چاپی شێوێنەرو درۆزنانەی ڕیزی سەرەوە. لەم کۆمەڵەیەدا دەسەڵات وەك رەهایی پارە رەمزیەکان، رەهادەبێت و شەڕەکانیش سەختر دەبێت لەوەی دەیزانین، ئەگەرلە تاریکیەکانی ئەم قۆناغە بگەیت ئەوا لەمردنی نیکل تێدەگەیت پاش ئەوەی بەهای خۆی لەدەست دەدات.

میر نەیتوانی ئەو دیمەن و وێنانە بەخەیاڵ بەرجەستە بکات، ناچار پرسی:

—دەتوانیت ئەم ماوەیە دەست نیشان بکەیت؟

—گەورەم کاتی روداوی ناوفنجانەکە دەکەوێتە ئێستاوە.. تۆ مردنی پاشاو میرەکان دەبینیت لەژێر ئەو کۆدێتایانەی سامانێك پاڵپشتیەتی کە جگە لەنیکل و کاغەز هیچ کانزایەکی تر بەرگەی ناگرێت. گەورەم ئێرە وڵاتی شەڕە ئەفسانییەکان و بەرزبوونەوە ترسناکەکانی نرخە کەقەبارەی ئاڵوگۆڕەکان

بەڕادەیەك فراوان دەبێت كە نیكل بەباخی خورماو گوڵە گەنمەكانیەوە دەكوژرێت. مێژونوسەكە هەوڵی بەراوردكردنی پرۆژەو روداوەكان بەوێنەی تاڤگەو پالاوگەی نەوت و سەری ئەسپ و زانای ناو پارە كاغەزەكان دەكات، بەلام بەگەشتنی بەپارە لەبەرگیراوەو وساختەكان، بەدزێوترین جۆری هەڵئاوسان و شەڕی ناوخۆدا رۆدەچێت كە توشی ون بوونی دەكات. گەورەم لێرەدا ولات وەهمیانە دابەش دەبێت بەسەرتەختی حوكمرانی و سێبەرەكانیدا هەرچۆن لەنێوان پارە ئەسڵی و سێبەرەكانیدا كەپێی دەوترێت ساختە، دابەش بوون هەیە. لێرەوە مێژونوسەكە سەرەداوی روداوەكانی لێ وون دەبێت پاش ئەوەی روداوەكان دەیبەنە دوڕیانی تەفسیر و كۆتاییە جیاوازەكان.. ناچار بێ هیوا دەگەڕێتەوە سەرەتاو ئاماژەكان بەمانای جیاواز لەپێشوی دەخوێنێتەوە. بەلام هەموو جارێك كە دەگاتە كاغەزە رازاوەكان بەوێنەی تۆ، كەبەتەن دەرێژرێنە بازاڕەوەو پاش دۆزینەوەی پیلانە تیوارەكانی ئەو پیاوانەی وەك تارمایی لەپشت چەكی بانكەوە دەردەكەون و یاسای ئەو پاشایانەی لەسەر تەختە نادیارەكانی گەنجینەی بانكەكان دادەنیشن.. روداوەكانی لێدەئاڵۆسكێو ماناكانی لێدەشێوێت. گەورەم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تۆ دەتوانیت مەزەندەی بەردەوامی ژیان لەولاتدا بكەیت بێ هێزی كرین و بەرزبوونەوەی نرخ بەهەموو توانایەوە، بێئەوەی پێوانەیەك هەبێت بۆ بەها.. گەورەم مێژونوسەكە هەرچەند سەیری دەستنوسەكانی خۆی دەكات، كۆمەڵێك چیرۆك بەسەرەتای جیاواز و كۆتایی جەنجاڵەوە دەبینێت، دەبێت ئەو كێشانەمان لەیاد نەچێت كەئاڵتون لەهەموو قۆناغەكاندا دروستی دەكات، ئەو ڕوداوانەش غافڵ نەكەین كە هەڵیان دەگیرسێنێت و نوسین پێیان نەگەیشتووە.



پاش ئەوەی میر هەستیكرد هیلاكیی، سەرتاپای داگیركردوە، قسەی بە قاوەگرەوەكە بڕیو وتی:

–دەمەوێت گوێبیستی بەسەرهاتی پەیكەرە كوژراوەكە بم..

* * *

لێرەداو لەپشت زەمەنەوە درێژترین سەفەری فەرمانەکان دەست پێدەکات کە میر ڕێگا دژوارەکەی بەماندوێتی دەبڕێت.. چەندجارێك بەوێنەی پارەکاندا چوەوەو روداوەکانی بەخەیاڵ ڕێك خستەوە کە کۆمەڵێك چیرۆکی سەیری لێ دروست دەبوو" جارێك خۆی بەسەرکردەیەکی خوێن گەرم دەبینی لەبەرەکانی شەڕداو جارێکیتر بەمیرێکی پیری خەسیوو کە جگە لە وێرانە ڕێگای ترپێنازانێت و جارێکی تر و..جارێکیتر.. چیرۆکەکانی بەردەوام دەبوون تا لە ناکاو پرسی:

-من کام لەو چیرۆکانەم؟.

لێرەدا میر بە غەمباریەوە گەڕایەوە دواوە تا لە سەدو یەك ناوەکەیو سیما تینوەکەی خۆی رابمێنێت کە لەناو وێنەو نەخشی پارەکاندایە.. بەدەنگێکی هێمن کە خەمۆکی لێ دەچۆڕا، وتی:

-لەبەردەم ئارەزووەکانمدا دەرگایەك نیەو سنورێکیش نیە بۆ مافم، کۆتاییەکیش نیە بۆ دەسەڵاتم، تەمەنیشم بەدەرە لە مێژو.. گەشتن بە من لەڕێگای ئەو نوێژ و قوربانیانەوەیە کە خۆم سروتەکانی دەدەنێم.. من خواوەندم.

هەرجارێك میر دەگاتە ئێرە فەرمانێکی توند دەردەکات و بەسەر وڵاتدا بڵاوی دەکاتەوە. ئەو فەرمانەش نوسینی وشەی- الله اكبر-ە لەسەر ئاڵای وڵات و لەنێوان سێ ئەستێرە سەوزەکەیدا.

*          *          *



## بەسەرهاتی پەیکەرە کوژراوەکە

گێڕانەوەی ئەم حیکایەتە گەڕانە بەنێو چۆڵەوانی هێماو سامی شتە بێگیان و ئارەزوە شاراوەکان لەخەڵوەتگای میردا، چوونە ناو زاڵبوونە سەرسام کەرو حەزە چەپێنراوەکانە، ئەویش لەڕێگای ئەو وشانەوە کە لە فەرهەنگی میردا بە مانا نەخۆشەکانیان ژەهراوین، ئەوەتا ئەو وشەی-کوشتن- هەرچۆن لەگەڵ بوونەوەرە بینراوەکانیدا بەکار دەهێنرێت ئاواش لەگەڵ شتەکاندا بەکاری دەهێنێت" هەر لەو کۆشکانەوە کە لە زەویە غەمبارەکاندا زاوزێ دەکەن و ئەو شتە ئەنتیکانەی لە خوێنی کۆیلەکان دەردەهێنرێت. ئەو موشەکانەی ماوەی ڕۆشتنیان لە روبەری شەریعەتەکان زیاترە و بەناوە زۆرەکانی میرەوە ناو نراون.. وێنە پەرش و بڵاوەکانی کە لەسەر سوچی کۆڵان و لەبەرگی کتێبەکانی قوتابخانە و لەسەر نوێنی بەتاڵ بوونەوەی ئارەزوەکاندا دانراون، ئەو پەیکەرانەی لەسەر چەندین جۆر بەردو کانزا، لەسەر بچوکترین پارەدا کە لە گیانەڵادایە، هەڵکەنراون.. ئەو شتانەی

لەشکۆی نەمرییدا نیشتەنین و لێیانەوە دەست بەسەر مانەوەدا دەگیرێت کە لە ئایندەدا خۆی حەشارداوە.. ئەو وشەی کوشتن لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەکار دەهێنێت چونکە ئەوانە وەك بوونەوەر دەژین..

لەگەڵ ئەوەی قاوە گرەوەکە لەگێرانەوە وەڕس نابێت، بەڵام ئەم سەرەتایە ناچاری دەکات کەمێك بوەستێت تا حیکایەتەکە کۆبکاتەوەو پەنهانیەکانی ئاشکرابکات کە لە تاریکایی بیرچوونەوەیدا پەرش و بڵاو بۆتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز باوەڕی نیە کە بتوانێت دەست بەسەر حیکایەتەکەدا بگرێت و بەوشێوەیە بیگێڕێتەوە کە خۆی دەیەوێت. قورسی ئەم کارەش لەوەوەیە کە حیکایەتەکە پەیوەستو تێکەڵە بە زۆر حیکایەت و روداوی لاوەکی کە گرنگترینیان نەمریە. هەرجارێکیش ئەم حیکایەتە کە بەشورای وشەی تیژو بریندارکەرو لەناو بۆنی وێرانەدا تەواودەکات، میر داوا دەکات کە لەبارەی نەمریەوە قسەی بۆ بکات. قاوەگرەوەکەش دەڵێت:

—گەورەم هەرجارێك ماڵئاوایی لەحیکایەتێك دەکەین و دەچینە ناو گێژاوی یەکێکی ترەوە، ئەوا ئەو پرسیارانە لەبەردەمماندا قوت دەبنەوە کە بەسەر خۆیاندا داخراون، ئەگەرچی من شارەزای گەمەی گێڕانەوەم بەڵام ناتوانم رێگا شوشەییەکەی نەمریت نیشان بدەم کە لە دەرەوەی خۆمان دایە، یاخود هەرنەبێت یارمەتیت بدەم تا بەسەر هەیبەتی مردندا سەربکەویت.. من هیچ نیم جگە لە ئاوێنەیەك کە دوور لەهەژان، ئەوەی لەناو فنجانەکەدایە" هەر لە روداوی گەرم و وێرانەی ساردەوە، بۆ تۆی پەرچ دەکەمەوە. بەڵام زات دەکەم پێت بڵێم نەمرییس هەوڵدانە بۆ زاڵبون بەسەر توانەوە لەعەدەمدا، ئەویش لەڕێگای ئەتك کردنی ئێستاوە، نەمریش وا لە هەردوو بەری دوانەکانی وەك خێرو شەر.

قاوەگرەوەکە بەنیگایەکی قوڵەوە کە قەوزەو قرژاڵی دەریاو گەرمی راموسانی لێوە دەهات، سەیری میری دەکرد.



—دڵڕەقی ئەم حیکایەتە لەئەنجامە قێزە ون و جیاوازەکان، لەدەست بەسەرا گرتنی ئەفسانە نوێ و بۆماوەکان و هێماکانی ژیاندایە، ئەویش لە رێگای خوێندنەوەی ئاماژە مردووەکانەوە.

میر کە دەیویست هەموو نهێنیەکانی قسە بزانێت، پێشەکیەیە زیادەکان نیگەرانیان دەکرد، ئەو کاتەش قاوە گرەوەکە شێواوی لە میردا خوێندەوە، هەوڵیدا لە فراوانترین دەرگاوە بچێتە ناو حیکایەتەکەوە.

—گەورەم.. ئایا دەتوانیت وڵاتێك ببینیت کە رابردوو مەستی کردووە؟ هەر چۆن من دەیبینم.. ئەمەیە کرۆکی حیکایەتەکەمان. هەموو هێما و ئاماژەکان بەرابردووی دوور و بەها بە بەردبووەکانەوە دەبەسترێتەوە و ساتێك بۆ ئێستا، ئێستا بە جوانیە ئەفسانەییەکەی و جەنگەڵی ئارەزووەکانی و کێڵگەی لەزەتەکانیەوە جێناهێڵێت.

میر لەسەر کورسیە زەردەکەی سەری راوەشاند و وتی:

—دەتوانیت واز لە پێشەکی و هەڵۆڵی رستەکان بهێنیت.

کاتێك قاوەگرەوەکە بە خۆشیەوە سەیری فنجانەکەی دەکرد، قژە درێژەکەی ناسکیی رووی دەشاردەوە، چەند جارێك میر ویستی بە دزە نیگایەك سیما خەرمانەییەکەی ببینێت تا لە راستی ئەو ئەفسانەیە دڵنیا بێت کە دەڵێت: بەخت گرەوەکان لەکاتی هەڵماڵینی نهێنیەکانی داهاتوودا، دەگەڕێنەوە سەر پاکێتی و منداڵی و تەرزە لە پێشینەکانیان دادەکات و گیای بۆندار لەوشەکانیاندا سەوز دەبێت.

—گەورەم.. دەمەوێت بەسادەترین ئاخاوتن و ئاڵۆزترین خەیاڵ باس لەداگیرکردنی ئێستا بکەم لە لایەن رابوردووەوە، لەرۆشتنی بەشادەمارەکانی ئێستادا. لەبارەی ئەو شارو کۆمەڵگایانەوە قسەت بۆ بکەم کە لە رابوردودا دەژین و ناگەنە ئێستا. ئەوکۆمەڵگایانەی روبەری ئارەزوو لەزەتیان لەناو

گێژەڵوکەی هێماکان و لەبەردەم جەبەروتی پاڵەوانەکانیدا بەخەبەرن، ئەو پاڵەوانانەی لەخەونەکانمانەوە هەڵمان هێنجاون.

–دەتوانیت رونتر قسە بکەیت..

–گەورەم ژیان هێڵێکی درێژە لە ناعەدالەتی و جەنگی دەست بەسەراگرتنە بەردەوامەکان کە نهێنی دەسەڵاتە. ئەگەر ویستمان لەئێستا تێبگەین ئەوا دەبێت جەستە لەناو مانا تێکچڕژاوەکانیدا بخوێنیتەوە و پەڕە دوای پەڕەی بۆرەش بکەینەوە، بچینەوە ناو مانای سوتاندنی جەستەو هەڵکۆڵینی چاو و کۆمە ئەتك کراوەکانەوە و بەدوای مانای ئەشکەنجە ئاشکراکاندا بگەڕێین کە لەسەرو خەیاڵەوەن و دەبێت بەحەرام کراوەکانیشدا بچینەوە. گەورەم ئەگەر ئێستا جەستە بێت ئەوا رابوردو رۆحێتی، دەدوام کەوە تا بەسەر جەستەدا، بەرەو رۆح بپەڕینەوە.

لاوازییەك لە دەنگی قاوەگرەوەکەدا هەبوو میری دەخرۆشاند. ئەگەرچی نغرۆی فەرمانەکانی بووبوو.

–کەواتە با لە دەرگایەکەوە بچینە ناو حیکایەتەکەوە کە پێشتر پێیدا نەڕۆیشتوین. با بەساناترین رستە خۆمانی لێبدەین. ئەگەر گوێت گرتووە لەئاخاوتنی ناو چایخانە خنکێنەرەکان بەزڕەی پیاڵەو دوکەڵ، ئەو باسانەش کە لە کۆڕو کۆبوونەوە ئیفلیجەکاندا دەخرێنەڕوو، دروشمە ناچیزەکان، ئاگاداری نامە نهێنیەکان بیت کە بە((سلاوێکی شۆڕشگێڕانە)) دەست پێدەکات و بە((هەربژین بۆ خەبات)) کۆتایی دێت، ئەوا گوێت لەخوڕەی رابردوو دەبێت چۆن دەڕژێتە ناویانەوە، ئەویش لەڕێگای ئەو راڤانەوە کە سەبارەت بەسیماو دەرکەوتنی رزگارکەرە، ئەو پاڵەوانانە دەبینیت کە لە کتێبە بەسەر چووەکانیانەوە دێنە دەرو ئێستا بە فەرمانە زۆرەملێکان و لەزەتە بەڵێن پێدراوەکان و پەپولە رەنگاڵەییەکانی عەدالەت و پێوەدانە ژەهراویەکانی یەکسانیە شیرینەکان و نەمری پڕدەکەن.



میر قسەکانی پێ بڕی و پرسی:

–چۆن دەبێت.. بەوردی بۆم باس بکە..

–رزگارکەر.. ماسولکەکانی گەورەترە لەوەی لە خەیاڵماندا جێی ببێتەوە، وردتر بڵێم ئەو گەورەترە لەو سەرسامیەی لەبەردەم سەمای ماردا هەمانە، لەچاویدا مەشخەڵی ئەزەلی و لە دەنگیشیدا هەڵکردنی رەشەباو گێژەڵوکە هەیە. ئەوان بە جوانترین شێوە وێنەی رزگاکەر لەخەیاڵ و وشەکانیاندا دەکێشن و دەڵێن کاتێك لە ئاسۆ دورەکانەوە دەگەڕێتەوە ئالایەکی مەخمەڵی لەدەستیدا دەشەکێتەوە.

–رەنگەکەی چۆنە..

–لێرەدا رەنگ نابینم بەڵکو کردارەکانی دەبینم کە پیاچوونەوەی بەهاو دابەش کردنی زەوی و بەخشینی عەدالەتە.. کاتێکیش لەسەر ئەسپە باڵدارە ئاڵتونیەکەیەوە دەردەکەوێت، متمانە دەداتە مەڕەکان تا ئاو لەگەڵ گورگدا بخۆنەوە.

میر پڕ بوو بوو لە لێکدانەوە و پرسیار، بەڵام قاوەگرەوەکە بواری نەداو بەردەوام بوو:

–گەورەم لێك چوون لە نێوان تۆو ئەودا زۆر دوورە و سەردەمی خاوەن شکۆتان بەسەرچووە. ئەو دەگەڕێتەوە تا لە شوێنی پەیکەرە برونزیە وێران کراوەکانت دانیشێت، سواری ئەسپە سپیەکەت بێت و شورا مین رێژکراوەکانی بڕیارەکانت ببڕێت. رزگارکەر کاتێك دێت کە گژوگیاو دڕك لەو ئەندێشە بێهیوایانەدا روابێت کە ئەودەخولقێنن. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نایبینیت و منیش ناتوانم سیمایت بۆ بەدەربخەم. چونکە ئەو خۆی ئامادە نابێت، ئەمەش تایبەتمەندێتی ئامادەبوونی رابردووە بەگۆشت و خوێنەوە، بەڵکو ئەو لەداس و چەکوشی نەخشێنراوی سەرپەڕۆ سورەکان و ریشە درێژەکان، بەدرێژی خەیاڵ، وسمێڵە کورتەکان بەکورتی بیرکردنەوە دێت.

یاخود لە ڕێگای جلی ئاسنگەرەوە بەرجەستە دەبێت و لەسەر دروشمە دنیایی‌و ئەودیو دنیاییەکانەوە دەژی وبە جۆرەها ناوی نەتەوەیی‌و.. بانگی دەکەن. ئەو لەپێش یاخی بوونەکانەوە دەڕوات و دەنگی لەقولآیی شۆڕشەکانەوە دەبیسترێت وەك تۆ چۆن کردت..

میر بەبێزاریەوە سەیری سوتاندنی وێنە و شکانی پەیکەرەکانی دەکرد کە بە دڵڕەقترین شێوەی روخان و تالآن کردنی ئەوەی بەخوێن کۆی کردبووەوە، دەیبینی. پاش ئەوەی خۆی بەتەنیاو دوور لەچاوی پاسەوان و سەربازەکان بینی، ترس بەلەشیدا بڵاوبوەوەو لەرزێکی توند گرتی، بەتوڕەییەوە پرسی:

—تۆ قسە لەبارەی مردنی منەوە دەکەیت؟

—گەورەم دەڵێی ئاخاوتن گەیشتۆتە بێئامانجی، لەم حیکایەتەدا چوار رەوگەکە تێکەڵ بوەو خۆر لە رۆژهەلآتەوە ئاوادەبێت. ئەوەی کە دەمەوێت بیلێم، مردنی هێماکانە لەبەردەم ئەو مرۆڤەی بەدوای ئازادیەکانیدا وێڵە، ئەومرۆڤەی لەژێر خەساندن و ئەو جەنگانەدا پلیشاوەتەوە کە هێماکان بەرپای دەکەن.. گەورەم ئاسان نیە بتوانین ئەوەی رابردوو لەهەناوە رزیوەکەیدا شاردویەتیەوە، دەری بهێنین. هەربۆیە قورسی حیکایەتەکەم لەئاماژەو هێماکانیدا کورت کردۆتەوەو باسی مردنی پەیکەرەکەت بۆ دەکەم. گەورەم ئەی ملکەچ کەری مێژو، ئاوەدان کەرەوەی خۆرگیران.. ناتوانین سەیری رابردوو بکەین وەك یەکەیەکەی دانەبڕاوبێت چونکە رابردوو کۆمەڵێك ململانێ‌و دژایەتیە کە بە بەردەوامی بەرهەمیان دەهێنینەوەو هەر یەکێکیشمان لایەنگری لایەکی ململانێکەین یاخود شەڕکەرێکی دڕی لایەکەی ترین.. با ڕونتر قسەبکەم، ئەم جارە هێماکانی تۆ بە ناشرینترین ودڵڕەق ترین شێوە لەبەردەم هێما سادیەکاندا شکست دەخۆن، هەرچۆن هێماکانی پێش خۆتت لەبن هەڵکێشا.

میر قسەکانی پێ بڕی:



—بەلام رزگارکەر چۆن گەڕایەوە؟

قاوەگرەوەکە سەری بەرەو یەکێك لەو وەرزانە وەرگێڕا کە لە دیوارەکەدا بوون و وتی.

—ئێمە بە باجەکانی سەرسنگ و ناونیشانی وتارەکان و پەیکەرو ئەودروشمانەی لەگەڵ مردنی خاوەن و سەردەمەکانیاندا نەمردن.. بەخوێنی ئەوشەهیدانەی لەپێناو نمونە بالآکاندا کوژران، ئەوانەی خەونیان بەڕوانی گوڵی نەمریەوە دەبینی لەسەر لەشیان.. بەهەموو ئەوانەدا دەسوڕێینەوە. ئێمە لەپشت شارەکانی عەدالەت و پیرۆزترین گۆڕ و مەحکەم ترین پەیوەندی لە ڕابردوداو بەدوای ئەو هیوایانەدا دەگەڕێین کەلە ئەفسانە نێژراوەکاندا ون بوون. ئەوئەفسانانەی لەژێر داروپەردوی پێشیناندا نێژران.. گەورەم ئەمە وڵآتی جیاوازیە وەهمیەکانە.

هەرجارێك قاوەگرەوەکە دەگاتە ئێرە، میر قسەکانی پێ دەبڕێت و دەڵێت:

—با پەرشبوونت بەس بێت بەناو رەشێتی فنجانەکەدا وەك لمی ئەو کەنارانەی شەپۆلە شێتەکان پیریان کردن، یاخود وەك بەهەڵم بوونی شەونم لەسەر هەناسەی سەوزێتی.دەمەوێت پێت بڵێم پەیکەرەکە چی بەسەرهات.

—پاش ئەوەی رزگارکەر لەو خەونانەوە دێت، کە بە پرژەی هیوا تەڕە، ئێستا لەژێر قامچی پەیامبەرەکانی و شەریعەتە چەکدارەکانیدا دەکوژێت‌و خەڵکی لە خۆیدا دەتوێنێتەوە پاش ئەوەی بە چەندین تاقیکردنەوە و توندترین سروتی پاکبوونەوە و شۆردنی مێشکدا دەڕۆن تا دەبنە نوسخەیەك لە خۆی" وەك ئەم بپۆشن و بیر بکەنەوە، وەك ئەم لەگەڵ قەیرەکاندا رابوێرن و خەون بە خەونەکانی ئەمەوە ببینن، ئیدی لەناو بازنەی ئاماژە تاریکەکاندا بوار بۆ ژیان نامێنێتەوە هەربۆیە بڕیاری کوشتنی دەدەن، ئەگەرچی بڕیارەکە قورسترە لە خواردنەوەی ئاوی دەریاکان و بردنی ئەسپێکی عەرەبی رەسەن

به كونی دەرزیدا.. گەورەم ئەمە چارەنوسی هێماكانە ئەو هێمایانەی رۆژگارێك وێنەی رزگاركەر بوون..

پاش كەمێك بێدەنگی، جارێكی تر دەستی بە قسەكردەوە:

-بەیانیەك هەڵدەستن، برینی سەرسنگی پەیكەرەكە دەبینن كە هێشتا خوێنێكی تێری لیٚدەچۆڕێت، گەورەم ژیان مەحاڵە لەناو ئاماژەو هێما قاژەكاندا كە وڵات پڕ لە فەرمانڕەوایی دڵڕەق و خوێناوی دەكەن.

پاش ئەوەی میر داڕوخانی كۆشك و لەناوچوونی دەسەڵات و گیاندانی هێماكانی بینی، هەوڵیدا لە داوە ترسێنەرەكانی حیكایەتەكە دەرچێت كە بەدرێژایی ژیان درێژە.. چاوی لە لەدایك بوونی پڕ ئازاری هێما نوقاند و هەوڵی‌دا بەخێرایی دووربكەوێتەوە، بەپەلە وتی:

-دەمەوێت بمبەیت بۆ ئەو وڵاتەی بەدوای منداڵیدا دەگەڕێت.

-مەبەست لە غەمبارترین حیكایەتە لە ژیانە بازنەییەكەتدا و بەتامترینیانە لە بەرزبوونەوە و گەشەكردنی رووداوەكانیدا.

* * *



پاش ئەوەی میر لەسەر كورسیە شینەكەی، ئەو رستەیەی وت، وەك وشەی دابڕاو و رووتی فەرهەنگەكان، خۆی لە خۆی شاردەوە و وردە وردە لە فریودانەكانی مێژوو، لە ئازاری بیركردنەوە دووركەوتەوە تا لە دۆناودۆنی رەمزەكان و مردنی رەشیاندا نغرۆ بوو. دەستی لە برینی هەڵۆكەی ناوچەوانیدا و لە ئەستێرە خامۆشەكانی ئاڵاكەی راما. بەردەوام رۆدەچووە وێرانەی كارگە و دام و دەزگا پتەوەكانی حوكمڕانێتی كە بە خوێن كار دەكەن. هەستی بە رژانی بۆنێكی سەیر كرد لە ناوەوەیدا، بێ زۆر لە خۆكردن، وەك خەونێكی كۆن دەهاتەوە یادی كە ئەوە بۆنی ریشی سوتاوی جولەكەكانە كە لە بازاڕدا گریان تێبەردەدرا و تێكەڵ بە پێكەنینی هاتوچۆكەران بوو.. بۆنی كوژاندنەوەی كەمە نەتەوەییەكانە لەو ناوچانەی لەژێر شەڕدا وشك هەڵگەڕان.. بۆنێك لە ناڵینی ئەوانەوە بەرز دەبێتەوە كە لەژێر پێی راگواستندا مردن.

میر دڵنیا بوو لەوەی ئەو بۆنە لە گوڵە مێلاقە پشكوتوەكان و مەمكە ئارەقكردووەكانی ژێر لەزەتەوە نایەت. لەگەڵ ئەو بەراوردە یەقینانەی بە مێشكیدا دەهات، وتی:

-بۆ رزگار بوون لەوانەی خوێنیان پیسە و ئەوانەش نەگەیشتونەتە ئاستی ماڤی ژیان، دەبێت رەمزە پیرەكانیان بە رەمزە سەرسەختەكانمان بكوژین.

-گەورەم كاتێك رێكەوتی حیكایەتێك دەكەم یاخود ناچاری گێڕانەوەی دەبم لە زەمانێكدا كە جیاوازە لە ئێستا، ئەوا مێژوو بەهۆی لەناو چوون و سەرهەڵدانی رەمزەكانەوە دەخوێنمەوە.. گەشەكردنی جەنگەكانیان.. ئەو

هاوارانەت بۆ دەڵێمەوە کە بە بێدەنگی کۆت کراون، ئەو سرودانەش کە لە گەرووی رابردوودا گڕیان گرتووە و دەنگدانەوەیان نا بیسترێت.

میر سەیری ئەو وشانەی دەکرد کە لە دەمی قاوەگرەوەکە و لە نێوان ددانە سەدەفیەکانیەوە دەکەوتنە خوارەوە.. جگەرەیەکی داگیرساند..

*　　　*　　　*



## بەسەرهاتی ئەو وڵاتەی بەدوای منداڵێدا دەگەڕێت

بێئەوەی قاوەگرەوەکە سەری بەرز بکاتەوە، زانی میر بە پۆشاکە ئەفسانەییەکەی و ئەستێرە درەوشاوەکانی سەر شانیەوە لە نیانی و بێدەنگی‌یەکەی دەروانێت و تەختی بریسکاوەو چیرۆکی ئەو گەڕیدانەی بەبیردێتەوە کە لە تاریکایی مێژوودا دەمرن، بەکاوەخۆ وتی:

–گەورەم.. کێشەی ئەو رووداوانەی دەیانگێڕمەوە سەرەتا دروستی دەکات. چونکە خوێندنەوەی ئاماژەکان لەسەر پێش خۆیان وەستاون، هەربۆیە هەچ گۆڕانێك بەسەر حیکایەتەکەدا بێت ئەوا بەو گریمانەیەوە پەیوەستە کە بە ئاماژەی یەکەمی دەدەین هەرچۆن لەم حیکایەتەدا دەیبینین" ئەگەر هاتوو یەکەم ئاماژەمان وا دانا کە هێمایە بۆ_وڵات_ ئەوا ناچار دەبین لەو هێمایەوە بچینە ناو حیکایەتەکەوە و چارەنوسی_وڵاتێکی وێڵ بەدوای منداڵێدا_ بخوێنینەوە. خۆ ئەگەر هێمای_رابردوو_مان بۆ دانا، ئەو کاتە حیکایەتێکی جیاوازمان بۆ دەسگیر دەبێت کە زۆرجار حیکایەتی_هەوڵدانەکانی میر بۆ گەیشتن بە ئێستا_یە. بەڵام ئەگەر هێمای_کچ_مان هەڵبژارد بۆ یەکەم ئاماژە ئەوا دەبێت هەموو ئاماژەکان لەسەر ئەوە بخوێنینەوە کە دەمان گەیەنێتە رووداوی_میرە رۆمانسیەکان_ کە هەوڵ دەدەم دواتر بۆتیان بگێڕمەوە.

گەورەم ئالەم هەڕەمەکیەی مانادا جگە لە خۆشی دەست بەسەراگرتنی ئایندە، وەك ئەو خۆشیەی لە سەربڕین و ئەشکەنجە ئاشکراکاندا هەستی پێ دەکەیت، هەموو پێوانەکانی مانا بزر دەبێت.

میر لەسەر کورسیە زەردەکەی، هەستی بە خاوبوونەوە دەکرد و چەند نائارامی بە ژوورەکەدا بڵاو دەکردەوە ئەوەندەشی دەڕژاندە ناخی قاوەگرەوەکەوە، بەچاوە ساردەکانیەوە کە پەشۆکاوی دەردەخست، وتی:–

–تۆ گازندە لە ئەندێشەمان دەکەیت کە چیرۆکی زۆر و پەلوپۆیاوی لە یەك سەرەتاوە دروست دەکات؟

–گەورەم رووداوی ئەم وڵاتە، کە بە ئەفسانەی دەسەڵاتیەوە باڵادەکات، بەڕادەیەك زۆرە کە خەریکە دیدگا ون دەکەم و چەند هەوڵ بدەم ناگەمە رونێتی. باشتروایە سەرەتاکان وەك یەکەیەکی یەکگرتوو نەمێننەوە، وەك چۆن خۆیان نیشان دەدەن، یاخود دەبێت گومان لە خودی سەرەتا خۆی بکرێت بە هەموو ئەو مانایانەشەوە کە لەخۆیدا هەڵی دەگرێت. هەربۆیە باشترە مەلە لەناو دوانە و دژەکاندا بکەین، رێگا سەختەکانی بڕینودوورتر لە باو بڕۆین.. بەشەڕ و برسێتی  و گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا رۆچین تا دەگەینە ئەو رۆژانەی شێوازێك بۆ نوسینەوەی یاسای نوێ نامێنێت و بڕیارە جیاوازەکانیش شوێنێکیان لەناو دەستەواژەکانیدا نابێت، ئالەوێدا دەگەینە مردنی زمان و سوانی مرۆڤ. گەورەم خەیاڵ توندترین سزامانە کە بە درێژایی تەمەن هاوەڵیمان دەکات ئەوەتا دەتوانین سەیری مانا شاراوە و ونەکانی خێر و شەڕ بکەین تا لە داڕووخانی سەرەتا پیرۆزەکان دڵنیا بیت و باوەڕ بەوە بێنیت کە ئێمە رەنگدانەوەی شێواوی ئەو سەرەتایەین.

قاوەگرەوەکە نیگا هۆگرەکانی لە میرەوە گواستەوە بۆ بنی فنجانەکە و هەستیکرد لەشێوەی باڵندەیەکی وێڵ، پەڕ لە لەشی دەوەرێت و لەناسکی فڕیندا بەدەردەکەوێت.



–لەگەڵ ئەوەی حیکایەتەکان بە رێگای سەیردا دەمانبەن، بەڵام من هەوڵ دەدەم بەرەو ئەو رووداوە بگەڕێمەوە کە دەتویست گوێی لێبگریت. ناشێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە دەکرێت لەچەند روویەکەوە سەیری چیرۆکەکە بکرێت چونکە تائێستاش بەتەواوی خۆی نەداوە بەدەستەوە.. با لەهەموو ئەم شتانە بگەڕێین و بچینە ناو حیکایەتەکەوە... حیکایەتی ئەو وڵاتەی بەدوای منداڵی خۆیدا دەگەڕێت.

–بەواتا منداڵیی نەبووە؟

پەنجەی قاوەگرەوەکە بەهێمنی یاری بە موورووی ملوانکە رەنگاونگەکەی دەکرد و دوور رۆیشتبوو!

–گەورەم دەتوانیت دوام بکەویت هەر وەك هاوەڵی کردنی قەدەرە دیاری کراوەکانی ئەندێشە.. ئەو ئەندێشەیەی کۆتاییەکان تێدەپەڕێنێت تا بچێتە ناو ئەو وڵاتەی لە نەستدا راکشاوە و تێیدا خەڵکی ژیان بەدوای خۆیاندا پەلکێش دەکەن.. ژیانێك کە بەخیلی بەو مرۆڤانە نابرێت مەحکومن پێی، ئەوانەی وەك ژمارەی ناو فایلی جبەخانە و لیستی شەهیدان بە زۆر پەلکێشکرانە ناویەوە و تێیدا ئارەزووەکانی لەش دەبێتە کەفێکی سوێر. ئاگاداربە دیمەنی سەرکوتکردنە خوێناویەکان و ئامۆژگاری جەللادەکان نەتبات و ئامێرە ئۆتۆماتیکیەکانی ئەشکەنجەش فریوت نەدات. بە ئامادەکردنی ئەوانەش سەرسام مەبە کە مافی قسەکردنیان لێسەندراوەتەوە تا حیکایەتی ئەو وڵاتە ون نەکەیت لە خرۆشاندا نغرۆیە. چونکە لەوێدا دەگەینە خوێندنەوەی (نەگۆڕ). لەوێدا بنچینەکانی بزاڤە ئسولیەکان ئاشکرا دەکەین.

میر سەری بەو پەنجانەی خوراند کە بە هەنگوین چەوریان دەکات و بە بێزاریەوە وتی:

–هەوڵبدە ڕێگایەك لە گێڕانەوەی ئەم حیکایەتە نەگریتە بەر  کە دوور بەرەو تەم و مژمان ببات.

–ئەوەی دەیگێڕمەوە ڕەگی لە نەستدا ڕۆچووە و وێنەکانیشی لەوێوە هەڵدەقوڵێت و لەکاتی گێڕانەوەدا تێکەڵکاری دروست دەکات. هەربۆیە زۆرجار لە پاشماوە نەنگ و گڵاوەکانی ئەم حیکایەتەدا دەگەوزێین. ئەگەر جوان سەیر بکەیت ئەوا دیمەنی وڵاتێك دەبینیت، خەڵکەکەی لە پەککەوتە و نەخۆشە دەروونیەکانە کە ئەمەش نهێنی سەرکەوتنە گەورەکانی و پەلوپۆ هاویشتنی دەسەتە ڕەهاکەیەتی، ئەوەتا خێزان وەك پارچە گۆشتێکی بۆگەن کردوو ئاسۆکانی منداڵی بە بیر و باوەڕی قورس و کاری گران دەڕازێنێتەوە. ئەو منداڵانە دەبینیت کە ئاڵۆشی گەورەکان دادەمرکێننەوە.. ئەوانەش نامەی نهێنی و بڵاوکراوە قەدەغەکان دەگوازنەوە، ئەو منداڵانەی پێش ئەوەی بە چاوی بەستراو و پەلی شەتەك دراوەوە فڕێیان دەنە ژێرزەمینی زیندانەکانەوە، ئەو یاریانەیان کردووە کە بە شاردنەوەی گوللە و تەقەمەنی دەست پێ دەکات و بەگەیاندنیان بۆ شوێنی دیاری کراو، کۆتایی دێت. گەورەم دەیانبینیت چۆن بە دەست و پەنجە بچوکەکانیان، کە لە تەمەنی خۆیان گەورەتر دەنوێنن، کەل و پەلە هەرزانەکان بەناو سنورە مین ڕێژکراوەکاندا دەگوێزنەوە، ئەو سنورانەی بەتەلی دڕکاوی و سەربازی سادی چنراون، ئەو سەربازە سادیانەی تەنها بە زمانی لەش لەگەڵیان ڕێك دەکەون. گەورەم ئێستا لەم وێنەیە ورد بەرەوە(ئاماژە بۆ وێنەیەکی میر دەکات کە بە ژوورەکەدا بڵاوکراونەتەوە و وێنەی سەردەمی منداڵیەتی) تۆ سیمای ئەو منداڵە دەبینیت کە بەئارەزوی فراوانخوازی و غەمێك قورسە کە لە تەمەنی خۆی زیاترە؟

لەگەڵ ئەوەی میر سەرسامانە لە وێنەکەی خۆی رامابوو(هەرچەند خەریك بوو باوەڕ بهێنێت کە ئەم لەوەوبەر ئەم وێنەیەی خۆی نەبینیوە) منداڵی بە



شێوەی وشەی خۆڵەمێشی لە ناوەوەیدا دەتەقیەوە بێئەوەی یادگارییەکی بیربخاتەوە تا لەرێگایەوە هەست بە منداڵی خۆی بکات. چونکە میر هەرگیز ئەو ماوەیەی لە ژیانی خۆیدا نەبینیوە. قاوەگرەوەکە چاودێری ڕەنگی کورسیەکەی دەکرد کە لە ژێر ترسدا بەرەو شیریەکی مات دەگۆڕا، گوێی لە دەنگی گڕی میر بوو وتی:

–پێت نەوتم چۆن بەدوای منداڵیدا گەڕان؟

–ئای گەورەم.. ئەو ڕووداوە زۆردارانە غافڵیان کردم کە هێشویانە زاوزێ دەکەن و تۆش دەتەوێت هەموویانت پێکەوە بەیەك جار بۆبگێڕمەوە: دەبوو پێشتر بەرەو دزێوی شەڕی ناوخۆ و مومارەسە شێرپەنجەییەکانی سیاسەت و نەریت و سادیەتی مل کەچ کردن و دڵڕەقی خواوەندەکانی دەسەڵات بمبردیتایە تا بەچاوی خۆت بێزاری و حەسرەتی قوڵی ئینسانەکانت ببینیایە کە بۆ ئەو قۆناغە ناسکەی تەمەنیانی هەڵدەکێشن کە لەدوای خۆیانەوە بەجێیان هێشتووە، قۆناغێك لەتەمەن کە منداڵیەو سەیرترین بوونەوەری نەخۆش دروست دەکات. خۆ ئەگەر لەڕۆشتن بەردەوام بیت ئەوا توشی ئەو کەرنەڤاڵ و کۆنگرانە دەبین کە لەبارەی منداڵیەوە دەگیرێت.. وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ و درەوشاوە و ئەو لافیتانە دەبینین کەباسی منداڵی دەکەن.. دەچینە ناو ڕۆتینی ئەو یاسایانەی بۆ منالی دانراوە.. شاری یاریە سەیرەکان.. ئەو گەورانە دەبینین سەرقاڵی ئەو یاریانەن کەلەمنداڵیدا نەیان کردوون و لەبەردەم بەرنامەی منالاندا دەمرن. سەیری گەڕانە بێوچانەکانیان دەکەین کە بەدوای پاشماوەی منداڵی دایە کە جگە لەبریندارکردنی هەست و زللەی لەناکاوو تف هیچی تر نادۆزنەوە. گەورەم نازانم گێڕانەوە بەرەو کوێم دەبات و وردەکاریش چەندم لێ دەخوازێت. بەڵام ئەوەندە هەیە کە حیکایەتەکە لەناو لۆچی ڕوداوەکانیدا شتێك دەشارێتەوە کە بوارێکی زۆر بۆ خەیاڵ جێ دەهێڵێت. گەورەم ئاسان نیە دۆزینەوەی مانا بۆ ئەو ڕوداوانەی بەسەرچوون

و ئێمەش ئامادەنەبووین تیایاندا، دۆزینەوەی ناو بۆ ئەو دیاردانەی بەسەرماندا تێپەڕین بێئەوەی تیایاندا بژین. گەورەم هیوا بەلۆژیکێك نیە کە بەخەیاڵ خۆی بەو وێنانەوە خەریك دەکات کە زەینی نین.. لۆژیکێك تواناى بەسەر دۆزینەوەی روبەری هەستەکان و پانتاییەکانی ئارەزودا ناشکێت.

گەورەم توانام بەسەر رونکردنەوەدا ناشکێت و دەبێت خۆت لەسەختی لەدایك بوون لەناو دوانەی(بکە/ مەکە) بگەیت کە هەموو چەمك و دیاردەو شتەکانی لێوە دابەش دەبێت و لەوێشەوە گەشتنی پڕ مەشەقەتی کتێبەکان دەست پێ دەکات.

هێمنیەکی نائاسایی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا، قاوەگرەوەکە فنجانەکەی سوڕاندەوەو وتی:

—سوپاش بەفرۆکەو چەکە قورسەکانیەوە بەشداری ئەم کەرنەڤاڵە دەکات.

—هەموویان لەناو برد؟

—گەورەم هیوا لەرشتنی خوێندانیە و ئاسن نایان شکێنێت. لەکاتێکدا هەموو راپۆرتە بەرز کراوەکان دەڵێن((مناڵیمان بۆ بگێڕنەوە))، لەناونیشانی رۆژنامەکانیشدا بەمانشێتی پان و رەنگی سەرنج راکێش دەیڵێنەوە، جەللادەکان بۆ ئەبجەدیەتی پەروەردە دەگرین کە بەجێی هێشتن، فڕۆکە جەنگیەکان بڵاوکراوەو وێنەو یادگاریەکانی منداڵی دەبارێنن و تۆپە قورسەکانیش بێ دەنگ نابن و شارەکان بەیاری منداڵان بۆردومان دەکەن، نوسەرانێکیش بەخۆیان و یاداشت و چیرۆکی سەرچڵیەوە دەردەکەون کە لەو یادگاریانەوە وەرگیراون لەسەر جەنگیزخان و دڵی شێر و هانیبال و سعدی کوری ابی وقاص تا دەگاتە هتلر و ستالین و..هەیانە و لەسەر لەدایك بوونە ئەفسانەییەکانیان کە لەدرەخت و ئاژەڵی کێوی و ئەو خۆرگیرانەی لەهاتنتانا رودەدات و بەدەست لێدان کانزا دەگۆڕن بۆ ئاڵتون.. ئەوانە دەنوسن و دەنوسن تا لەرێگای ئەوانەی ناومان هێنان بچنە ناو سەرچڵیەکانەوە.



قاوەگرەوەکە کەمێك وەستا، گوارە عەرەبیەکانی بەدەم کۆکردنەوەی قژیەوە زرنگەیەکی کزیان لێوەدەهات، پاشان نیگای لەگەڵ نیگای ساردو نغرۆی میر لەهاوارو ناڵەی رەعیەتەکەیدا یەکانگیر بوو.

—گەورەم با رۆژانی یاخی بوونەکانی ئاینده وازلێبهێنین و بەبێ سنوریی گێڕانەوەو زەویە خامۆش کراوەکان بڕۆین.. با ماڵئاوایی لەکانیاوە کریستاڵیەکان بکەین و بەغەمی گۆرانیە پرسەدارەکان و کەروێشکەی کێڵگەکاندا تێپەڕین تا بگەینە بەسەرهاتی ئەو میرەی دەیەوێت بگاتە ئێستا.

*     *     *

لێرەداو بەگەیشتنیان بەکۆتایی ئەم حیکایەتە کە هەرگیز قاوەگرەوەکە ناتوانێت بەتەواوی بیگێڕێتەوە، جوانترین وێنەو ئەفسوناوی ترین دیمەن دەبینین کەئەویش دەرکەوتنی میرەبە شێوەی درەختێکی ئەفسانەیی پرشنگدار کە تۆوی لەهیچ خاکێکدا نەڕواوە ولەسازگارترین کەشدا نەبینراوە.

قەدو پەلوپۆی، لەجلە دڕاوەکەی میرەوە دەهاتنە دەرەوە هەردوو دەستیشی بەشێوەی دوولقی خوارو خێچ بەرەو ئاسمان هەڵدەکشان، گەڵاوگوڵیان دەرکردبوو. لەسەریدا چوزەرەی ناسك هەبوون بەدەم هەناسەیەوە دەلەرینەوە. بەهەردوو قاچیشیەوە کە وەك دوو رەگی ئەستور وابوون، رۆدەچووە زەویەوە.

بەشانازیەوە سەیری گەڵا درەوشاوەکانی و لقە بەرز بووەکانی دەکردو بەهێمنی وتی:

—پێشتر سێبەرێکت بینیوە. جوانتر بێت لەم سێبەرە راکشاوە؟

قاوەگرەوەکە سەرسامی بردبووی و هیچ وەڵامی نەدایەوە. چونکە بەدیمەنی ئەو باڵندانەوە سەرقاڵ بوو کە لەناو لقە چڕو هێلانە پڕ نورەکانیاندا دەیانخوێند و خۆیان حەشاردەدا. ئەم جوانی و گەورەیی درەختەکە بردبوی. بەڵام میر بواری نەدا گوێ لەگۆرانی باڵندەکان بگرێت و بەفریای خوێندنەوەی هێماکان بکەوێت، ئەو هێمایانەی بەپیتەکانی پێش نوسین لەسەر قەدو لق و گەڵای درەختەکە هەڵکەندرابوو.

دەنگی میر کە وەك تیشك بەوناوەدا بڵاو دەبوەوە، قاوەگرەوەکەی هێنایەوە سەرخۆی. میر وتی:



—سەیری ئەم درەختە پیرۆزە بکە تا بتگەیەنێتە پیرۆزترین رۆح کە لەسەری نازل کراو ئەفسوناوی ترین کتێبی پێ بەخشی.. من رەنگەکانم لەو سەرچاوە پیرۆزەوە ئاودراوە کە نور لەبنەکەیەوە هەڵدەقوڵێت.. ئەمە درەختی رەچەڵەکی منە.

*          *          *

## بەسەرهاتی ئەو میرەی بەدوای ئێستادا وێڵە

گەورەم.. ئەو شۆڕەسوارەی لەژێر پێتدا زەوی دەبێتە ئاو و شەونمیش لەسەر پێستت دەبێتە یاقووتی درەوشاوەو لەنێوان شەوی نوتەك و سپێدەی کوێردا دەجەنگێت، کاتێکیش روباری تریفە لەمانگ گیراندا وشك دەبێت، تۆ ئەو کاتانە دەچیتە لای ژنەکانت کە قوزە هەڵئاوساوەکانیان وەك گوێزێکی نوخشە، بەخۆشترین لەزەت رووپۆش کراوە، دوام کەوە گەورەم تاگوێت لەدرترین حیکایەت بێت کە هیچ حیکایەت خوانێك لەگێڕانەوەیدا نەگەڕایەوەو لاشە پڕ خەون و گۆشتە شیرینەکانیان لە رێگا وشك و چۆڵەکانی گێڕانەوە، لەناو تاشەبەردە تینوەکانی ژێر خۆردا بەجێمان و بوونە خواردنی بازە پیرەکان. ئەم حیکایەتە لە خەیاڵ دوورتر و بەدەر لە لەزەت دەتبات تا لە پەنهانییەکانیدا ون دەبیت. بۆ زاڵبونیش بەسەر ئەم چیرۆکەدا دەبێت لەکاتی گێڕانەوەیدا لە ئاماژە و پاشماوەی رابردوو رابمێنیت کە لە پەرستگا کۆنەکانەوە دێن و دەژێنەوە، لە ئامێرە سەرەتایی و کۆڵەکە زەبەلاحەکانی کۆشکەکانت و گۆرانی غەمباری کۆیلەکانت و وێنەی خواوەندە ریشدار و ئیمپراتۆریەتە مردووکانەوە.. گەورەم ئەم وڵاتە لە



ساناترین وێنەیدا لە مۆزەخانەیەك دەچێت کە جێگای هەموو بونەوەر و شتە بەسەرچووەکانی تێدا دەبێتەوە. تۆ دەتوانی ئەندێشەی پیاوێکی دردۆنگ بکەیت کە لەناو قەرەباڵغی پڕ لە هات و هاواری شتە کەڵەکەبووەکانی دەوریدا بۆ دڵنیایی و خودی سڕاوەی خۆی دەگەڕێت؟ هەوڵبدە بە دیقەتەوە سەیری بکەیت چونکە لێرەدا دەکەوینە ناو بەسەرهاتی پیاوێکەوە کە هەرگیز ناگاتە ئێستا.

قاوەگرەوەکە بەدەم توانەوەیەوە لەناو گەمەی رامان و گێڕانەوە فریودەرەکانیدا کە جارێکی تر ژیانیان لێوە دەژێتەوە، هەوڵیدا بە کورتترین رێگا بگاتە کۆتایی حیکایەتەکە، بێئەوەی مەترسیەکانی گێڕانەوە هەر لە رستەی زیادە و خەیاڵی پەرش، هەڵی خەڵەتێنێت، یاخود لە لێواری قسەوە بخزێتە ناو زۆر بڵێییەوە و توانای گەڕانەوەی نەبێت. هەروەك چارەنوسی ئەوانەی پێش خۆی تووشی هاتن. هەربۆیە هەوڵی خرۆشاندنی میریدا ئەویش بە راکێشانی فراوانترین دەرگای گوزارشت و ئاسانترینیان. لەسەرخۆ وتی:

–گەورەم دەزانم ئێستا تۆ بەناسینی سیما و تایبەتمەندی ئەو میرەوە سەرقاڵیت تا بگەیتە لایەنەکانی کەسێتی ئەو، تابزانیت ئەو میرێکی گۆشەگیرە یان خاوەن تەختێکی مردووە.. میرێکی وێڵە لە کۆڵانە تێکچڕژاوەکانی ئێستادا و لە لێکدانەوەی فنجانەکەوە هاتۆتە دەرەوە یا نا. بەڵام گەورەم ئەوەی ئاخاوتن دەتوانێ بیدۆزێتەوە ئەوەیە کە ئەو میرێکە دەیەوێت لە گەمارۆدانەکانی ناوەڕۆك دەرچێت و بە سوپا هیلاکەکەیەوە بەردەوامی بە جەنگەکانی بدات. بەشێوەیەك دەسەڵاتە پەلوپۆ هاوێژەکەشی بە پەیوەندی کوێر بە هەموو کەلوپەل و لایەنێکی شانشینەکەیەوە ببەستێتەوە کە هەرگیز گرێکانی نەکرێتەوە. لە جادووگەرێکی دەگێڕنەوە، پاش ئەوەی دەستی ئەو میرە دەخوێنێتەوە، وتوویەتی: ئەو لە ناوەوەیدا

سەختترین دژەکانی هەڵگرتووە و ئەوەی لەدەستی راستی، بە چەمانەوە چاوەڕواننەکراوەکانی و هێڵە نەرمەکانی دەستی چەپی بخوێنینەوە ئەوا(باڵندەییە) لەساتە رۆمانسیەکانی و(دوپشکێتی) لەتوڕبوونە ترسناکەکانیدا بەدەردەکەوێت.

قاوەگرەوەکە، نیگای بڕیە میر کە لە بۆنی تەسبیحەکەیدا نغرۆ بوو بوو.

—گەورەم لەکاتی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەدا رێکەوتی ئەو لێکدانەوانە دەکەین کە رابردوو تیاماندا دەیوروژێنێت، بێ ئەوەی بتوانین خۆمانی لێ لابدەین یاخود لێی دووربکەوینەوە، گرانیشە بەدوای وەڵامە رازیکەرەکان کەوین، هەربۆیە واباشترە بۆ مرۆڤ کەدان بەنوچدانیی خۆیدا بنێت.

میر نەیدەتوانی لەگرفتی ئەو ساتانە رزگاری بێت کە پێویستیان بەوێنەی زۆر بوو بۆ بەرجەستەبوون، ناچار بوو بڵێت:

—تۆ لە تواناتدایە بمگێڕیتەوە بۆ سەرەتا.؟

—ئێمە چەند ناکۆك بین لەگەڵ پێشینەی روداوەکاندا، ناتوانین ڕێڕەوی کارەساتەکان بگۆڕین. چونکە سەرەتایەك نیە بۆ گێڕانەوەی، یاخود من لەو ڕێبوارە دەچم کە لە سەرابدا بەدوای مردن دەگەڕێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەوڵ دەدەم رونتربم. ئەم میرە لەژێر رابردووە پیرۆزەکەیدا وەستاوەو لە کۆکردنەوەی پاشماوە بەجێ ماوەکانی رابردودا وێڵە کە دەیگەیەنێتە شتەمردوەکان و شەریعەتە سواو وناوە بەکار نەهاتووەکان، لەڕەشەکوژیەکان بەردەوام دەبێت و دەرگاو شورای کۆشکەکەی بە کەللەسەری دوژمن دەڕازێنێتەوە، ئافرەتەکان بەدڕندەترین یاسا دەکوژێ، بنچینەکانی سوخرەو بەکار هێنانی زەوی وەك چۆن لەسەردەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگە خوێن مژەکاندا باو بووە، دەگرێتەبەرو پۆشاکی ئەوپاشایانە دەپۆشێت کە لە خواوەندەکانەوە وەریان گرتووە.. بۆنەو ئاهەنگەکانی بەو سروتە کۆنانە بەڕێوە دەبات کەلەوەرزەکانی بێ بارانی و قات و قڕیدا پێی هەستاون،



قوربانیەکانی لەجوانترین کچی هەڵبژاردەی شانشینەکەی و گران بەهاترین کانزا پێشکەش دەکات. ئەویاسایانە جێبەجێ دەکات کە لە سەربەردەکان دۆزراونەتەوەو لەسەرکانزاکان هەڵکەندراون، پاش ئەوەی سەرلەنوێ دەیان نوسێتەوە. لەوێداو لەناو رۆچوون بەشانازی ڕەچەڵەکە پیرۆزییەکەی و فەرمانە شوشەییەکانی و هەڵسوکەوتە بێ هاوتاکانیدا دوژمنکانی دەکاتە تارمایی، گلەیی بەیاریو شکستەکانی بەسەرکەوتن... گەورەم ئەو دوور لەشکۆی رابردوو توانای ژیانی نیە.

لەسەر کورسیە ئاویەکەوە چاوی بڕیبوە دەستی قاوەگرەوەکەو بیری لەسامی کۆتایی و کارەساتەکان دەکردەوە.

—لەزەت و ئارەزوەکان چیان بەسەرهات؟

—گەورەم لەم ژیانە بازنەییەدا هیچ شتێك بوونی نامێنێت بەترسی پیربوون و مردنیشەوە. چونکە تەنیایی و تایبەتمەندی خۆیان لەدەست دەدەن. ئێمەش لەتاریکترین کات و بەئازارترین زەمەندا خۆمان بەمیراتی جێدەهێڵین بۆ ئایندە هەرچۆن خۆمان لەپێشینانمان بەمیراتی وەرگرت. ئا لێرەدایە مردن بەچۆکدا دێت. ئایا هەموو پاشاو میرەکان لەیەك ناچن؟ باوکە پۆلاییو بینای حوکم رانیەکانی سەردەمەجیاوازەکان و... و.. لێك ناچن؟ گەورەم تۆدەزانی—ئێستا—بەدڵی زیندوی و گەرمیی ماچەکانیەوە تا نەبێتە رابردوو هیچ بوونێکی نیە؟ ئا ئەم زەمەنە راکشاوەی ناو زەین کە پێی دەوترێت رابردوو زەمەنی راستەقینەی پاشاکەیەو ئێستاش..

میر بەورتە ورتێك کە ئاشکرانەبوو چی دەڵێت، قسەکانی پێبڕی و چاوی بڕیە ئەو دیوارەی دەکەوتە پشت قاوەگرەوەکەوە کە تا قوڵتر لێی وردببوایەتەوە جوانترین وەرز بەگەڵاڕێزانی گەڵا ئاڵتونیەکانیەوە بەدەردەکەوت.. میر حەزی بەپەخشان کردنی گەڵا کۆمەڵ بووەکانی ژێر درەختە گەچیەکان دەکرد ئەویش بەڕۆشتن بەناویدا، لەوکاتەدا لەپشت

درەختەکانەوە کۆمەڵێك منداڵی بینی کە بەکۆکردنەوەو ریزکردنی گەڵاکان یاخود دروست کردنی خانووی بچوك یاریان پێدەکرد. میر لەبێ دەنگیە کت و پڕەکەی قاوەگرەوەکە هاتەدەرەوە بێ ئەوەی ئەو وشەیە بدۆزێتەوە کە قسەکانی پێبڕی، ناچار قاوەگرەوەکە دەست پێشخەری کرد، پاش ئەوەی هەستی بەپەرش و بڵاوی میر کرد لە ناو ئەوگوڵانەی خەون و بیرکردنەوەی ئەویان بەرجەستە دەکرد. قاوەگرەوەکە وتی:

–ئێستا....

–ئێستا.. پێم بڵێ ئێستا ئەو میرە لەکوێ حوکم رانی دەکات؟

–لێرەدا گرێچنی کێشەکە سەرهەڵدەدات، ئەگەر لەو ئاماژە مردوانە تێنەگەیشتین کە میر لەناو مانا هێشوو‌ییەکاندا زیندو دەکاتەوە هەرلە هەڵۆ ئاڵتونیەکەی و پەیکەرە برونزیەکانیەوە بۆ ئەو شەهیدانەی لەناو سرودو دروشمە شێرپەنجەییەکانیدا دەژین، ئەوا ناتوانیت لەمیر تێبگەیت چونکە ئەو لە ئێستادا ئامادەنیە. بەڵکو لەناو ئاماژەکان و دۆزەخی رابردوودا دەژی، بەمانایەکی تر من ناتوانم بە ناونان گەمارۆی بدەم و بۆتی ئاشکرا بکەم چونکە ئەو هولامیانە دەردەکەوێت و بەدوای ئەکسیری دەسەڵاتدا دەگەڕێت.. گەورەم ئاگاداربە لەکاتی سەیرکردندا فریوت نەدات چونکە ئەو لەپشت حاڵی بوون و تێگەیشتنەکانی بینین و ئاماژە سەرکوت کەرەکانەوەیە، ئەمەش نهێنی شکست هێنانی کۆدێتاو نوشستی هەموو شۆڕشەکانە لەبەردەمیدا.

–هێشتا میر نەگەشتۆتە ئێستاو لەڕابردودا دەژی؟

–ئەو بەردەوام ئاماژەکان فڕێی دەدەنەوە ناوشادەماری رابوردووەوە، ئەو پەیمان نامانە دەبەستێت کە ئێسك و پروسکی دانەرانی بوونەتە بەرد. پاش ئەوەی زەوی لەژێر سوتان و زنجیری زرێپۆشیدا دەمرێت، ئەو دەگاتە چاکسازی، بەپاڵتۆی ئەوشەڕانە گەرمی دەبێتەوە کە(دووهەم و سێهەم) بەناوەکانیانەوە دەنێت و شەهید و کوژراوەکانیشی دام و دەزگاکانی حوکم



بەڕێوە دەبەن چونکە ئەوان لەو زەمەنەدا زیندون کە شتەکان ماناو ناوو بەهای لێوە وەردەگرن. رێکخراوەکانی بەشمشێری تیژ دەژین وپێشینان لەکتێبی قوتابخانەوە بەرهەم دەهێنێتەوەو لەگەڵ دوژمنە نادیارەکانیدا شەڕ دەکات.

میرنەیدەتوانی بەدوای ئەو وێنە زۆرەدا بڕوات کە لە وشە دومەڵاویەکانی قاوەگرەوەکەوە پەخش دەبوون، هەر بۆیە دوورلە هەموو هەستێك سەیری فنجانەکەی دەکرد.. قاوەگرەوەکەش هەستی بەبێ سودیی درێژدان بەقسەکرد و هەوڵی دەرباز بوونی لە پیسێتی و نەنگی حیکایەتەکە کرد. چەند جارێك فنجانەکەی سوڕاندەوە، پاشان سەری بەرزکردەوەو وتی:

–دوام کەوە ئەی خاوەنی روناکترین تەخت لەهێمنی و دڵنیایی یەقیندا تا لەڕێگای خەیاڵەوە بگەینە گەنجی نهێنیە بریسکاوەکان لەتاریکی گوماندا، بەباخچەکانی پارەدا دەڕۆین و کەمێك لە ئارەزوەکان رادەمێنین تا لە بێتوانایی و لاوازیمان دەربازبین، لەبەردەم ئەم پادشایەدا کەخاوەنی دوو بورجە لەبورجی ئەستێرەناساندا و ئەو هێلانە لەدەستیدایە کە بەچەندین مانای لێکنەدراوە ئاوەدانە.. با ڕێگایەکی درەختاوی بگرینە بەرو لێیەوە گوێمان لەهاوارو قاووقیژی منالان بێت و حیکایەتێکی سەیربچنین.. ئەویش چیرۆکی ئەو کچانەیە کە لەو پەڕی ناسکی تەمەنیاندا بە دەستی قەڕاڵە وەهمیەکان دەکرێنە ژن.

*　　　*　　　*

گەشتن بە-ئێستا-وەهمێکی ڕەش بوو، میر لەچاوی قاوەگرەوەکەدا دەیخوێندەوە بێ ئەوەی ئەو ڕێگا بازنەییە ببینێت کە بەردەوام فڕێی دەداتەوە رابردوو. دوای ئەوەی لەڕێگای ئەو چاوانەیەوە کە بەسەرانسەری وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە، لەئارامی دەسەڵاتە رەهاکەی دڵنیابوو، بەشانازیەوە وتی:

-پێویستە بۆچوونت بگۆڕیت و وردتربیت لەگەڕانت بەدوای ژیاندا؟

لەوکاتەدا رستەیەك قاوەگرەوەکەی داگیرکردبوو کە بیرچوونەوە لەناوجەنجاڵیی روداوی حیکایەتەکەی پێشوودا شاردبوویەوە بێ ئەوەی بوار بۆ درکاندنی برەخسێنێت. لەبەرئەوەی رانەهاتبوو بەم شێوەیە خیانەت لەیادەوەری بکات، ناچار وەك نهێنیەکی سەیری دۆزیبێتەوە بێ ئارامانە وتی:

-گەورەم هەر دەبێت ژیان بۆ ئێستا بگێڕینەوە..

ئەو رستەیە میری تاڕادەی بێزهاتنەوە وەڕس کرد، بێئاگا لەنیگای تاڵی قاوەگرەوەکە، وتی:

-تۆ هەردەم خیانەت لەگێڕانەوە دەکەیت و سیمای وڵات وەك شیزۆفیرینی و شێت بەناشرینترین وشە نیشان دەدەیت. تۆ خۆت لەیەکەم پیت و یەکەمین یاسای هەڵکەندراوی سەر بەرد گێل دەکەیت.. لەنوێ کردنەوەی پەیمانەکانی نێوان گەل و خواوەند لە رۆژی(مبایعە)وە تا رۆژی کشانی گەورە.. لەیەکەمین قوتابخانە و-بیت الحکمە-ی نەمرو دروست کردنی ئەو پیشەسازیانەی لەوە قورسترن تۆ ئەندێشەی بکەیت.. بەرزکردنەوەی زەبەلاح



ترین بورجی لەزەت و درێژترین رێگای خێرا بۆ مردن، هەڵکەندنی قوڵترین و سەیرترین روباری دەستکرد کەپێی دەوترێت- روباری سێهەم-، گەورەترین پرۆژەی راوکردنی ماسیە ناشەرعیەکان ئەویش بەوشك کردنی زۆنگاوەکان، نەخشەکێشانی جوانترین کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون، دروست کردنی پتەوترین و بەدیقەت ترین بەربەست بۆ ئاو و شتەکان، یاسای خودموختاری و گێڕانەوەی سەروەری وڵات و لەناوبردنی ئەو دوژمنانەی لەپشت ئیمزاو لەژێر عەبای شەودا خۆیان حەشارداوە، داگیرکردنی- شتومەك- بەسوپای پارە، ئەو شتانەی نەلەژمارە دێن و نەلەبن دێن.. ئەوشتانەی من خالقیانم.. تەنها من.. چونکە من لەسەر و هەموو بوونەوەرە تەمەن دیاری کراوەکانەوەم.. من خواوەندم.

*        *        *

## بەسەرهاتی میرە وەهمیەکان

–با لە ڕاوەدوونانی روداوەکان بەردەوام بین تا بەزنجیرەی حیکایەتەکاندا سەرکەوین یاخود دابەزینە روبەرە تاریکەکانی ئاخاوتنەوە. بەرەو ئەو شوێنانەی جگە لەفەرمان لەهەموو شتێکی تر چۆڵ کراوەو لەوێدا رەنگدانەوەی لەزەت بەرەنگی جیاوازببینین و شتەکان بەو وشانە بەرجەستە بکەین کە لەهەستەوە هەڵهێنجراون" جۆگەلە بەخۆشیو باخچە بەهێمنی سەوزبوون و دارستانە سەوزەکانیش بەسەوزاییەکی فێنك و جووت بونیش بەموچڕکە قێزەونەکانی مێ. گەورەم دەزانم ئێوە ئەوروبەرانە وەك دورگەی جێهێڵدراو دەبینن کەچاوەڕوانی دۆزەرەوەو چێژە بەبەردبووەکانی ناو ئەندێشە دەکات و وەك گەنجی شاراوە لەژێر زمانی لەزەتدا دەیدۆزینەوەو لەزەتیش لەنێوان رەنگە زانراو وبەکارنەهاتووەکاندا دابەش بووە" خۆشی وەنەوشەیی دەبێت و حوزنیش رەش. باواز لەوشوێنانە بهێنین کەپێشتر تاقیمان کردۆتەوە تاقەدەری حیکایەتەکان لەگەڵ خۆیاندا بمان بات، ئەو قەدەرەی لەسەرفریودان وەستاوەو پاڵەوانەکانمان ئاشنان پێی. گەورەم دەبێت لەجوانی بەئاگابیت تامەستت نەکات و ئەو وشانەش



هەڵتنەخەڵەتێنێت کەگوزارشتی لێ دەکەن. چونکە لەوێدا شەهوەتی گەڕان بەدوای دەسەڵاتدا دەمرێت.

هەناسە پچڕ پچڕەکانی میر کەبەمەدالیاکانی سەرسنگی قورس بوو بوون تادەهات قوڵتر دەبوو، ئەو مەدالیایانەی تیشکێکی کزیان لێ هەڵدە ستاو لەسەر جلە تێرەکانی قاوەگرەوەکە دەنیشتنەوە، دوور لە پەرش بوونی میر لەناو وشەدا، قاوەگرەوەکە لە ئاخاوتن بەردەوام بوو،

–رۆژ دەبینیت وەك پارەیەکی زێڕ بەسەرمانەوە دەدرەوشێتەوە و لەم چۆڵەوانیەدا شەوق دەداتەوە.. ئالەوێدا و لەژێر روناکیە قورس و سوتێنەرەکەیدا زۆر ڕێگا هەیە کە دەبێت درەوشاوەترین ڕێگای گێڕانەوەی هەڵبژێرم ئەگەرچی هەمووجارێك تینوێتی زەفەرمان پێدەبات.

قاوەگرەوەکە پێش میر کەوت تا بە یەکێك لە ڕێگا دڕکاویە تەم و مژاویەکانی گێڕانەوەدا بیبات بەڵام کاتێك هیلاکی لە سیما سەرسامەکەی میردا بینی و رەنگی کورسیەکەشی بەرەو خۆڵەمێشی گۆڕابوو، وتی:

–ئەی ئەو میرەی ڕێگایەکی داخراونیە لەرووی هەنگاوە شڵەژاوەکانت بوەستێت و بتوانێت زۆرانبازی لەگەڵ رۆیشتنتدا بکات، هەرگیز ڕێگاکان تەواو نابن و لە کۆتاییشیاندا کۆشکێکی درەوشاوە بە کەنیزەکە قەیرە و چرا فێڵباز و پاسەوانە هەتیوبازەکانی چاوەڕوانمان ناکات چونکە ئێمە بەدوای سەرچڵی گەڕیدەکاندا دەڕۆین.. بەدوای شێتێتی دۆزەرەوەکاندا کە لاشەیان لەناو جەنگەڵە نەزانراو و ئەو رووبارانەدا وشك دەبووەوە کە پێی کەسی بەرنەکەوتووە و لەناو یاداشتە لەبیرکراو و سادیەتدا خۆیان حەشارداوە.

قاوەگرەوەکە کە گوێی لە هەناسە بڕکێی میر بوو کەلەژێر خۆرە سوتێنەرەکەدا عارەقی کردبووەوە، سەری بەرەو لای میر وەرگێڕا و تا لە ورتە ورتەکەی تێبگات کە دەیوت:

–خۆزگە نەهاتینایەتە ئەم حیکایەتەوە..

–بالێرەدا لە ڕۆیشتن لادەین و لەکەناری ئەم ڕێگایە کە بە ناڵینی ڕێبوارەکانی پێش ئێمە بۆتە خەڵوز و لەژێر یەکێك لەم درەختە سێبەر زەرد و سور و سپیانەدا دانیشین کە وەنەوز دەدەن، تا حیکایەتەکە تەواو بێت و هیچ موعجیزەیەکیش نیە بۆ گەڕانەوە، چەندیش ڕۆچینە ناو ڕستەکانیەوە یادەوەریش ئەوەندە لەو ڕێگایە دەسڕێتەوە کە بڕیومانە. ئەی دڵخۆشترین میر لە دەستبەسەراگرتنی کلیلی گەنجی قەدەر، بە پێی پەتی بەناو زەمەنە بازنەییەکەتدا دەڕۆین و پێشبڕکێ لەگەڵ غوباری کاروانی وشتر و ئەو سوارانەدا دەکەین کە وەرزەکان بە شمشێر دەکەنەوە و بازرگانیی بۆن و ژەهر و کچێنی و کەڵبەی مار دەکەن.. با لەدوامانەوە واز لە هاوکێشەکانی ڕێژەو ئەو موشەکانە بهێنین کە شوێنەکان دەبڕن تا بگەینە ڕێگای دەسەڵات خۆی. ئەو ڕێگا ئاڵۆزە بە ڕاڤەکردن و هەڵکەندنەکانیەوە کە بەسەر چەندین ڕێگادا دابەش دەبێت کە بە قاچە دوومەڵاوی و برینایەکانمانەوە بەسەر ڕمە ڕوێنراو و پشکۆی چاوی قوربانی و ئەو لاشانەدا دەڕۆین کەلەناو چنگی ئەو کۆشکانەدا بوونە خەڵوز کە ڕێگاکان دەمانبەنە سەری. ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێرین کە دەگاتە پیرێك کە لە ساتی ئەوەدایە ببێتە دڵڕەقترین میر و قامچیەکەی چەخماخە دەدات و پریشکی ئاگری لێ بەرز دەبێتەوە، پێدەشتەکان بە سوپای وەهمی پڕ دەکات و ئەو زەویە شێرزانە داگیر دەکات کە لەبەردەمیدا ڕاکشاوە.

میر دانیشتنەکەی چاککرد و لەژێر ڕووناکی ژوورە غوبابەکەدا سەیری قاوەگرەوەکەی دەکرد. بێ گوێ پێدان وتی:

–دەتوانیت لە سەرەتاوە حیکایەتەکە بگێڕیتەوە!

–پاش دابەشبوونی ڕێگاکە بەسەرخۆیدا، دەگەینە هاواری باوك و دڵڕەقی مامۆستا و فەرمانی هیلاکی سەربازەکان.. گەورەم ئەو ڕێگایەیان هەڵدەبژێرم



کە دەگاتە یەکێك لە خانووە قوڕیە بچوکەکان و توشی هەنگاوە سەنگینەکانی پیرێکمان دەکات کە شکۆی ئەمیرەکان لە ناویدایە.

پاش دامرکانەوەی ترسی میر، ڕەنگی کورسیەکە گۆڕا.

–بەواتا ئەو میر نیەیە..

–گەورەم ئێمە لەناو وڵاتی میرە بێکۆتاکاندا دەگەوزێین، کە هەریەکێك میرێکی لەناوەوەیدا حەشارداوە و پاش کردنەوەی دەرگا بەڕوویدا پادشایەك بەخۆی و شمشێرێکی ئاگرین و ئەو فەرمانانەوە دێتە دەرەوە کە لە نێڵە نێڵی کڵپەکردندان. دەبێت لە ڕۆیشتن بەردەوام بین تا مەشەقەتی ڕونێتی، بگەینە ئەو پیرەی لە خۆئامادەکردندایە بۆ بەرەڵاکردنی میرە درەوشاوەکەی ناوی.

–چۆن بەرەڵا دەکرێت.. هیچ بۆنە و سنورێك هەیە بۆی؟

–لە ڕێگای فرمانە بێبەزەیی و چوونە لای کچ بەواتا بەهۆی کردنەوەی کچێنیانەوە، بەدەردەکەوێت. گەورەم نەریتەکانی وڵات بەڕادەیەك قورسن کە ناتوانیت لەپشت پەنجەرەی مردووی کۆشکەوە بیانبینیت. سەیری ئەو کیژۆڵەیە بکە کە کلیلی زیندانی میرەکەمانی بەدەستە، میرە وادە پێدراوەکە کە لەناو حیکایەتەکەدا کەلەپچەکراوە. ئەو کچەش یەکێکە لەوانەی لە خوێندا دراون.

–لەخوێندا دراو چییە؟

–ئەمە خاڵێکی کوتراوە لەسەر مەچەکی پێشینانی پیرۆز و شارستانی تۆڵەو ئارەزووی خوێن تیاماندا ڕواندوویەتی. ئەمە تەنها خاڵێکی کوتراوە نەوەك هەموو خاڵەکان.. ئەو میرە زیندوو کردنەوەی میرەکانی ناومانە کە لەنێوان بازوە بەشەڕهاتووەکانەوە دێت کە زۆرجار بە کوشتنی ڕۆحێك هەڵدەگیرسێت کە لەوانەیە بێگوناه نەبێت، یاخود بە ڕژانی خوێنێك کەکەم جار ڕێدەکەوێت بێگوناه بێت.. نازانم گەورەم کۆتایی ئەو ئاشوبە و کوژانەوەی لەبۆنەیەکی پیرۆزدا دەبێت یاخود نەفرەتاویدا. بۆنەیەك کە بەخواستی بەشداربوان

دەکرێت یا نا؟ بەڵام ئەوەی دەیزانم ئەم ڕووداوەیە کە بەشێوەی ئاڵوگۆڕکردن بەدیار دەکەوێت، ئەویش بە بەخشینی ژمارەیەکی زۆر لە کچی پاکیزە بەلایەنی کوژراوەکە کە سوێندیان بە تۆڵەی خوێن خواردووە. بەم بەخشینەش کینەیان دادەپۆشن و دوژمنایەتیەکەیان دادەمرکێتەوە و لەیادی دەکەن. ئەو ئاڵوگۆڕەش بەپێی بەهای خوێنە ڕژاوەکە دەنرخێنرێت کە هەندێ جار دەگاتە دوو نەوە لە کچانی حەوا کە هێشتا لەدایك نەبوون، یاخود بەپێی ساڵەکانی تەمەنی کوژراوەکە، بەو ساڵانەشەوە کە هاوخوێنەکانی لەو باوەڕەدا بوون ئەگەر نەکوژرایە، بژیابایە. گەورەم ڕازی کردنی کەس و کاری کوژراوەکە ئاسان نییە هەربۆیە بەدەر لە پاکیزەکان گردۆڵکەی ئاڵتون وەك نرخی خوێنەکەیان دەنێرن. لێرەشەوە خاوەندارێتی ئەو کچانە دەگوازرێتەوە بۆ بەرەی کوژراوەکە، کە ئاڵوگۆڕیان پێکراوە. ئەوەی لێرەدا هەموویان گرنگی پێدەدەن هۆکارەکانی کوشتن نییە بەڵکو تەنها کوشتن خۆیەتی.

قاوەگرەوەکە تا لە هەڵچونی میر و ناوەڕۆکی حیکایەتەکە دوور نەکەوێتەوە، هەوڵیدا بەرەو نزمترین کەناری ئاشکرایی دا بەزێت.

–لەم حیکایەتەماندا کیژۆڵەکە ساڵی سێیەمی تەواو کردووە کاتێك دەگوازرێتەوە بۆ ژێر موڵکداریی ئەو میرە پیرەی چاوەڕێی دەکەین. ئەو میرەی لەسەر پشکۆی تۆڵە چاوەڕوانە.. گەورەم تۆڵە ئاگرێکە دەبێت بیکوژێنینەوە تا هەناومان نەخوات. ئەگەر لە ڕۆیشتن بەناو زەمەندا بەردەوام بین ئەوا دەگەینە ماڵی پیرەمێردەکە کە جەنجاڵە بە قاقای ئەوانەی خوێنی کوژراوەکە بە شادەمارەکانیاندا دەگەڕێت.

–دەبێت ئێستا کچەکە تەمەنی بووبێت بەچەند؟

–لەش ساڵ تێناپەڕێت کە دەیبەنە ئەو ژوورەی بۆ تۆڵە سەندنەوەکە ئامادەکراوە و میرە شاراوەکەی تێدا ئازاد دەکرێت. گەورەم ناتوانم وێنەی



ئەو ژوورەت بۆ بکێشم و گێڕانەوەش دەرەقەتی نایەت ئەگەر هاتوو خۆت نەبینیت. ئەو ئێوارەیە پاش چاوەڕوانی سێ‌ساڵ بۆ گەورە بوونی کچەکە، پیرەمێردەکە بۆی دەچێتە ژوورەوە و پشت بە خوای کوژراوەکە و پێشینانی دەبەستێت و بەدەم گۆرانیەکی غەمبارەوە دەست بە دڕاندنی جل و بەرگی کچێنی کچەکە دەکات پاشان، ئاخ گەورەم چی دەبینم؟ ئەو پیرە وەك ئەسپێك کە لە چاوەڕوانیدا هیلاك بووە سواری کچەکە دەبێت.. هەلهەلەی ژنان و پێکەنینی پیاوان لەدەرەوە تێکەڵ بە هاواری کچە ونجر ونجڕ کراو و هەناوە پڕ لە ئاگری شەهوەتەکە دەبێت. گەورەم ئائەوە میرە ئازادکراوەکەیە وەستاوە و بەدەم حیلاندنەوە ئامادەیە هەڵکوتێتە سەر جەستەی کچە ڕاکشاوەکەی بەردەمی.

ڕەنگی کورسیە شوشەییەکە بەرەو سورێکی تێر گۆڕا کە ڕەنگدانەوەی ئارەزووە خرۆشاوەکەی میر بوو،

–چی‌تر.. چی بەسەرهات؟

–لێرەدا گێڕانەوە لەناوخۆیدا جیادەبێتەوە و لەبەردەم گێڕەرەوەشدا دوو ڕێگای ڕوون هەیە کە من هیچ یەکێکیان ناگرمە بەر بەڵکو تەنها بەسەریاندا تێدەپەڕم و بۆت باس دەکەم. یەکێك لە ڕێگاکان گێڕانەوەی کچەکەیە وەك پارچە پەڕۆیەکی دڕاو بۆلای کەس و کاری تا لەناو حەسرەتدا بنێژرێت پاش ئەوەی پیسیو ئەو جنێوانەی پێشتر نەبیستراون، دەکرێنە هەناو و ئەندامە ناسکەکانی زاوزێ و نازیەوە. ڕێگاکەی تریش هەرچەندە بۆ کچە قوربانیەکە بە ڕەحمترە لەوەی پێشوو بەڵام پاشماوەی ئازار بەشێوەیەك لە جەستەی کەس و کارەکەیدا جێدەهێڵێت کە هێندەی ڕێگاکەی پێشوو دڵڕەقە، ئەویش ناردنەوەی پارچە قوماشێکە کە چەند دڵۆپە خوێنێکی کچەکەی لەسەرە. ئەوخوێنەی لەسروتی تۆڵە سەندنەوە پیرۆزەکەدا لێی تکا. ئەوقوماشەش بەهەلهەلەی ئەو ژنانە پێچراوەتەوە کە ناوچەوانیان بەخوێنەکەی سورکردوەو

ئەو ژنانەش پارچە قوماشەکەیان لێوەردەگرن کە لێوان لێون لە سەرشۆڕی و لەبەردەم پیاوەکانیاندا وەستاون. ئەو پیاوانەی بەشێوەیەك دانیشتون کە پڕ لەسەرشۆڕییە.

—بەردەوامبە لە قسە..

—گەورەم لەتواناتدایە پاڕانەوەو فرمێسکی رژاوی ئەو کچە بێنیتە بەرچاوت و پیرەکەش ببینیت کە لەسەر پیرۆزترین بەرماڵ بەملکەچیە خۆڕسکەکەیدا رۆچووە، ئەو بەرماڵەی تەنها پاش سزا نەگۆڕەکانی خێڵ کە بەسەر کچەکەدا دەدرێت، نوێژی لەسەر دەکات. دوای ئەوەی تف لە قوزە غەزەبلێکراوەکە دەکات کەچرۆی سوردەردەکات و دەستی هاوخوێنەکانی پیرەکە دەیڕنن. ئەو پیرەی میرە سەرچڵەکەی ناوی لەبەرامبەر کچەکەدا بەرەڵادەکرد وابەمل کەچیەکی بێوێنەوە دانیشتووە.. لەشەرمەزارترین مل کەچیدا هەروەك وەستانی ئەو ئەفسەرە سادیانەی لەوسزایانەوە دەگەنە لوتکەی لەزەت کەجەستەی سەربازە لاوازەکان تائەوپەڕی ئازارو پەرکەم دەبەن و هەرخۆشیان لەبەردەم سەرەوەیاندا چەشنی مورو بچوك دەبنەوە یاخود وەك مل کەچی ئەو مامۆستایانەی دەستیان بەزللە پیس بووەو لەبەردەم بەرپێوەبەرەکانیاندا دەستەونەزەر دەوەستن.

قاوەگرەوەکە هەستی کرد ناتوانێت ئەم جارە حیکایەتەکە بگەیەنێتە کۆتایی هەربۆیە هەوڵی کۆکردنەوەی وێنەو دیمەنەکانیدا تا لەهەموو شتێك روتیان بکاتەوە جگە لەرستە شێرپەنجەییەکانیان نەبێت. لەوکاتەدا ئەو رستە نەفرەتیەی بیرکەوتەوە کە لەجەنجاڵی بۆنەی سزادانی کچەکەداو لەناو هەلهەلەو هاوارو گریاندا بیری چووبووەوە کەدەبوو لەساتی بەدەرکەوتنی میرە چاوەڕوان کراوەکەی ناوەوەی پیرەکەدا بیڵێت.سەیری میری کردو لۆمەکردن لەدەنگە لاوازەکەیدا بوو کاتێك وتی:

—لەدوا شەوە لەگەڵی کردبوو!



قاوەگرەوەکە نیگەرانیی پێوە دیاربوو.. ترسێکیش جەستەی گرت کە هەرگیز پێی رانەهاتبوو، بەبێزاریەوە وتی:

—گەورەم با وڵاتی ئەو خێڵانە جێبهێڵین کە وەجاخیان لەڕەشەبایە.. ئەو کۆمەڵگایانەی شاخ دەخوێننەوەو ئەو رێگایەش بسڕینەوە کە دەچێتەوە سەر وشکێتی مردن و شەریعەتە بێ سەروبەرەکان و یاسا نەخۆشەکان، دارستانەکانی مەمك و روباری لاشەو گردۆڵکەی کەللەسەرو نهێنی شمشێرەکان بەجێ بهێڵین.. بابڕۆین تا بگەینە بەسەرهاتێك کە لەو روداوانە دوورمان خاتەوە، خەیاڵ دەتۆقێنێت و بەخەون دەبڕێن.. چیە ئەگەر چوینە ناو(بەسەرهاتی ئەوجۆڵایەی هەموو تەمەنی بەگەڕان بەدوای ئەوگوڵەدا دەباتە سەر کەلە خەیاڵیدا ونی کردووەو مافورەکەی نەڕازاندەوە)؟

—نەخێر.. دەمەوێت بەجوانترین شێوەی گێڕانەوە گوێم لەبەسەرهاتی ئەو وڵاتە بێت کەلەناو پەیوەندیە کانزاییەکانیدا مرد.

—کەواتە با بەکانزادا بڕۆین و بگەینە نەبینراوەکان.. لەرەنگدانەوەی گوڵێکی سوور لەزەینماندا رابمێنین، سنوری یاساکان تێك بشکێنین، لەخوێندنەوەی درەخت و هەورو ئەو روناکیە گەڕێین کەبەختمان نیشان دەداو پێکەوە لەپێشبینی فنجانەکە ورد بینەوە تابچینە ناو بەسەرهاتی ئەو شارەوە.

* * *

میر بەنیگایەکی هیلاکەوە سەیری فنجانەکەی دەکردو هەوڵی دەدا لەروداوی میرەکان، لەهاوارو فەرمانیان دەربچێت و بگەڕێتەوە. ناچار بەهاوەڵی میراتیەکانی فتوحات رۆشت.. بێباکانە لەتاجی وەهمیی وفەرمانە دڵڕەقەکانی میرەکان ورد دەبوەوە ودڵنیا بوو لەوەی کەتاجەکەی خۆی ئەفسانەیی‌ترە لەتاجە نادیارەکانی ئەوان و پۆشاکەکەشی کەبەسەیرترین مەدالیا رازاوەتەوە ئەفسوناوی ترە لەوانەی ئەوان.

بەگلەییەوە وتی:

–تۆ نهێنی میرە وەهمەیەکان دەزانیت.. میرە دڵ پیسەکانی خێزان و کەنەفتە مەغرورەکانی سوپا یاخود فێیاویەکانی پەروەردە. تۆخەسیوەکانی ژێر قامچی و فەرمانەکانیانت بینیوە. تۆ منت بەمەرگاوی ترین سەفەر بردەناو ئازارەکانیانەوە کەمانایەك بۆ چێژ یاخود خۆشی نازانێت.. فڕێتدامە ناو ئەو میرانەی لەقەدەرە رەشەکاندا لەنگەریان گرتووە و خۆشت لەبێ سنوریی فەرمانەکانم و ئەو کۆشکانەم گێل کرد کەتاڕادەی سەرسامی پیرن.. ئەو رێگایانەشت پشت گوێ خست کەدەچوونەوە سەر ئەو هێماو ئاماژانەی نە هەڵە نەبیرچوونەوە دەزانن.. تۆ خۆت لەهەموو ئەوانە گێل کرد وەك ئەوەی نەزانیت هەموو رێگاکان دەچنەوە سەر من نەوەك کەسێکە تر..

قاوەگرەوەکە هیچ جوڵەی نەکردو هیچیشی نەوت تا ئەو ئارەزوانە نەخرۆشێنێت کەهەرگیز لەناو ناچن و دانامرکێنەوە ئەگەر بۆنی خوێن و سوتان و وێرانەیان کرد. قاوەگرەوەکە پرسی:

–زیاترت دەوێت؟

میر هەرگیز ئەو ئامۆژگاریەی بیرنەچۆتەوەو بیریشی ناچێتەوە کەدڵسۆزترین و دواهەمین حەکیم پێش کوشتنی بەخواردنەوەی ژەهر بۆی بەجێهێشت. ئەو ئامۆژگاریەش حەکیمەکە پێش دیارنەمانە هەتا هەتاییەکەی



درکاندی و وتی: سەروەرم.. تادەسەڵاتەکەت بەپانتایی ژیان بێت و فەرمانرەوایەتیشت هێندەی رەهایی مردن بێت ئەوا دەبێت کەماڵی هەموو خاوەندەکانت هەبێت و کەماڵیش نهێنی نەمریە. بۆئەوەی زەوییەك موڵکت بێت کەبنچکێکی تێدا نەڕوێت و کەسێکی تێدا نەژی و باڵندەیەك لەئاسمانیدا نەفڕێت ئەگەر بەستایشی تۆوە نزانەکات ئەوا لەسەرتە دەست بەسەر هەردوو روی نەمریدا بگریت کە لەدوانەی بەهەشت و دۆزەخ دا خۆی دەنوێنێت. ئەویش بەجۆرێك کەبەردەوام روی بەهەشت لەرووت بێت چونکە ئەو ئاوێنەتە، بەڵام دۆزەخ روی لەکۆیلە مل کەچەکانت بێت تاچاویان بۆ هەر لایەك گێڕا دۆزەخ لەبەردەستیاندا بێت و ئیبلیسەکان نەتوانن فریوی یاخی بوونیان بدەن و بەرەو گوناهی کفرکردن بەخواوەندێتیت نەخزێن... ئەی خاوەنی ژیان هەردەم بیرت بێت کەبەهەشت لەناو خۆشنودی کۆشکە نادیارەکانتدایەو دۆزەخیش بۆنی لاشەو خوێن و ئاگرو کاولکاری لێدێت.. خۆئەگەر کۆشکە نادیارەکانت ون بوون ئەوا بەهەشتەکەشت کۆتایی دێت.. ئەگەر بۆنی لاشەو خوێنیش نەما ئەوا دۆزەخ ون دەبێت.. بەهەر حاڵ تۆ هەر رویەکی نەمری لەدەست دەدەیت و دەرگایەك بەسەر کۆتاییتدا دەکەیتەوە. ئەی خاوەن کەمال نەکەیت بەهەشتەکەت لەدەست بدەیت.. نەکەی ئەو بۆنانە ون کەیت کەمژدە بەخشی دۆزەخە ئەی خاوەن روەکانی نەمری..

قاوەگرەوەکە هیچ قسەیەکی نەکرد، چونکە سنورەکانی قسەکردنی لەبەردەم میردا دەزانی بەتایبەت لەکاتی هەژان و خرۆشانی یاخود توڕە بوونە پەشۆکاوەکانی‌دا. بەوبەهرەیەی لەخوێندنەوەی چاوو نیگادا هەیبوو تێگەیشت کەوا باشترە بچێتە ناو گێڕانەوەی حیکایەتێکەوە کەمیر سەرا سیمە بکات و لەدوایەوە سوتانی دارستان و نغرۆبوونی ئەوشارانە بەجێ بهێڵێت کەئامادەیی ژیانیان هەیە.. ئاوەدان کردنەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ و هەڵوەرینی بیلبیلەو گەڵاو باڵندەو پەنجە لەحیکایەتی ئەو کتێبانەوە کە

نەبەرگ و نەناونیشانیان هەیە یاخود ئەوانەی نەوە دوای نەوە دەگێڕڕێتەوە. هەربۆیە چاوی بڕیە فنجانەکە تا لێیەوە سیماو ڕەهەندو هێڵەکانی وڵاتی حیکایەتە تازەکە دیاری بکات..سنوری پەیوەندیە کانزاییەکانی بەدەربخات تا لەو بۆنەو سروتانەدا سەفەری وشەو ڕستە بەتولە ڕێی گێڕانەوە بێکۆتاییەکاندا ڕێك بخات کە زۆر جار میر والیێدەکات بەخیلی بەقاوەگرەوەکە بەرێت.

*　　　*　　　*



## بەسەرهاتی ئەو وڵاتەی لەپەیوەندیە کانزاییەکانیدا گیان دەدات

—گەورەم.. ئەوەی ئێستا دەمەوێت بیگێڕمەوە لەحیکایەتە فریودەرەکانە چونکە تەنها ڕویەکت نیشان دەدات کە هەگیز ناتوانیت لێیەوە بەرەو کرۆك بچیت و فڕێت دەداتە ناو لێکدانەوەی هێماکانیەوە. هەربۆیە لەتوانامدایە بێئەژمار چیرۆك بگێڕمەوە کەلەم حیکایەتەوە هەڵدەقوڵێت و لەنهێنیەکانیدا ون دەبیت. بەپێی توانا هەوڵی دوورکەوتنەوە لەگەڕان بەدوای ناوەڕۆکدا دەدەم.. ئەوەش دەگێڕمەوە کەلەفنجانەکەدا دەیبینم و ئەوەی دەشمێنێتەوە لێی دەگەڕێم بۆ تێگەشتن خۆی..

قاوەگرەوەکە وەك هەرجارێکیتر وەستا تابەهێمنی لەفنجانەکە رابمێنێت، پاشان وتی:

—لەفنجانەکەدا وڵاتێك بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە راکشاوە هەرلەرێگای خێرا.. کارگەی نەخۆش، شوێنی سامناك کە بۆ گۆڕینەوەی شت و مەك و لەش بەکاردێت تا دامەزراوی پۆڵایی.. ئەو وڵاتە بەهەموو ئەدگارە فریودەرەکانیەوە راکشاوە..

میر جگەرەیەکی پێچراوەی داگیرساند و هەوڵیدا دابەزێتە پەنهانی حیکایەتەکەوە.. پرسی:

—ئەو وڵاتە نەدەکەوتە نزیك...

قاوەگرەوەکە دەیزانی چۆن روبەڕوی هەڵوێستێك دەبێتەوە کە میر تێیدا بێتوانا دەبێت لەدۆزینەوەی دەستە واژەیەك، هەربۆیە بەخێرایی وتی:

-گەورەم پێویستە سنورەکانی بینین بشکێنین و ئاسۆکانی هەستیش فراوان بکەین چونکە ئەو وڵاتەی لەبارەیەوە قسەدەکەین تەنها رەنگدانەوەی وڵاتێکە کە لە زەینماندایە..

میر ئاماژەی پێداو وتی:

-بەردەوام بە.

-ئەی حاکمی هەمووگەشت و پەڵە هەوری باران و وەرزی زاوزێ، من ناتوانم ئەم وڵاتە بە پتەوترین رستە گەمارۆبدەم و بەدڵڕەقترین چنینی گێرانەوەو بێسنوری خەیاڵ قسەی لەبارەوە بکەم.. هەموو ئەو چیرۆکانەت بۆ بگێڕمەوە کە لەم حیکایەتەوە دێنەدەرێ. هەر لە جەنگە بێکۆتاییەکان و خۆشەویستیە خوێناوییەکان تا سورانەو خۆسوتاندنی کچان و پیربوونی منداڵان و هەڵهاتنی عاشقان بەهاوەڵی ترس.. هەربۆیە بەدڵێکی حەسرەتاوییەوە روەو کەنارەکانی دڵنیای سەوڵ لێدەدەم و ساتێك هەڵدەبژێرم بۆ چوونە ناو حیکایەتەکەوە کە تێیدا هەموو چیرۆکەکان کۆبووبنەوە. ئەوساتەش ساتی مردنە کە لەژێرسیس هەڵگەڕانی پەیوەندیەکاندا دەدرەوشێتەوە. دادەبەزینە ناو ئازارەکانی مردنەوە کە پەرتوکە ئاسمانیەکان تیاماندا چاندویانە. تا سەر چڵی بە وشەوە نەکەم دەڵێم مردنی ئەو وڵاتە وەك مردنی زیندانیەکانت نیە، ئەو زیندانیانەی کەڕوو دایانە پۆشێت..

-چۆن..

-باڵێگەڕێین حیکایەتەکە خۆی خۆی ئاشکرا بکات ئەگەرچی سنوری ئاشکرا کردن و دۆزینەوە بێسنورە. ئەم وڵاتە دەکەوێتە نێوان رژانی رابردوو بۆناو ئێستاو هێرشی ترسناکی تەکنۆلۆجیاوە کە هەموو بوونەوەرەکانی توشی شێتیەکی ترسناك کردووە. با بەیەکێك لەشارەکانیدا بڕۆین تا ئەو



پەیوەندیانە ببینین کەخەڵکەکەی لەناو قەفەسی ئاڵتونی خۆیدا زیندانی کردووە. گەورەم هەوڵبدە لەناو ژێرزەمین و وێڵگە نیگەرانەکانیدا ونم نەکەیت.

میر بەخۆشحاڵیەوە سەیری قاوەگرەوەکەی دەکردو وتی:

-هەرجارێك تۆ ئەم حیکایەتە دەگێڕیتەوە ئەوا دەبێت چاوەڕوانی یەك قەدەر بکەین بۆ ئەم وڵاتەو لەناو ئەو چارەنوسەیدا بسوڕێینەوە کە هەرگیز ناگۆڕێت.

-گەورەم.. رۆشتن بەناو رێگا ئەفسانەییەکانی گێڕانەوە، لەو قەدەرە نوسراوانە دەرمان ناکات کە وەك هێڵەکانی دەستمان کێشراون. بەڵکو ئەو رێگایانە وامان لێدەکات بەزەمەنە پێچاو پێچەکاندا بسوڕێینەوە. هەربۆیە ناتوانین بەسەر گیانەڵای ئەو وڵاتەدا بپەڕێنەوە.. گەورەم سەیرکە..

میر چاوی بڕییە ناو فنجانەکەو بەسەر سوڕمانەوە وتی:

-سەیرە ئەوان لەژیاندا مردوون هەرچۆن رێبوارێکی وێڵ لەبیاباندا ون دەبێت کە بیابان لەلای مانای ژیانە..

-ئەمە ئەو نهێنیەیە کەدەمەوێت بەوشەی رون و ئاشکرا بیگەمێ.

خۆشی رژایە دەمارەکانی میرەوە ئەویش بەهۆی ئەو توانایەی لەخۆیدا بینی بۆ پێشبینی کردن و شانازی بەیادەوەریەوە دەکرد کەدەیتوانی مێژوو ببڕێت و باوەڕی بەخۆی دەکرد کەئەمە یەکەم جاریەتی گوێی لەم حیکایەتە دەبێت. میر وەك رازی بوونی لەئاوێنەکەی کە لەوپەڕی لاوێتیدا نیشانی دەدات، هێندەی رازی بوونی لە کەنیزەکە سنگ پڕو لێو ئەستورەکانی لەکاتی دەست بازیدا، لەگێڕانەوە رازی بوو. ئەم رازی بوونەشی نەشاردەوە لەقاوەگرەوەکە کە توانای زۆر زیاتر بوو لە کتێبخانە زیندوەکەی. ئەم جارە بەچاوی رازی بوونەوە سەیری قاوەگرەوەکەی دەکرد. ئەگەرچی ئەمیش وەك هەموو هاوڵاتیەکانی تری تەمەن کورتە. میر هەستی بەون بوون کرد پاش

ئەوەی ویستی بەرەو روداوی حیکایەتەکە بگەڕێتەوە و ڕێگایەك نەبوو ڕێنوێنی بکات. تەنانەت ئەو بابەتەشی بیرچووەوە کە ئەو گەشبینییەی لادروست کرد و لەناوی حیکایەتەکەش جگە لە –وڵات و مرد یاخود دەمرێت–هیچی بیرنەما.

قاوەگرەوەکە ئەوەندە وریا بوو کە هەرزوو دەرك بکات چی رویداوە ئەویش بەسەیرکردنێکی خێرای کورسیەکەی میر کە زەرد هەڵگەڕابوو.. هەربۆیە پەلەی کرد لە رزگارکردنی میر چونکە لەسیمایدا دیاربوو دەیوت:

–لەکوێ قسەکانماندا بووین؟

–گەورەم ڕێگام پێدەدەیت لەگێڕانەوە بەردەوام بم؟

میر سەری بۆ لەقاند و چاوی لەسەر فنجانەکە راگرت. وەك ئەوەی شتێکی بیرکەوتبێتەوە بەگلەییەوە وتی: ئەی بۆ وەستاویت؟

–کاتێك دەچینە ناو ئەم شارەوە کە لە فنجانەکەدا لەنگەری گرتووە، وەك ماسیەکی زیوین دەیبینیت کە لەناو تۆڕێکی ئاڵۆزی ڕەنگاورەنگ بە ڕەنگە گەرم و ساردەکانەوە راکشاوە. دەزووی ئەو تۆڕەش لەسەری خەڵکەکەوە دەردەچێ و بە کەل و پەل و زیندەوەرەکان کۆتایی دێت.. ئەو تۆڕانەن دەتوانن ئاگری ژیان خامۆش بکەن. گەورەم لە وەسف کردنی وردی ئەم شارە کە لەسەر دژەکان وەستاوە و لەبەردەم سیمای درەوشاوەی خوادا کراوەیە، لەبەردەم فرمانی تاڵ و چرۆی چەك و قوببە ئارام بەخشەکانی و شەڕی خێڵەکانیدا هەست بە بێتوانایی دەکەم، ئەو شەڕانەی لەسەر غەنیمەی پیادەکردنی نوێترین جۆری مردن و رازاندنەوەی بە جوانترین چەمك و بەهان. ئەگەر سەیری ئەو ژنە رەشپۆشە بکەیت کە من دەیبینم و ئەو تۆڕی پەیوەندیانە ببینیت کە زیندانیان کردووە ئەوا دەتوانیت زۆر شت لەبارەی ئەم شارەوە بزانیت. ئەوەتا ئەو تاڵە رەنگ سەوزە ئەستورەیان بە خێزان و پەیوەندییە پیرۆزەکانی خوێنەوە دەیبەستێتەوە، ئەو تاڵە رەنگ شینانەش



بەشەرەفیەوە دەیبەستنەوە، ئەوەش کە لە ئاسن دەچێت بەمردووەکانیەوە گرێ دەدەن و ئەو تاڵە رەشانەش کە لە ژماردن نایەن بە میراتیەکانی رابردوویەوە دەیبەستنەوە هەر لە رەچەڵەك و حەرامکراوەکانەوە تا موڵکدارێتی و... گەورەم ئەو گووریس و تاڵانە لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ دەدەن و بواری ژیان و سەرکێشی جەستە و ئارەزوو نادەن. ئەگەر سەیری هەموو خەڵکی ئەم شارەمان کرد ئەوا دەیان بینین چۆن لەناو ئەم پەیوەندیانەدا تا ئەبەد زیندانی کراون و لەژێر باری گرانی ئەم پەیوەندیانەدا دەمرن..

–ئەی ئەو گوریسە خۆڵەمێشیانەی کۆتاییەکانیان نابینم..؟

–بمبورە گەورەم بیرم چوو باسیان بکەم.. ئەوانە دەچنەوە سەر ڕێگایەکی سامناك کە دەسەڵاتە.

میر بەسەرسامیەوە وتی:

–تۆ هەست ناکەیت بۆنێکی ناخۆش لە شارەکەوە دێت؟

–گەورەم ئەوە بۆگەنی ئەو پەیوەندیانەیە کە خەڵکەکەی وەك تەزبیح پێکەوە بەستۆتەوە.

میر دەستی بە سمێڵە پڕەکەیدا هێنا و بێگوێ پێدان وتی:

–ئایا ئەو شارە خۆی کوشتووە یاخود پەیوەندیەکان خنکاندوویانە؟

–ئەی ئەو کەسەی یاسەمین لە خوێنتا و گوڵە مێلاقەش لە چاوتا سەوز دەبێت و هەستەکانیشت لەناو ئەو بۆنانەدا گەشە پێدەدەیت کە لە عەدەمەوە دێن.. ئەوەی دەیڵێیت لە نهێنیەکانی داهاتووە. بەڵام ئەگەر ویستت ئەوا خیانەت لە گێڕانەوە دەکەم و پێش زەمەنەکەی دەکەوم مادام هیچ سەیر نیە کە گێڕانەوەش لە داهاتوویدا خیانەتمان لێبکات. گەورەم خەڵکی ئەو شارە وای بۆ دەچن کە دەتوانرێ هەوڵ بۆ بڕینی هەموو ئەو پەیوەندیە پتەوانە بدرێ کە بەشتەکانیانەوە دەیبەستێتەوە و زیندانیان دەکات تا ژیان بە

ژیان پڕبکەنەوە نەوەك بە مردن.. دەیانەوێت شکۆ بۆ ئێستا بگێڕنەوە و جەستەش لە پاشماوەی رابردوو رزگار بکەن.. گەورەم ئەمانە تەنها هەوڵ دانن و لەوانەیە وەك هەر هەوڵدانێکی تر سەرنەکەوتن لەچارەی نوسرابێت و تەنها وەك خەونێك لای ئەوانە بمێنێتەوە کە قەدەر دەیانهێنێتە ئەم شارەوە و لێرەدا لەدایك دەبن.

—دەبێت سەرکەوتن لەچارەی نوسرابێت..

—گەورەم من خیانەتم لە گێڕانەوە کرد تا بتوانم رۆبچمە ناو پەنهانیەکانیەوە بەڵام ناتوانم خیانەت لە ئێوە بکەم، ئەی هەڵگری شمشێری بروسکەیی زات ناکەم شتێك بڵێم کە لە فنجانەکەدا نەمخوێندبێتەوە. فنجانەکە باسی ئەم هەوڵ دانانە دەکات بێ ئەوەی هیچ لەبارەی سەرەنجامەکانیەوە بڵێت و هەموو هەوڵدانێکیش مەحکومە بە سەرنەکەوتن..

میر نائارامی پێوە دیار بوو، ناچار قاوەگرەوەکە وتی:

—هەرچۆن فنجانەکە مافی تێڕوانینی هەیە ئێمەش ئەو مافەمان هەیە و دەتوانین هەوڵەکانیان بە سەرنەکەوتوو بخەملێنین..

کورسیەکەی میر گۆڕا بۆ وەنەوشەیی، قاوەگرەوەکە وای بەباش زانی لەو هەوڵدانە نەفرەتیانە دوور کەوێتەوە کە خەریك بوو دەرگای دڵڕەقترین دۆزەخی بەڕوودا بکاتەوە. هەر بۆیە ویستی هەژموونی خۆی بەسەر رستەکانیدا بکات و هەل لەدەست نەدات، بەنازەوە وتی:

—ئایا نهێنی ئەو وڵاتە سەرسامت ناکات کە لەژێر زاوزێی مینەکاندا بنچکێکی تیا سەوز نابێت؟

میر دەستی لەژێر چەناگەی دەرهێنا و نەشئە لە دەنگیدا بوو وتی:

—نەخێر باسی چینە شێرپەنجەییەکانم بۆ بکە..

—کەواتە دوای هەنگاوە رووتەکانم کەوە بێئەوەی دێو و درنجی زمان و شێری نیهادو دوپشکی گوزارەکان بەئاگابێنین.. با وەك رۆیشتنی ئاو



هێمنانە بڕۆین و تێکچڕژانی ئەو پەیوەندیانە بەجێ بهێڵین و بچینە ناو رۆژانەی گەڕیدە و دۆزەرەوەکانەوە..

*　　　*　　　*

هەرکاتێك قاوەگرەوەکە لە چیرۆکی وڵاتە مردووەکە دەبێتەوە ئەوا دوور لە بێدەنگی میر دەوەستێت کە لە دەرەوەی ئاخاوتندا نوقوم بووە و سەیری شکۆی خۆی دەکات کە لەناو تۆڕێکی ئاڵۆز وەك جاڵجاڵۆکە دانیشتووە. لەبەردەم دەرگاکانی پیرێتیدا وەستاوە و لەڕێگای رستەوە لە دوژمنە وەهمیەکانی رادەمێنێت و سەیری رەشبگیری و پاکسازیەکان دەکات کە لە رێگای توانەوەی جەستەوەیە لە زەمهەریری ئارەزووکانیدا کە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دەزوی لاوازی پەیوەندی دەیانبەستێتەوە بەمەوە.

لەم دانیشتنە ناسکەیدا بە خەیاڵە ترسناکەکەی سەردانی ئەو زیندانانە دەکات کە رۆژ بە رۆژ تەسك دەبێتەوە بەسەر خەونی زیندانەکانیدا و لە سێدارەی سەرسوچ و شەقام و کۆڵانەکان دڵنیا دەبێت.. بەردەوام میر بەو خەیاڵەوە دەسوڕایەوە بێئەوەی بێسنوری ئەو وێنانە هیلاکی بکەن یاخود لە بینینی دیمەنی کوشتنی درێو و هەڵوەشاندنی جەستە وەك تفەنگ بێزار ببێت.. یاخود لەو دروشمانەی بە خوێن دەنوسرانەوە و بە جەستە دەسڕانەوە.

قاوەگرەوەکە نیگای دەگرتە میر کە لە دڵڕەقیی گۆشەگیریەکەیدا دانیشتووە و ئەو تۆڕانە دەچنێت کە لە رۆژهەڵاتی زەویەکانیەوە تا رۆژئاوایان بڵاودەبێتەوە و خەڵك و کەل و پەل و بونەوەرەکانی، لەژێر سایەی تەختە درەوشاوەکەیدا کۆدەکاتەوە.

وەك ماسی گرێك بەدوای مرواریدا بگەڕێت، بەردەوام ئەو تۆڕانەی دەچنی و تاڵە ئاوریشمیەکانی بەدەوری خۆیدا هەڵدەدا. تۆڕەکانی هەڵدەدا بێئەوەی ناویان بزانێت ناچار فەرهەنگە ئاویەکەی دەگەڕاو بەجۆرێك ناوەکانی لێدەنا کەڕەنگەکان لەگەڵیاندا بگونجێن بۆ نمونە((گێرەشێوێن)) و((یاخیان))



رەنگیان لەنێوان شەویی و غوربایی و ژەنگیدا بوو.. تۆڕەکانی بەناوی ((هاوڕێیانی سەرۆك)) و((دڵسۆزانی تەخت و وڵات)) و... بوو.

پاش ئەوەی لەو تەنیاییەیدا کە لەدان ئێشە دەچوو، ناوی تازەی بۆ کوژراو و وێرانەکان دۆزیەوە. لەبەردەم ئاوێنە تەنیاکەیدا وەستا کە سیمای بەنورێکی دڵڕفێنەوە نیشان دەدا.. ئەو ئاوێنەیەش لەشەوی لیلە القدر دا پێشینیانیان پێیان بەخشی دوای ئەوەی هاتنە خەوی کە لەنێوان سەد پاکیزەدا نوستبوو. ئەو شەوە یادی لەدایك بوونی بوو کە زۆر جار لەو بۆنەیەدا لێبوردنی بۆ ئەوانە دەردەکرد کەشەوێك خەونیان پێوە نەبینیوە و ئەمیش بەوەستانی هەتا هەتایی لەنێوان دارتێلی شەقامەکان حوکمی دابوون یاخود مژدەی خۆشی بۆ ئەوانە رادەگەیاند کە لەو شەوە پیرۆزەدا مناڵیان بووەو بەناوی ئەمەوە ناویان ناون.

لەبەردەم ئاوێنەکەدا هەروەك وەستانی لەبەردەم پاکیزە روتەکاندا وەستاو هاواری کرد.

–ئەوخەڵکە بیانەوێت یا نەیانەوێت دەبێت موڵکی من بن. چونکە من دوا مەرجەعم نەك کەسێکیتر..

لەگەڵ دوا ڕستەیدا لەدەمیەوە تاڵی ئاوریشمی دەهاتنە دەرەوە و گۆشەگیریەکەیان بڕیو بە هەموو ئەو زەویو دەریاو ئاسمانەدا بڵاوبوونەوە کە بە میراتی بۆی ماوەتەوە. بەڵام لەیادی نەدەما کە ئەم خۆی لەپشت قەڵای وشەوە حەشارداوە

*　　*　　*

## بەسەرهاتی چینە شێرپەنجەییەکان

هەرچەندە قاوەگرەوەکە زۆر بێزی لە گێڕانەوەی ئەم حیکایەتە دەکردەوە بەوەی هەستی بە بێتوانایی دەکرد لە بەردەمیدا. کەچی ناچار بەمەشخەڵی رستەوە رۆشت تا رارەوو ژێرخانە تاریکەکانی ببڕێت.

—گەورەم لە فراوانترین دەروازەکانی خەیاڵەوە دەچینە ناو حیکایەتێکەوە کە لە خۆیدا زاوزێ دەکات، تا بەواقیعی سەرکوتکەردا بڕۆیی، بەچاوەڕوانی چڕۆ لە هەناسەی سپێدەداو سیس بوونی مەمکەکان لەژێر قامچی بەهاو بریسکانەوەی زامی جەستەدا تێپەڕین پاش پاکبوونەوە لە گوناهەکانی وشە. ئەوکاتە لەگێڕانەوە بەردەوام دەبم چونکە وشە یەکەمین تاوانە کە مرۆڤ کردی لەناو هەموو بوونەوەرەکاندا. گەورەم لێرەدا گوێت لەدزێوترین حیکایەت دەبێت کە دەتگەیەنێتە پەرش بوون لە زەوی دەسەڵاتدا. ئەو زەوییەی خۆی بۆ تەنها رێگایەك ئاشکرا دەکات کە رێگای بیرەنەوتەکانە، ئەگەرچی زیاد لەڕێگایەك دەچێتەوە سەری. با لە ناوەرۆك روتبینەوە و قیبلەنوما ونکەرەکانمان فڕێدەین. چونکە ئەم حیکایەتە پێش ئێمە زۆری تری لەناو بردووە. ئەم رێگایەش بە زۆر چیرۆکی تر رۆشنە کە بەکۆتایی هاتن ولەناوچوونمان تەواو نابن. هەربۆیە ئەی میری ئامادەیی و غیاب، ژیان و مردن، شەوو رۆژ.. ئەم حیکایەتە دەرکەوتنی هێشوییانەیەو ئەفسانەکانی نەوت بەرهەمیان هێناوە. لەبەرئەوە قەدی حیکایەتەکە هەڵدەبژێرم تا لێیەوە



بگەمە چڵوپۆپ و ریشەکەی کە لە دووچیرۆکی سەرەکی پێك هاتووە و لێیانەوە دەچینەوە ناو دڕندەیی ئەو دابەش کاریانەی لەزەمەنی ئەو دەرەبەگانەوە ماوەتەوە کە بەدوای چێژی چەوسانەوەدا دەگەڕان، بێ ئەوەی بتوانم خۆم لەهیچ چیرۆکێکیان لابدەم. چونکە هەردووکیان لەناو یەکترەوە دەست پێ دەکەن و لە یەکتریشدا کۆتاییان دێت. هەربۆیە لەسەرمە هەردوو چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە پاش ئەوەی لە تەمومژی قسە و تۆقاندنی وشە رزگارم دەبێت.

قاوەگرەوەکە بەبێدەنگی لە فنجانەکە رامابوو تا هەوڵی کردنەوەی دەرگایەك لە دەرگا بێسنورەکانی سەرەتا بدات و لێیەوە میر بەرەو رەنگدانەوەی نەوت لە زمان و ژیاندا بڕوات. بێئەوەی رەنگی ئاویی کورسیەکە سەرنجی راکێشێت وتی:

—گەورەم دەتوانی رەهەندی ئەو وڵاتە ببینی کە پێشتر هیچ کەسێك حەقیقەتی نەبینیوە کە لەشێوەی ئافرەتێکی نەخۆش راکشاوە کە لە خیاڵدا پیر بووە. ئایا دەتوانیت تۆش وەك من بیبینیت؟

میر دەیویست وێنەی ئەو ئافرەتە کەنەفتە بەرجەستە بکات. قاوەگرەوەکەش کەمێك وەستا تا پشویەك بدات. بێئەوەی سەیری میر بکات تا ئەو وڵاتە ون نەکات کە لە فنجانەکەدایە و میریش سەیری نەکرد تا ئەو وڵاتە لە خەیاڵیدا پەرش نەبێت.

—گەورەم هەر لە یەکەم بینینەوە ئەم وڵاتە دەناسیتەوە.. بە عەبا رەش و دروشمی رەش و سنوقە فڕیوەکانی بوراق و دەست و پێ خەناویەکەیەوە، بەخاڵە شینە کوتراوەکانیەوە کە لە ئەفسانەکانەوە داکەوتوون و لەشیان بە خاڵ و وێنەی ئەندازەیی و قوببەی لە شین کوتراو..وێنەی گوڵ و ئاژەل أرازاندۆتەوە. گۆی مەمکی لەناو بازنە بێکۆتاکاندا گەمارۆ دراون و قوزیشی بە گوڵێکی شین داپۆشراوە و مەچەکیشی ئەو بازنانەی تیا نەخشاوە کە

خرینگەی مێیایەتی لێدەتکێ. وڵات بەو خاڵە شینانەوە لەناو بۆنی نەوتدا راکشاوە. ئەو بۆنەی رۆچۆتە هەموو شوێن و شتێکەوە. ئەو بۆنەی تێکەڵە بە خورافە و مەدالیای ئەفسەرەکان. بۆنی نەوتە ئامێرەکانی ئەشکەنجە رادەکێشێت و گیان بە بەری ئەو رژێمانەدا دەکات کە هێندەی رەشەبا و لم کۆنن. زەوی پیرۆز دەکات و لە ناونیشانی رۆژنامە و بەرگی گۆڤارەکاندا زاوزێ دەکات. هەڵدەسێ بە چاکسازی و گۆڕینی رەوگەی رووبارەکان و حیزب دەڕوێنێت. وا لە خێڵەکانی ئاری و سامی دەکات ببنە برا بەچاوپۆشی لەو تەمەنی شەڕ و خوێن رشتنەی لەنێوانیاندایە.. نەوت ئەو منداڵ ونەوە ناشیرینانە دەخاتەوە کە زمان ناتوانێت باسیان بکات.

—واز لە وەسف بێنەو باسی وڵاتم بۆ بکە..

—گەورەم لەیادت نەچێت ئازار قەدەری وڵاتەکەتە؟ ئەو وڵاتەی بەقووببەو منارە ئاڵتونیەکانیەوە لە ئاگرێکی شێت دەچێت. بەئاینەکانیەوە کە لە سزادا داگیرساون و ئارەزوی مردن لەپشت پەیوەندیەکانی کانزاوە دەتەقنەوە. ئەو وڵاتە لە کەڵەکەبوونی چینەکانەوە دروست دەبێت کە تەنها پەیوەندی خوێن بەیەکیانەوە دەبەستێت. گەورەم وڵات لە ئامێری شەڕ دەچێت کە مرۆڤەکان بخوات.

پاش ئەوەی قاوەگرەوەکە نیگەرانی لەمیردا خوێندەوە ئەویش بە زەرد بوونی رەنگی کورسیەکەی، رێڕەوی قسەی گۆڕی و وتی:

—ئێستا کاتی چوونە ناو یەکێك لە چیرۆکەکان هاتووە. ئەویش چیرۆکی لەدایك بوونی ئەو منداڵانەیە کە لەسەر لاشەی ئەو پارانە لەدایك دەبن کە زوودەمرن. ئەمانیش چیرۆکی ئەو چینە دۆزەخیانە دەگێڕنەوە کە لە دروشمدا نغرۆن.



هەرجارێك دەگاتە ئێرە کەمێك دەوەستێت تا بەسەر کۆکردنەوەی روداوەکاندا زاڵبێت. بەڵام هەموو جارێك هەست بەبێ توانایی ئەندێشەو کەنەفتی وشە دەکات لە گەرویدا. لاوازی لەدەنگیدا بوو کاتێك وتی:

—گەورەم.. ئەی ئەو کەسەی دەنگی لەناو تاریکی منداڵدان و ئەو گەروانەوە دێت کە هەرزانفرۆش کراون. لەوێداو لەسەرو خاڵە شینە کوتراوە نامۆکانەوە، لەسەرو داب و نەریتە سەخت و پتەوەکانەوە، لەپشت دیواری ئەو خانوانەی بە عەروسی دەرەبەگیانەو ئەو پەنجەرە کەوانەییانە رازاونەتەوە کە بە شوشەی رەنگاورەنگ ئارایشت کراون، لەو ژورە سیحر ئامێزانەدا کە بە مافوری گران بەهاو ئەو میراتیە دانسقانەی شنەیەکی هێمنیان لێوە هەڵدەکات و لەباخچە بەتەمەنەکانیەوە کە بە حەوزی کریستاڵی و درەختی زیویی ئەو ماسیانە رازاوەتەوە کە بەلای ئاڵتونی و زیویدا دەڕوانن.. لەوخانوانەی سەلیقەی بیناسازە ئیسلامیەکانی تیا بەرجەستە دەبێت و لەخەونە قوڵەکانیەوە دێن.. ئا لەوێدا منداڵەکان لەدایك دەبن دوای ئەوەی باوکە بارگرانەکانیان بە بۆنی نەوت، لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا نوستن کە بەدوای ئازار و لەزەتی کوشندەدا دەگەڕێن..ئەومنداڵانە میراتگری تایبەتمەندیەکانی نەوتن و بۆنیشی لەگریان و خەونەکانیانەوە دێت.. گەورەم ئەگەر ئەو منداڵە سەیرو عاجبایەتیانە بەوەی چەندین دەم و بێ شومار دەستیان هەیە، ببینی ئەوا دەزانیت ئەوانە هیچ نین جگە لەبوونەوەرێك کەدیوەخان و وتارە سۆزاویەکانی حیزب خستونیەتیەوە.

میر یاری بەو پولی دۆمینانە دەکرد کە لەلایەوە دانرابوون و لەچەواشەکاریەکانی گێڕانەوە ورد دەبووەوە.

—کاتێك ئەو منداڵانە، نەوەکانی نەوت لەدایك دەبن، وڵات پڕ لەهاوار دەکەن و لەگریانیشدا نغرۆی دەکەن. ئەوانە بۆ هەموو شتێك دەگرین. بۆ خانوو کۆشکە رازاوەکان بە خۆشنودی.. بۆ زەویە شیرینەکان و ئۆتۆمبیلە بێ

ژمارەوماڵی سۆزانی و دۆستە تەڕلانەکانیان.. ئەوان بۆ دەست بەسەرا گرتنی هەموو ئەو شتانە دەگرین.. هەرلە دەرزییەکەوە تا ئەو کچانەی نەگەشتوونەتە تەمەنی باڵق بوون. ئەوان بۆ ڕابواردن لەگەڵ ئەو کچانەدا دەگرین. گەورەم گوێ لەگریانی گڕناڵیان بگرە.. لەنوزەی تاڵیان.. چونکە ئەوە لەدایك بوونی چینە شێرپەنجەییەکانە.. لەدایك بوونی نەوەکانی نەوتە کە وڵات هەڵدەلوشن..

–بەڵام ئەوانە بەهەموو خورافەیانەوە لەبوونەوەرەکانی گێڕانەوەن نەوەك خولقێنراوی خودابن..

–زۆر دورت ناخەمەوە لەوەی دەیبینم و نایەڵم لەناو گێژاوی فنجانەکەدا ون بیت. چونکە گەنجینەکانی داهاتوو پڕن لەگەنجی سەیرو نامۆ. هەربۆیە دوور لەهەست و سۆز هەوڵی ناساندنیان دەدەم.. ئەو منداڵانە لەبیرە نەوتەکانەوە بەخۆیان و پەیمانە درێژ خایەنەکانیانەوە لەدایك دەبن یاخود هەڵدە قوڵێن و جارێکی تر خانوەکان بەپەرژین و دیواری بەرد لێك جیا دەکەنەوە.. ڕەشبگیری و راگواستن هەڵدەگیرسێنن.. کارگەی تاقیگای چەکە کۆمەڵ کوژەکان بەدڵۆپاندنی خوێن دەخەنەکار... دروشمی نوێ بۆ ئەو شۆڕشە دەنوسن کە دواتر لەنێوان جەنگە ناوخۆی و دەرەکیەکاندا دێت و دەچێت.. منداڵان بەبڕیارو سیاسەتە نادیارەکان پیر دەکەن و درێژترین هێڵی شەمەندەفەر بۆ گواستنەوەی زیندانیەکان ڕادەکێشن، فراوانترین بانقی پارە فوارە کردوەکان دەکەنەوەو سەرپەرشتی ئەو خولە حیزبیانە دەکەن کەوانەی نوێترین ڕێگای نوسینی راپۆرتی تیادەڵێنەوە و مۆزەخانەکان بەڕادەیەك فراوان دەکەن کە جێگای هەموو گۆزەو تەلاّیی کراوو دانیشتوان و تەزبیحە سەرسوڕهێنەکانی تیاببێتەوە. لەقوتابخانەکانیشدا وانەی فێربونی ئەبجەدی((نەوتی خۆمان بۆ خۆمان)) بەمنداڵان دەڵێنەوە پێش ئەوەی رۆچنە ناو وانەی((نەوت بۆ ئێمە یە)).. پاش نوستنی خوێناویانەی نەوت لە پێخەفە



گڕاویەکەیداو چاپ کردنی وێنە رەنگاو رەنگەکانی لەیەکەم لاپەڕەی کتێبی قوتابخانە و بەرگی گۆڤارو پاش هەڵئاوسانی چینە سادیەکان کە تەنها بەخوێن پڕدەبن دەچینە ناو چیرۆکی دووهەمەوە کە چیرۆکی راگواستنی زۆرەملێی گوندەکانە. لەناو تێکچڕانی بۆنی نەوت لەم وڵاتە تەلیسمیەدا نەوت وەك خۆڵی پەرش بووی ناو نەهامەتیەکان بچوکیان دەکاتەوە.. لە تواناتدایە سەیری راگواستنەکان بکەیت کە خەڵکی بەپێپەتیو چاوو دەستی بەستراوەوە لەوپەڕی پێدەشت و زنجیرەی چیاکانەوە دەهێنێت و بۆنی مێخەك و تو و پەینیان لێ دێت. بێئارەزوی خۆیان لەو زەویانە نیشتەجێیان دەکەن کە بەچاوی نهێنی و تەلی دڕکاوی دەورەدراوەو بە((کۆمەڵگای نیشتەجێ بوونی هاوچەرخ)) ناودەبرێت، پاش ئەوەی زەوی و ئاویان بەجێ دەهێڵن و ئەوەی هەیانە تالاّن دەکرێت. ئافرەتە ناسکەکانیش دەهێنێت کە لەپشت مەڕومالاّتەکانیانەوە ڕێ دەکەن و هێشتا خوێنی خەتەنە کردنەکانیان بەڕانیانەوە نەمەییوە. بەزەویە نەزۆك و گیانەلاّکاندا دەیان بەن تا دەگەنە ئەم ناوچە قاقڕو کۆت کراوانە بەتەل و پەتاکوشندەکان. بەدرێژایی ڕێگاکە شتێك نیە بۆنی خاوی نەوتی لێنەیەت، هەر لەپیلان و نەخشەی راگواستنەکەوە بۆ جگەرەو خوان و خانووە کۆنکرێتیەکانیان. گوندنشینەکان لەوناوچانەی بەدڕك و پاسەوان دابڕاوە لەناو ژمارەی بەرمیل و پێوانەی بڕی یەدەگ و دەستکەوتە خەیاڵیەکانی نەوت کە بەژمارەی گەردونناسەکان دەپێورێ، وێڵ و ئاوارەن. نەوت بەڕوتی دەیانبات.. ڕوەو بارودخانەکان دەیان بات پاش ئەوەی بە سەربازگا خەسێنەرەکاندا تێدەپەڕن تا دەست لەگەرمی چەك بدەن و هونەری پاراستنی زەویە حەرامە پڕ لە بێکاریەکان لە دڵڕەقی بەفرو مەترسی تۆفان و ناوازەیی رەشەباکانەوە فێربن.. غافلاّنە لەو بۆریە رەشانە دەیان بات کە لەدڵیاندا روێنراوەو

لەبەندەرەکاندا کۆتاییان دێت. نەوت دەیان بات و ئەوانیش لە ڕێگای گەڕانەوەو سافێتی دەریاو پەنهانیەکانی نەوت دەپرسن.

میر بە وێنەی ڕاگواستنەکانی پێشوویدا دەچووەوە و دیمەنی مردنە بەکۆمەڵەکانی پەتای سك چونی بیردەکەوتەوە، کوشتنی ئەو ئاکار و یادگاریانەی بەمیراتی ماونەتەوە، وێنەی پاسەوانانی ئەو زەویانەی لە لەبیرچونەوەدا جێهێڵدراون، ئەو گڕەی بیرکەوتەوە کەلەدڵی ئاسماندا دەسوتێو لەبۆریەکانی نەوتەوە جۆش دەدرێ. میر نیگا ساردەکانی بەسەر ئەو وێنە تێکچڕژاوانەدا دەگێڕا تاپرسی:

—تۆ وای بۆ ناچی کە ئەوان گیای مردنن؟ چونکە ژیان چیە جگە لەگەڕانێکی سەرچڵیانە بەدوای ئەو دەستنوسانەی بۆ شتەکانمان دەوێت..

قاوەگرەوەکە سەیری لێوە بێبەزەییەکانی میری دەکرد کە وشەکانی لێوە دەهاتە دەرێ.

—لەگەڵ ئەوەی هەردەم هێز لەپێشنگدایەو مانەوەش تاکە نەیارە، کەچی زۆر ئاستەمە هێزێك هەژمونی خۆی بەسەر هەموو زەمەنەکاندا بکات. چونکە زۆرجار هەرەمی مانەوە کاتێك دەگاتە لوتکەی هێز دادەڕمێ. ئەی خاوەنی هێز.. هێز دڕندەیەکە ئارامی نازانێت و هەست بەئینتیماش ناکات بۆ هیچ بوونەوەرێك و هەرگیز ناگاتە لوتکەی لەزەت لەدەسەڵاتدا، دەشکێنێ و دەڕوخێنێ، فەنادەکات و نغرۆ پەرش و بڵاو دەکات. خۆ ئەگەر دوژمنێکی نەدۆزییەوە ئەوا خاوەنەکەی تێك دەشکێنێ. چونکە هێز لەخۆیدا توشی شیزۆفیرینیایەکی زگماکی بووە.. گەورەم نازانم هێزبە دڵسۆزی دەمێنێتەوە بۆ مانەوە و مانەوەش سەر بەهێز دەبێت یاخود نا؟ مانەوە بۆ بەهێزە یاخود هێز بۆ مانەوەیە ئەمە دووراڤەن بۆ هەردوو ڕوی ئەوپارەیەی پێی دەوترێ دەسەڵات.. ئایا دەتوانرێ گرەنتی مانەوەی دەسەڵات وەك پارەیەك بکرێت کە



بەهای چەسپاوی خۆی هەبێت و لەهەموو زەمانە جیاوازەکاندا ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت!

خەریك بوو ڕەنگی کورسیەکەی بەرەو شین بگۆڕێت بەهۆی بێزاریی لەو ڕستانەی وەك چەکوش وشە بە وشە دەیدا بەسەریدا ناچار بەوەڕسیەوە قسەکانی پێ بڕی و وتی:

—تۆ واز لەپەرشکردنی گێڕانەوە ناهێنیت لەو بابەتانەدا کەپەیوەندیان بەحیکایەتەکەوە نیە.. بڵێ چی بەسەر ئەو ناوچە دوورانە هات..

—گەورەم مەبەستت لەکۆمەڵگا زۆرە ملیەکانە.. واذیە؟

میر بەسەر ڕاوەشاندن وەڵامی دایەوە.

—ئەگەر جوان بەو زەویە زەردو سیسانەدا بڕوانیت ئەوا پاشماوەی خێڵە ڕاگوێزراوەکان لەسەر بەردو ڕێگاکان دەبینی کە بەبڕیارێکی کۆشکی سوڵتان نیشتەجێکران. ئەو سوڵتانەی هەزار کەنیزەکی لەو کۆشکانەدا هەیە کە بە شورای کەللەسەر گەمارۆدراون و لەهەر باخچەیەکیش لەباخچە هەڵواسراوەکانیدا حەوزێکی مەڕمەڕ هەیە کە بەشیری ئەو کەنیزەکانە کراون و تایبەتن بۆ مەلەکردن لە دوای هەرگانێك و هەر ژەمەخواردنێك. ئەگەر تۆ ئێسکەپەیکەری ئادەمی و مەڕو ماڵاتت بینی کە لە خۆڵ و لمدا کەوتوون ئەوکاتە دەزانی چی بەسەر خۆیان و کۆمەڵگا هاوچەرخەکانیان هاتووە. ئایا بۆنی ئەو لاولاوانە دەکەیت کە لەژێر سمی ئەسپی پاسەوانە لمیەکاندا دەردێن و ئەو خەشخاشە وشکانەش کە لە خەونەکانیانەوە دێت. سەیرکە گەورەم ئێستا لەو چۆڵەوانیەدا جگە لە بۆریە بێکۆتاییەکانی نەوت و سەربازگا دڕندەکانت نە بوونەوەرێك و نەشتێك نابینیت.

میر خۆشنودی گرتی تا ئەو خۆشیەشی بەدەرخات وتی:

—بەردەوام بە..

—گەورەم ئەم بەسەرهاتە پەلوپۆ هاوێژە، چونکە بەردەوام چیرۆك بەدەوری خۆیدا دروست دەکات بۆ نمونە چیرۆکی هەڵهاتنی زیندانیەکان بەمردویی پاش ئەوەی نەوتیان بەو جلانەوە بینی کە بە جلی سەربازی دەکات و بەهەنگاوی سەنگینەوە بەناو مەمەڕو ژورە قوڵو ژێرزەمینە فراوانەکاندا دەڕۆشت و سەر پەرشتی ئامێرو ئامرازە زیندوو بێگیانەکانی ئەشکەنجەدانی دەکرد.. پاشان دەچێتە ئەو ژورانەوە کە بە ڕەنگی سوور ژمارەیان لێ دراوە و لەشێوەی یەخچاڵی گەورەدان، ئەو ژورانە پلەی گەرمیان دەگاتە هەزاری ژێر مردن و لەوێدا لەسیس بوون و هەڵوەرینی لاشەکان دڵنیا دەبێت کە لەژێر زەمینەکانی ئەشکەنجە و هۆڵی سەربڕین و تاقیگا زەبەلاحەکەیەوە دەهێنرێن. گەورەم ئەمەی دواییان بریتیە لە هۆڵێکی گەورە بەقەبارەی یەکێك لەشارە زستانەییەکانت، هۆڵێك لەهەموو لایەکەوە داخراوەو تەنها یەك دەرگای چوونە ژوورەوەی هەیەو هەرلەوێشەوە لاشە سیس و هەڵوەریوەکان دێتە دەرەوە، پاش تەواو کردنی تاقیکردنەوەکان لەسەریان. ئەو هۆڵانەش کامێرای بەئاگای تیا دانراون تا ڕوداوەکان بەزیندوی بگوازنەوە بۆ ئەو شاشە گەورانەی ژوری چاودێری کە سوڵتان لەناو قاقاو بۆن عەتری دۆستەکانیدا دانیشتوە. لەگەڵ لێدانی فیکەی دەست بەکارکردن لەتاقیگەدا میر شێت گیرانە هاوار دەکات و گاز لەدەستی خۆی دەگرێت. تاقی کردنەوەکەش بەکردنەوەی دەرگای تاقیگاکە دەست پێدەکات تا پۆلێك خەڵك بچنە ژورەوە. پاشان دەرگاکە دادەخرێت و لەگەڵ داگیرسانی گڵۆپی سوری تاقیگاکە ئەو گازە کیمیاویە ژەهراویانە بەپێی جۆرو بڕی بڕیاردراو لەلایەن شارەزاو پسپۆڕی کاروباری داهێنان و دۆزینەوە زانستیەکانی وەزارەتی سەرکوت کردنی دەستە جەمعیەوە دەڕژێنران. گەورەم پرسیار لەبارەی ئەو خۆشیەوە مەکە کە لەگەڵ سیس بوون و هەڵوەرینی ئادەمیەکان سوڵتان دەگرێت.. لەناو خۆشی و شادیدا بۆ جاری نەوەدو دووەمین یاخود



زیاتر پرسیار لەناوی گازەکان دەکات و بەدەنگی بەرز دەیانڵێتەوە: خەردەل..سیایند.. توبان.. زامبون..پاشان دەوەستێت و بەسەرسامیەوە دەڵێت: ئەمە چیە؟ رودەکاتە وەزیری سەرکەوت کردن کەلای چەپیەوە دانیشتووە:

—ئەم موعجیزەیە بەچی ناو بەرم؟ شارەزایان چ ناوێکیان لێ ناوە؟

وەزیرە گەنجەکەی بەدەنگی بەرز وەڵامی دەداتەوە:

—ئەمەیە پێی دەڵێن((کۆکوژی)) گەورەم..

ئەویش سەیری شاشەکە دەکات و دەڵێت:

—چەند سەرسوڕهێنەرە..

قاوەگرەوەکە هەست بە گوشینێکی بەهێز دەکات لە سنگیدا ئەویش لەئەنجامی دەرکردنی ئەو وشەو رستانەی گازەکان ژەهراویان کردوون و بۆنی سێوو سیرو کبریتی لێوە دێت. بەگرانیەوە وتی:

—گەورەم چیرۆکەکان زۆرن.. زۆرجار گێڕانەوە لە لۆچی روداوەکاندا دروستی دەکات.. چیرۆکی قاچاخچیەکانی تانك و موشەك و بەرزکەرەوەی نرخ و وەزیرە نەخوێندەوارەکان و هیتریش کەتەمەن فریای گێڕانەوەیان ناکەوێت.. لەگەڵ ئەوەی شارەکە ئەفسانەی خەیاڵ کاری تیادەکات کەچی هەردەم شتێك دەمێنێتەوە کە خەیاڵ دەرەقەتی نایەت.

بەلام منداڵەکان بەسیمای دزێو و دەمەزۆرەکانیانەوە لە کوێن؟

—ئا ئەوەتان ئەی میری بوون و نەبوون.. ئەوان بەدوای بیرە نەوتی نوێدا دەگەڕێن و سرودی نوێش دەڵێنەوە.

فنجانەکەی لەناو دەستیدا سوڕاندەوەو هەناسەیەکی قوڵی دا:

—ئێستا گەورەم دەتبەمە کۆشکی میرێکەوە کە چۆنی بوێت ژیان دەبەخشێت و دەشیسێنێتەوە.

–نەخێر دەمەوێت بەدوای ئەو میرە بکەوم کە لەسەرکەوتنێکەوە دەچێت بۆ سەرکەوتنێکی تر.

–کەواتە بابیرە نەوتە تاریکەکان و بۆنە سەرنجڕاکێش و تێکەڵەکانی بە بۆنی لاشە کەڵەکە بووەکان لەژێر هەوری گازە ژەهراویەکاندا بەجێ بێڵین و بچینە ناو پانتاییە نەخوێندراوەکانی دۆمینۆوەو لەو هێمایانە وردبینەوە کە لەسەر ئاستی هەست کاردەکەن ولە جۆرێکی تری سەرکەوتن و داپڵۆسینەکان ڕابمێنین.

*　　　*　　　*



قاوەگرەوەکە گەنجینەی شتە سەیرەکانی دەسوڕاندەوە و میری لەبەسەرهاتێکەوە دەبردە بەسەرهاتێکی تر. لەوفنجانەشەوە سەفەرەکانی دەست پێدەکەن و لەویشدا کۆتاییان دێتو نامۆترین روداو دەبینێ کە مرۆڤ لەناو ئامازەو هێماکانیدا وندەکات. بەناو کوچە پڕنشێوەکانیدا دەڕۆن تا دەگەنە ئاستێکی تری بینینی پەنهانی شتەکان کەتێیدا مردن ساردترە لەروداني خۆی و ژیان تامێکی تری هەیەو سەرکەوتنەکانیش بەغروری زیاترو وێرانەی زۆرترەوە خۆیان دەنوێنن.

لەوپێدەشتە گەرم و چۆڵەدا میر لەبەردەم بۆریە تێکچڕژاوەکانی نەوتدا وەستا، بێئەوەی بیر لەگەڕانەوە بکاتەوە. ئەو دڵۆپە نەوتانەی بەیاد دەهاتەوە کە بە منداڵی دەیڕشتنە ناوحەوزە شوشە پڕ لەئاوو ماسیەکان و وێنەی ئەوپەڵە رەنگاو رەنگانەی دەهێنایەوە بەرچاوی خۆی کە سەرئاو دەکەوتن و تاڵی رەنگاورەنگی چەوری دەیان رازاندەوەو ئەمیش شێوەو ڕەنگی چەندین بونەوەری سەیری تیادەدۆزینەوە.

لەناکاو سەیری چواردەوری خۆی کردو هەستی بەچۆڵیو سامناکی شوێنەکە کرد. خۆی تەنیا بینی، تەنیاتر لە سەربازێکی بریندار کە لەبێدەنگی بەرەی شەڕدا جێماوە.. تەنیا بوو وەك تەنیایی رستەیەکی تەواو نەکراو لەگەروی حوکم دراوێك بەئیعدام، پاش ئەوەی گوللەیەکی رەحمەتی پێ دەبەخشن.. تەنیا بوو..

وەك جارەکانی پێشوو لەسەر قاوەگرەوەکە پێویست بوو کە میر لەم تەنیاییەی دەربهێنێ ئەویش بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی مردنی حیزبە

ئاسنینەکان لەقوڵایی داهاتوودا. بەڵام جگە لەشوێن کەوتنی ئەو میرەی بە تەلیسمی نەوت و دەستە زۆرەکانی و چینە خوێناوییەکانیەوە دەسەڵاتدارە نەیتوانی هیچیتر بکات.

قاوەگرەوەکە پاش ئەوەی هەستی بەخیانەتی گێڕانەوە کرد سەیری بێدەنگی میری کردو بەهێواشی وتی:

—گەورەم با لێگەڕێین داهاتوو خۆی خۆی ئاشکراکات..

نەیتوانی بێدەنگیەکەی میر ببڕێت کە بەوەسوەسەو شڵەژان جەنجاڵ بوو. چونکە بەدووچاوی تیژی پڕ لە نیگەرانیەوە سەیری پانتاییە فراوانەکانی خەیاڵی دەکرد تا لێیەوە بگاتە نهێنیە شاراوەکانی گێڕانەوەو بە کوچە تێکچڕژاوەکانی حیکایەتە لەبیرکراوەکەدا بڕوات. میر لەبەردەم ئاوێنە نازدارەکەیدا وەستاو سەیری هەڵوەرینی گەڵاو باڵندەو سیس بوونی گوڵو زیندەوەرەکانی دەکرد لەژێر پەڵە هەورە ژەهراویەکان و دوکەڵە ڕەنگاو ڕەنگەکان و ئەو بۆنانەی چارەنیە لەهەڵمژینیان. میر ڕەنگی لەگەڵ ڕەنگی کورسیە شوشەییەکەیدا دەگۆڕا.. لەوەنەوشەیەوە بۆ سورو پاشان سورێکی تێر.. جارێکیتر بەوەنەوشەیی دەرکەوتەوە بەڵام ناوچەوانی زەرد هەڵگەڕاو و دەستەکانیشی شینێکی دۆزەخی بوون و یاریان بەتەزبیحەکەی دەکرد کە هەردەنکێکی بەڕەنگێکی تێر لە زەردو شین و سور دەردەکەوتن و پەتە ئاوریشمیەکەشی بەوەنەوشەیی مابووەوە. بەپەنجە شینەکانی دەنکی تەزبیحەکەی خێرا دەجوڵاند وەک ئەوەی لاشە کەڵەکەبووەکانی ناو ئاوێنەکە بژمێرێت و ڕەنگ و بۆنی گازەکانیش لەیەکترجیاکاتەوە. لەناکاو ڕەنگی ئاوێنەکە لەئاوییەوە بەرەو غوباری و پاشان وەنەوشەیی گۆڕا.. لەوکاتەدا بزەیەک لەسیمایدا نەخشاو لەبەرخۆیەوە دەیوت: سڵاو.. سڵاو..



ئەم هەڵپەیەی زۆری نەکێشاو ئاوێنەکە گەڕایەوە سەر ڕەنگە ئاویەکەی و پاشان لەسەر زەرد گیرسایەوە، ئەمیش تەزبیحەکەی لەدەستیدا گوشیو بەنیگا دۆزەخیەکانیەوە سەیری ئاوێنەکەی دەکردو وتی:

—تۆ لەو باوەڕەدای کەسێکی تر هەبێت ئەم چەکەی هەبێت... نا.. باوەڕناکەم لەوانەیە شتێکی تری هەبێت، جیاوازبێت لەوەی ئەم موعجیزەیە هەیەتی. چونکە ئەم دەربازبوون نیە لە هەڵمژینی، پڕبەسیەکان و لەشەکان تاسەر ئێسک دەسوتێنێ و چاوەکان کوێر دەکات. پێش باڵندەو گەڵاکان لوت و گوێو قژوپەنجە هەڵدەوەرێنێ. سەر تا ڕادەی تەقینەوە پڕ لەئازارو وڕێنەو پەرکەم دەکات، بەهێزتر لە موشەک و تۆپە زەبەلاحەکان شتەکان لەناو دەبات، شارەکان وەک پاشەڕۆک دەسڕێتەوەو شوێنیش لەڕەچەڵەکەوە هەڵدەکەنێ. هیچ شتێک بەشاری جنۆکەکانیشەوە لەێ دەربازنابن و ڕێگای هەڵهاتنیش لەبەردەم هیچ بونەوەرێکدا نیە ئەگەر هەموو دەمامکی خواوەندەکانیشی پۆشی. بۆ هیچ کەس و شتێک دەربازبوون نیە لەێ. میر دەمووچاوی زەرد هەڵدەگەڕێو بەدوودڵیەوە یاری بەتەزبیحەکەی دەکات:

—نا... وای بۆ ناچم ..مەحاڵە کەسێک بتوانێت ئەو موعجیزەیەم لێ بدزێت.. مەحاڵە پسپۆڕو کارمەندانی تاقیگا زەبەلاحەکەم زاتی درکاندنی نهێنی موعجیزەکەم بکەن، نەخێر زاتناکەن.. زیرۆح لەبەر ناتوانێت خیانەتم لێ بکات.

میر بێ دەنگیەکی لەناکاو دەیگرێت و بیرۆکەیەکی سەیر هاوەڵیەتی کە لەوانەیە لەئاسمانەوە بۆی نازڵ کرا بێت یاخود لەسیمای پێشینانیدا بینیبێتی کە جارناجار لەئاوێنەکەدا بەدەردەکەوتن تاپیرۆزبایی ئەو موعجیزەیەی لێ بکەن. هەرچۆن کاتێک مندالی ببوایە یاخود لەکاتی فتوحاتە ئیلهام بەخشەکانی و بۆنە پیرۆزەکانیدا دەیان کرد.

قاوەگرەوەکە لەناو ئەوبیرۆکەیەی میردا کە بریتی بوو لەکوشتنی هەموو ڕۆح لەبەرێك بەدەستی موعجیزەکەی وا هەستی دەکرد کە درەختێکی ریشە کێشکراوە لەناو ئەو گەرداوانەی لە دۆزەخەوە دابەزیون و ئەو ڕەشەبایانەی لەبنی دەریای خوێنەوە هەڵدەکەن. بۆیەکەم جار لەمێژوی ئەم ژورەدا کە دایدەبڕین لەهەموو بونەوەرو شوێن و زەمانێك، هەستی بەترس کرد بێئەوەی سەرچاوەی ئەو ترسە بزانێت کە لەئاوێنە پرشنگدارەکەوە دێت یاخود لەحیکایەتەکە خۆیەوە یاخود لەو گۆشەگیریەوە کە بۆیەکەمجارە هەست بەساردێتی بکات.

کێ دەزانێت؟ لەوانەیە لەو بیرۆکەیەوە بێت کەسەری میری داگیرساندوەو لە ئاگرێکی ساردا نغرۆی کردووە کە هاوارە ترسناك و قاقا بەرزەکانی لێوە دێت و بەژورەکەدا بڵاو دەبێتەوە.

میر پاش ئەوەی لەدیمەنی کوشتارگاو وێران کاریەکان گەڕایەوە کە لەتاقیکردنەوەی چەکە موعجیزەییەکەیەوە دروست دەبوو، وتی:

—لەکوێوە بچینە ناو حیکایەتەکەمانەوە؟

—سەرۆکم.. ئەی خاوەنی نوری پرشنگدار. ئەم حیکایەتە سەفەرێکی سەختە بەچاوەڕوانی داهاتوودا. لەبەرئەوە پێویستمان بەپەنابردنە بەرخوازەو لێکچواندن و زۆرێك ئاماژەو کنایە هەیە و دەبێ هێماو مەجاز یارمەتیمان بدەن تابێ مەشەقەت بەپەنهانیەکانیدا بڕۆین. لەبەرئەوەی ئەوحیکایەتە لەتاریکیەکانی داهاتوودا چاوەڕوانمانە و ناشتوانین خۆمانی لێلابدەین. چونکە زۆرحیکایەتی تر بەدوای خۆیدا رادەکێشێت هەرلەبرسێتی بەئازاروە بۆ بێکاری سامناك و کوشتنی هەڕەمەکی و سوتانی تەڕو وشك پێکەوە تا هەڵئاوسانی دەمارەکانی زەبروزەنگ.. زۆر حیکایەتی تریش کە لە ژمارەنایەن.. بۆ گەشتن بە چیرۆکی حیزبە ئاسنینەکان پاش بڕینی ئەو پەرژینەی دەوری داوەو بەڕوداو چنراوە، قورسە وەك قورسی دزینی



چیرۆکێکی لەبەرکراو لەتوتی.. لەبەرئەوە واباشترە کە لەکۆتاییەکەیەوەبچینە ناوەوە، ئەویش لەو بەیانیەوە کەبەتەنیا لەسەر شەقامێکی لەبیرکراودا دەکوژرێ..

—ئەو کوژراوە کێیە؟

—گەورەم حیزب..

قاوەگرەوەکە کەمێك وەستا تا میر لەبێ دەنگیەکەیدا جێی خۆی بەتەنیا بەکوچە پڕ لەلاشەی ئاوساو و وێرانە خوێناوی و ئازادیە چوار مێخ کراوەکاندا بڕوات و لەمیریش گەڕا تابەتەنیا بڕوات و ئەو حیزبە هاوەڵی بێت کەپێی دەوترێ حیزبی پێشڕەو کەبڕیارەکانی لەسەر مس هەڵکەنراوەو پەیوەندیە ناوخۆکانیشی لەسنوقی پۆڵاییندا پاراستووەو سەرو دڵی ئەندامەکانیشی لەئاسنی ژنگرتووە.

قاوەگرەوەکە جارێکی تر گەڕایەوە سەر قسەکانی.

—گەورەم حیزب دەبینی کەلە کونەڕەشەکان دەچێت و لەشێوەی پیاوێکی ورگن بەدەردەکەوێت کەدەستەکانی لەشەقامەکان درێژترەو باڵای لەئەندێشەو کۆشکە هەور بڕەکان بەرزترەو هەرچ شتێکی بێتەڕێ هەڵی دەلوشێ. هەر لە" خانوو درەخت و بەردە بەنرخەکان و پارەو ئافرەت و منداڵان و نەخۆش، تا ئەوانەش کە بەژێر زەمین و ڕاڕەوە تاریکەکانی شۆردنەوەی مێشکدا دەبات پاش ئەوەی ڕۆحی تاکێتیان دەپروێنێ و لەبازنە بارگاویەکانی خۆیدا دەیان شێوێنێ، لەو کونەتاریکەوە یاخود لەگەروی ئەوپیاوەوە وتارە ڕازاوەکان و ئەو لافیتانەی شیرینترین دروشم و وێنەی گەورەکراو و ڕەمزە مێژوییەکان لەخۆدەگرن، دێنە دەرەوە.

پێش گەشتنی میر بەشوێنە داخراوەکانی بڕیاردانە خوێناویەکانی حیزب و شوێنی دروست کردنی ئەفسانەی نوێو دەزگا جیاوازەکانی گەمارۆدانی

**ئازادی و تۆقاندنی تاکێتی.پێش ئەوەی بگاتە ئەو بەیانیەی تێیدا ڕێکەوتی لاشەی حزب دەکات کە لەسەر شۆستەیەکی زستانی فڕێ دراوە..**

**قاوەگرەوەکە دەستی گرت و بە دەنگێك کە سۆزی لێ دەتکا وتی:**

**—گەورەم دوام کەوە تابەدرەختەکانی حیکمەتدا بڕۆین و شەرەفی لێکردنەوەی یەکەمین سێو و بۆنی یەکەم دڵۆپە خوێنمام پێبڕێت کە تکاوەتە سەر سێبەری ئەو گەڵایانەی ڕوداوەکانمان بۆ دەگێڕنەوە بێئەوەی فریومان بەن.. بابڕۆین و شێوازی تر بدۆزینەوە بۆ کەشف کردنی ڕەمزەکان کە تائێستا نەمان زانیوە.**

*　　　*　　　*



## سەرگورشتەی ئەو میرەی بەدوای گەنج و سەرکەوتنەکاندا وێڵە

**قاوەگرەوەکە میری بەڕێگایەکی تەسك بە بەرچاوی پاسەوانە کانزاییەکانی نەوت و مێگەلی مرۆڤە ملکەچەکاندا برد. ئەو ڕێگایەی لەنێوان تەمتومانی حیکایەتەکاندا لەنگەر دەگرێت، بێئەوەی هیلاکی زەفەریان پێبەرێت. قاوەگرەوەکە جۆگەلەی وشە بەماسیە رەنگاو ڕەنگەکانی و قەوزە گەشاوەو بەردە گڕگرتوەکان و نیلۆفەر کە لەکۆتایی ڕستەکانیدا دەپشکوتن، لەدەمیەوە جۆگەلەیان بەستبوو. میری بەکوچە بێکۆتاییەکانی گێڕانەوەو کێڵگە سپییەکانی وشە هەژێنراوەکاندا برد تاگەیاندیە چایخانەیەکی کۆنی دیوار زەرد هەڵگەڕاو لەژێر گرێ زەمەنیەکاندا، لەدەم و چاوی هاتووچۆکەرانیدا نامۆییەك هەبوو کە هەر بەسیمای گورگی برسی و دڕندەی ژێر ڕەنوە بەفردەکەن. لەو شوێنە کلۆم دراوو داخراوانە بەسەرخۆیدا و لەناو جەنجاڵی دۆمینۆو هەڵدانی زارو زڕەی پیاڵەو چەڕەدوکەڵی جگەرە هەرزانەکاندا میر بەسەر جیهانێکی ئاڵۆزو لەبیر کراوەدا کرایەوە. جیهانێك بەو خەونانەی لەخەون خۆیدا جێیان نابێتەوە و ئەوچێژانەش کەتام نەکراون و بەجەنگە ئەندێشەییەکان پڕکراوەتەوە.**

لەسەر دووکورسی چۆڵ لەگۆشەیەکی چایخانەکەدا دانیشتن کەمێزێکی تەختە لەبەردەمیاندا بوو، دەستێك دۆمینۆ و دووپیاڵە چای گەرمی لەسەر دانرابوو. سانا نیە مرۆڤ لەچاو تروکانێکدا سەیری ئەو دوو پیاڵەیە بکات کە لە تارمایی سور دروست کراون و بزانێت ئەو پیاڵانە لەپێش چەند سەردەمەوە دانراون، پاش ئەوەی میر قومێکی لەچاکەی بەردەمی داو پیاڵەکەی لەسەر مێزەکە دانایەوە، وەك ئەوەی شتێکی بیرکەوتبێتەوە، پرسی؟

—بۆچی منت هێنایە ئەم شوێنە؟

—ئەی ئەوکەسەی خۆرپرشنگی لێت دەدرزێت و فرینت نیان ترە لەباڵی باڵندە، من لەبەردەم موعجیزەکانی زماندا بچوکم وەك بچوکی لەزەت لەیاسا حەرامکەرە دڵڕەقەکاندا. ئەم جارە، وەك چۆن پێشتر پێم ڕاگەیاندویت، پێش وەخت دەگەینە شوێنی حیکایەتەکە چونکە ناتوانین لەو قەدەرە ڕەشە دەربازبین کەلەحیکایەتەکەدا چاوەڕوانمانە. گەورەم ئێرە نمونەین ترین شوێنە بۆ بەفیڕۆدانی کات و کوشتنی زەمەن بەدڵڕەقترین شێوە. لەگەڵ ئەوەی دابڕان لەزەمەن بەمەحاڵ دادەنرێ کەچی ئەمانە هەوڵ دەدەن لەپشت زەمەنەوەو لەومۆڵگا هەست پێ نەکراوانەی ژیان تێیدا نوقمی مانا موجەڕەدەکانە، بەردەوامی بەئامادەبوونیان بدەن ئەویش لەڕێگای ئەو یاریانەوە کە خاوەنی یاسای لۆژیکین لەدەرەوەی زەمەندا..

قاوەگرەوەکە هەستی بەلاوازی کرد کاتێك سەیری بنی فنجانەکەی کرد بێئەوەی گوێ بە نیگا سستەکانی میر بدات کە بەبێزاریەوە وتی:

—شوێنێکی خنکێنەرە..

قاوەگرەوەکە نەیدەویست ڕێڕەوی قسە بگۆڕێت هەربۆیە بەردەوام بوو:

—زەمەن گیانی سپاردوە، ئەگەرچی لەم شوێنەدا بەیادگاری و خەونی بێکارە رزیوەکان سیخناخە. با ئاگاداری خۆمان بین تا ئەو یاریانە فریومان نەدەن



کەخەونەکان لەپشت ئاماژەکانیەوە بەرجەستە دەبن و حیکایەتەکەشمان بە تەفسیر قورس نەکەین. چونکە ڕەمزەکانی بێکۆتا دەخوێنرێتەوە و لەناو ئەو ئەندێشەیەدا گەشەدەکات کە بە دوویان کەوتوە. دەمەوێ یەکێك لە شوێنە لەبیرکراوەکانی وڵاتت پیشان بدەم بە جەنجاڵی و چەڕە دوکەڵیەوە کە ئارەزووەکان تیایدا دەمرن و ئەو چیرۆکانەشی لێوە دروست دەبێ کە ژیان دەکەنە ئەفسانە. ئەم شوێنە دوور لە خوێندنی باڵندە کۆچەریەکان و شنەی بەیانییە دڵرفێنەکان دەمان گەیەنێتە ڕاڕەوی شاراوەی حیکایەتەکەمان تا کەمێك لە تەنیشت بێ کاریەوە چوار مشقی دانیشین.

قاوەگرەوەکە بەسەر ئاماژەی بۆ یەکێك لە مێزەکانی تەنیشتیان کردو وتی:

—دەتوانی لە یاری ئەم دوو کەسە رامێنی کە لە دوو خواوەند دەچن بە هەموو ئەو جەبەرووتەی خواوەند هەیەتی یاخود دوو میر بەو دڵڕەقیەی میرەکان هەیانە. نزیك بەرەوە لێیان تا بە چاوی خۆت جەنگی هەڵگیرساوی نێوانیان ببینیت و لەو قەدەرە شاراوانە رامێنی کە دوور لە لۆژیك لە یاریەکەوە ئاشکرا دەبێت. یاخود سەیری یاری ئەو چوار کەسە بکە(قاوەگرەوەکە بەدەستی راستی ئاماژە بۆ مێزێکی تر دەکات) کە بەشێوەی خواوەندی ئەفسانە کۆنەکان دانیشتون، یاخود لەچوار میری ناو حیکایەتێکی غەمبار دەکەن.. ئەو حیکایەتەی مژدەی خۆشیی بەگوێگرانی نادات.

لەکاتی قسەکردنی لەسەرخۆ و هێمنی قاوەگرەوەکە، میر مێزێکی بچوکی ڕاکێشایە بەردەمیان و چاوی بڕیبوە فنجانەکە. لەدەستی چەپیشیدا سنوقێکی تەختەیی گرتبوو کە بەزەخرەفەو نەخشی ورد ڕازابووەوەو بەهێواشی دەیدابەمێزەکەدا. لەناکاو لەتەقەتەق وەستا کاتێك چاوی لەسەر سەعاتە خۆڵیەکەی ڕاگیربوو، ئەو سەعاتەی بەسەر زەمەنی کاتژمێرو ژیاندا باڵادەست دەبوو و تەمەنی فەرمان ڕەوایەتیەکەی بەسەردەم دوای سەردەم

دەپێوا و وای دەردەخات کەمیر لەسەر ئاوریشمی تەختێك دانیشتووە کەتەمەنی هەزارو پێنج سەدساڵە. سنوقە بچوکەکەی لەسەر مێزەکە داناو بەدەنگێکی گڕو فەرماناویەوە وتی:

—دەمەوێت خۆم ئەم یاریە بکەم..

بەیەك جار پولی دۆمینەکانی دەرهێنا، ئەویش بەقلّپ کردنەوەی سنوقەکە بوو کە بۆنی گوڵی لوتس و گەڕانەوەی بۆ یەکەمین سەفەری لەزەت لەدەرەوەی جەستەو ڕامان لەڕوتێتی کچێکی پڕ لەنهێنی لێوە دەهات و شەڕەکانی غەریزە لەمەکریدا هەڵدەگیرسێ.

لەگەڵ هاتنە دەرەوەی پولەکاندا لەبیرچوونەوە وەك تاریکیەکی نوتەك باڵی دەکێشێ بەسەریاندا و ئەمانیش بەڕەشێتیەکەیدا ڕۆشتن، بەیەکێك لەڕاڕەوە ئاولاویەکانیدا تائەودیوی شوێن ڕۆشتن و زەمەنیان وەك دوو شمشێری وێڵ دەبڕی. میر زانی شتەکان لەوێدا مانای تر وەردەگرن و جوانیی بێ پێناسەو جیاکاری تێکەڵ بەناشرینی دەبێت و مردنیش حەقیەتی خۆی ون دەکات و ژیانیش ڕەهایی خۆی دەدۆڕێنێ و دەبێتە مێرگێکی ون لە بیابانێکی فراواندا و ڕێبواران فریو دەدا.

پاش تێکەڵ کردنی پولە هەڵگێڕاوەکان، کردنی بەدووبەشی یەکسانەوەو بەشێکیانی راکێشایە بەردەمی خۆی. یەکەم  پول بوو کە بەختی دابەزینی لەسەر مێزە ئاڵتونیەکە پێدراو لە دەستی قاوەگرەوەکەدا بوو کە میر پێی دەوت(کەنێرە) یاخود((شلێر)). پاش ئەوەی قاوەگرەوەکە لێی راما وتی:

—گەورەی سەردارم.. گومان دەکەم کەبەختیاری وەك جارەکانی پێشوو چاوەڕوانمان بێت. هەربۆیە حیکایەتەکە بەشێوەیەکی تر دەگەڕێمەوە ئەگەرچی ڕێگا ڕۆشنەکان لەبەردەمتدا درێژدەبنەوە. ئەم پولە بریتیە لەدابەش بوونی وڵاتێك بەسەر دووبەشدا کە سنورەکانی نێوانیان روباری



هەنگوین یاخود شیر نیە. بەڵکو خوێنی مەییوی ژێردارو پەردوی جەنگەکانە. لەگەڵ ئەوەی کوژراوانی زۆر شت لەبارەیەوە دەگێڕنەوە، بەڵام ئەم وڵاتە مەتەڵەکانی زوو ئاشکرا ناکات. هەربەشێك لەم وڵاتە کەرتبووە سێبەرێکە بۆ بەشەکەی‌تر، بە باخچە سوتاوەکانی لە سەوزبووونداو ڕێگا فەوتێنەرو شارە رووکەشیەکانی و پەیوەندیە زبرەکانی و یاسا وەستاوەکانی زمانی تا دەگەیتە دابەش کاریە خەولێخەرەکانی بەکارهێنانی هاوماناکانی وەك قوتابخانەو ئافرەت و قوتابی، فەرمان ڕەوایی وڵاتیش هەربەوە دەچێت کە لە بەندی یەکەمی یاسا ناوخۆییەکانی جەنگەڵە چڕەکان باس کراوە، بەجیاوازی زمان و جغرافیایان.

سەرسامی میر هیچی لای قاوەگرەوەکە جێنەهێشت جگە لە حەماسی سەرکەوتن ناچار هەوڵیدا دوور لەو سەرسامیە بوەستێت. میر بێ دوودڵی و بەخۆشیەوە  دابەزی کەپێی دەوت(گوڵە بە ڕۆژە):

—گەورەم ئەمجارە بە توڕەترین پوول ڕێگای ڕۆژهەڵات دەبڕیت. ڕێگای شەڕە خوێناویەکانی نێوان ڕۆح و مادە و ڕێگای پەرستگا نغرۆکان لە بەفرو پاکبونەوەی سەخت نا، بەڵکو ئەوەی پوولەکە دەیڵێت ئەوەیە: میرێکی دڵڕەق لەسەر تەختێکی ئاڵتونی وڵاتێك دادەنیشێت کە لە خوێنی ڕژاوی خۆیدا گیان دەدات و ڕێگاکانی شەو دەگرێتە بەر تاجەستە بکوژێت و عەقڵ بتۆقێنێت و لەژێر سۆزو ڕستە حەماسیەکاندا پشووبدات. پێشتر گوێت لەدەنگی خوێندنی کەڵەشێربووە لەگەرمەی ئێوارەدا و دواکەوتنی هەڵهاتنی خۆر؟ ئەوکچانەش کە کچێنیان لەپۆلایەو بەشەرم دەتوێتەوە؟ شەقامە نامۆکان و ئەو خانوانەی زیاد لەزیندانەکان دڵڕەق و گۆشەگیرن؟ ئەو پیاوانەی لەسەر مل کەچی ڕاهاتوون؟ گەورەم ڕۆژهەڵات قەدەری تۆیە و دەڕۆیت تازەویەکان لەژێر پێتا بکەیتە بیابان و سەری میرو پاشاکانیش بەمەشخەڵی کوژاوە. لەوێدا بەیارییەك قومار لەسەر غەنیمە بێشومارەکانت

دەکەیت کە هەرگیز دۆڕاندنی تیا نیە... کەواتە گەورەم زارەکەت لەشەقامی ئەو وڵاتە هەڵدە کە خوانەکانی لەگۆشتی منداڵەکانیەتی و باخچەکانی لەقژو مەمکی کچە کانیەتی و قاپەکانیشی لەپێستی گوراوی سەرە..

قاوەگرەوەکە  هاتەخوارەوە کە میر پێی دەڵێ((گوڵە لالانە)):

—لەوانەیە باکان بەئارەزوی ئێمە هەڵنەکەن و گوڵەکانیش بەزەوقی ئێمە ڕەنگ نەگرن.. لەگەڵ ئەوەی تۆ پەلەیت لەسەفەرە شڵەژاوەکەت بەرەو ڕۆژهەڵات تانهێنی جەنگەکانت ئاشکراکەیت، بەڵام تۆ لە تواناتدایە گۆشەگیری ئەو میرە ببینی کەلە خواوەند دەچێت لەو بیابانە چۆڵ و وشکەی مانادا؟ لەوانەیە(بەیاز) سەرەتا یاخود ڕەهایی یاخود بیابان و ون بوون بێ، ون بوونی ئەو میرەی کەدەیەوێت بەسەر گۆڕی بەکۆمەڵدا بگاتە مانای وێرانەو کاولکاری و ئازادیە کۆت کراوەکان، گەورەم پەلە کردن داد نادات و لەگەڵ ئەو هەموو بارودخانەو گەنجینانەی پڕن لەچەکی کریستاڵی کەچی ڕێگاکە بەئازارە. لەم جغرافیا مردوەدا کەچیاکانی بەرزترن لەفڕین و زۆنگاوەکانی ئاڵۆزترن لەئەندێشەی سەربازەکان و شارەکانیشی لەژێر سفری ژیانەوە نیشتەنین، ئیدی هیوا بەخەون و چەك نیەو لەفریودانەکانی بەیاز ئاگاداربە. چونکە سەری زۆر میری گەیاندە ڕمەکان و ئێستاش نۆرەی تۆیە گەورەم... ئایا دەتەوێ وەك جارەکانی پێشوو  دابەزیت کە بریتیە لە کەوتنی ئەو میرە بۆ ناو چوار ڕییانێکی تێکچڕژاو کە لەکۆتاییە سیحراویەکانی ڕادەمێنێ. پێویستە لەسەرت بەئاگابی لەهەڵبژاردندا چونکە ئەم پوولە بە((گوڵە سەعاتی)) ناو دەنێ ی.

دوور لەیاسای یاریەکە و پێشئەوەی قاوەگرەوەکە ڕستەکەی تەواوکات میر  دابەزیو وتی:

—نەخێر دەمەوێت((گوڵی ئەقاقیا)) بەشداری یاریەکەمان بکات.



—گەورەم هەرگیز نیگەران مەبەو دوودڵیش مەبە لەهەڵبژاردنی ڕێگایەك لەناو ئەو چوار ڕێگایەدا، من واتدەبینم کەپەلەی بۆ گەشتن بەگەنج و سەرچاوەکان، ڕوەو قوبەو پەرستگاکان و بیرە نەوتە خەوزڕاوەکان و باخچە ڕاماوەکان لە سکون، ئەم پوولە تەنها لەسەر ڕێگای ئەوانەدایە کەدوور لەگومان بەرەکانی شەڕ نغرۆی خوێن دەکەن و ناگەن بەماناکانی مردن.

قاوەگرەوەکە بەهێمنی  دابەزی و بەشێوەیەك نوساندی بەپولەکای پێشووەوە کەڕیزی پوولەکانی چەماندەوەو بەردەوام بوو:

—لەگەڵ ئەوەی کۆتایی هەموو ڕێگایەك دەگاتە دۆزینەوەیەکی نوێ، بەڵام گەورەم ڕۆژهەڵات قەدەری مەرگی سوپاکەتە، ئەوەتا ئەو پوولەی پێی دەڵێی((زەعفەران)) باسی ڕێبوارێك دەکات کەدێت و نهێنی سەفەرەکەت لەقسەکانیدایە، ئەو دێت تا لەڕێگای زەعفەرانەوە ئاگادارت کات بۆ ئەوەی گەنجەکان فریوت نەدەن و کۆتایی قسەکانیشی بە باسی کرانەوەی ڕێگاکەت بەسەر ئافرەتە بێشومارو خستنەوەی کەڵەکان و ژنە زۆرەکانت دێنێت.


میر بەبێ دەنگی  دابەزی بێ ئەوەی بیر لە((گوڵە میخەك))بکاتەوە:

—گەورەو سەرۆکم.. داهاتوو چیە جگە لەژورێکی داخراو کە لەتاریکیدا لێمان ون بوەو تائێستاش لەحیکایەت و پەندەکاندا بۆی دەگەڕێین. ئەگەر لەم پوولە وردبینەوە دەبینین پێمان دەڵێ: لەبەردەم میرێکی سیخناخ بەخەون و دڵڕەقی کە گەنجەکان هەڵیدەخەڵەتێنن و نەوەی ژنە نەبینراوەکانی گۆشەگیری دەکەن، ڕێگایەك نیە جگە لە گەڕانەوەی بۆ خودی خۆی، ئائەوەتا((یەك)) ئاماژەیە بۆ کوشتنی هەموو ماناکانی جیاوازبوون و هەموو ڕێگایەکی کۆتایی هاتوو بە((یەك)) غەرقی ئازارو کوشتنە لەبەردەم چنگەکانی((یەك)) دا.

لەکۆتایی ڕێگەی ڕۆژهەڵاتدا میر هەستی کرد کە هەڵۆیەکی پیرە بەسەرشانی شکاوی مێگەلەکەیەوەو سەیری سنوری میرنشینەکەی دەکات.


پاش ڕامانێکی کەم لەدەستی، بە دوودڵیەوە  دەرهێناو ڕوەو ڕۆژئاوا نوساندی بە گوڵە شلێرەوە، بۆ ئەوەی قاوەگرەوەکە گوێ بەڕێڕەوی یاریەکە بدات وتی:

—کەواتە باواز لەڕۆژهەلاَت بێنین لەبیابانی جەنگەکاندا بگەوزێت و لەڕژێمە کەوڵکەرەکاندا ون بێت تا بۆنی((سەوسەن)) لەگەڵ خۆیدا هەڵمان گرێت و ڕوەو ڕۆژئاوا بمانبات، ڕوەو گەنجە بێ شومارەکانی و بازاڕە پۆلاَیین و موعجیزەی بەهەشتەکانی. چونکە ئەم پوولە بۆ وڵاتێکمان دەبات کە لەوپەڕی جوانیدایەو تێیدا چەمکە نوێکان لەدەرەوەی مەرجەعە سواوەکان دەڕوێنرێن. لەزەویەکانیەوە ئاوەدانی فوارە دەکات و کۆشکێکی تیانیەکە فەرمانەکانی ڕەهابن. لەوانەیە لەوێ((بەیان)) خەونێك بێت بەڕەنگ و بۆنی جیاوازەوە.

قاوەگرەوەکە  دابەزی و درێژەی بەقسەکانیدا:

—بەردەوام دارستانەکانی خەون درێژ دەبنەوە. لێرەدا((بەیان)) ڕەهایی گەشتن بەتێربوون و پڕبوون ئاشکرادەکات. یاخود بەرگی ئەو دەسەلاَتانەی یەك ڕەهەندیان هەیە، یاخود شکاندنی بەربەستەکانی جووت بوون بەیان دەکات. پێویستە لەسەرمان کە لەگەڵ ڕەنگی خەشخاشی ئاڵ و والاَدا بڕۆین و گوێ لە خەونەکانی بەیاز بگرین.

میر بەگوێ گرتووی لە قاوەگرەوەکە  دابەزی و چەناگەی خستە سەرمەچەکی:

—تۆ هەردەم لێکدانەوەکانت لەبارەی گەنجەوەیە. لەناو هەموو ئەو شتانەی بەیاز وتنی و دەیانڵێت تۆ ئەو خاڵانەت دەوێت کە ئاماژە بەڕێگای گەنج و سامان و ئەزەلیەتی تەمەن دەکەن هەروەك داربەڕوو. ئەم پوولە کەناوی((قاچمۆك))ە، (قاوەگرەوەکە  لەدەستی چەپی دەردەهێنێ) پێمان دەڵێت کەلەوێ گەنجینە کانزایی و ژیانیەکان تاڕادەی نەمری هەیە.



میر خێراتر لەپوولەکانی پێشوو  دادەبەزێنێ و سەیری پرچە ڕەشەکانی قاوە گرەوەکە دەکات:

—نهێنی گەنجەکان لەچاو و هەستەکان شاراوەیەو ئەم پوولەش دوو نهێنیمان لەناو بۆنی((بخوری مریەم)) بۆ ئاشکرادەکات" یەکەمیان ئەوەیە کە گەنجەکان تەنها موڵکی تاکن و تاکیش ئازاد و سەربەستە لەگەڕان بەدوایاندا یاخود بۆ خۆیی بپارێزێت. بەلاَم دوهەمیان ئەوەیە کەتاك بۆ خۆی سامانە.

قاوەگرەوەکە  دادەبەزێ وبەدوایدا میر  بەشێوەیەك دادەنێ کە ڕیزی پوولەکان دەچەمێنێتەوە.. پاش بێدەنگیەکی کەم قاوەگرەوەکە دەکەوێتەوە قسەکردن.

—ئایا ئەو دارستانە دەبینیت کە لە کەرنەڤاڵی تاکێتی دەچێت و بۆنی سێوی لێوە دێت؟ ئەو دەڵێت هەموو تاکەکان لەیاساکاندا یەکسانن و ئەو چوار خاڵەش زیندوکردنەوەی هەڵبژاردنەکانە سەر لەنوێ(قاوەگرەوەکە  هێنایە یارییەکەوە) ئەم پوولە لە((گوڵە پرتەقاڵ )) دەچێت و جەخت لەگەڕان بەناو ڕەوگەکان و هێمن کردنەوەی دڵە نائارامەکان دەکات.


میر لەبەردەم هەڵبژاردنەکاندا بێدەنگ بوو، داوای لەقاوەگرەوەکە کرد هەموو پوولەکان بەدوای یەکدا دابەزێنن،خۆی ڕوەوباکور  دابەزی، بەدوایدا  پاشان  و ڕاستەوخۆ  هێنایە خوارەوە. پاش وەستانێکی کەم  ئەویش بەشێوەیەك کەجارێکی تر ڕێکی ڕیزی پوولەکانی شکاند، بە دوایدا  دابەزی.

میر کە چاوی بەپوولەکاندا گێڕا هەستی بەسوکیو ناسکیەك کرد بۆ ئەوەی هێماکان لەخەوە قوڵەکانیان بە ئاگابێنێت. جارێکی تر گەڕایەوە ناو ڕوداوی یارییەکە کە قاوەگرەوەکە وتی:

—لێرەوە بەناو بۆن و ڕەنگ و گوڵی((خوێنی سیاوشان)) و((ڕۆزمەری)) و((مێلاقە)) و((گوڵە قەیفە)) و گومانی وڵاتێکدا ڕێگا دەبڕین تەسلیم بەخۆی

بووەو لەناو هەڵبژاردنەکاندا ڕێگای ژیان نادۆزرێتەوە. ئەم ڕێگایانە لەچوار خواوەند دەچن کە لەسەر وڵاتێکی شین باوو شەتەك دراو بە دووانە کوشندەکانەوە دانیشتوون، ئەم دوانانەش بەپێی ناوازە جنسیەکان دابەش بوون کە بە بەرچاوی رستە شێرپەنجەییەکانەوە دەردەکەون. گەورەم وڵات لەسەر تەختێکی مسیی گەنجینە دەرونیەکان وەستاوە دوو میری خستۆتەوە کە پێدەچێت ئێستا لەشێت خانە هاتبنە دەرەوە. لەم دوو میرەوە یەك میری ڕەها دێتەدەرەوە کەژیان تا رادەی وەستان دەگوشێت. ئەم میرەش کە لە تێکەڵ بوون و یەکگرتنی دوو میرەکەی پێشوەوە دروست بووە کە لە جمگەکان زیاتر لەیەك دەچن و چاو دەترسێنن وەك لەوەی سەر سامی بکەن.

قاوەگرەوەکە بەناو کێڵگەی گێڕانەوە چڕەکان، بەنهێنی و مەتەڵ و خوێندنەوە نائاشناکاندا دەڕۆشت و بەشێوەیەك پوولەکانی تری لەدەستیدا گرت، میر نەتوانێ بیان بینێت. بەهێمنیەوە لەپولە ڕیزکراوەکانی سەر مێزەکە رامابوو کە لە شێوەی خاچێکی شکاوەدا بوون.




– گەورەم با بەردەوام بین تا باڵی چوارەمی خاچەکە تەواوبکەین و لێیەوە بگەڕێینەوە سەر ئەو وێنانەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان هەڵکەندراون و بە



جغرافیای نەبینراو و نادیار و مێژوی نەنوسراو و تۆمار نەکراودا بچینە ناو دڕندەترین دەسەڵاتەوە و بەناو ماناکانی فاشیەت و چەمکە ونکەرەکاندا بڕۆین و لەنزیکەوە لە حیزب ڕامێنین.


میر بواری بە قاوەگرەوەکە نەدا تا لەیاریەکە بەردەوام بێت و ئەو پوولانەش کە لە دەستیدا مابوون و هێشتا داینەبەزاندبوون بە بێزاریەوە فڕێیدانە سەر مێزەکە بێ ئەوەی هیچ بڵێت.

–گەورەم ئەمجارە یاریەکەمان تەواونەکرد. بەڵام لەتواناماندایەکەسەرلەنوێبە  دەست پێبکەین تا بگەینە وێنەی شمشێرێکی گڕگرتوو کە لەدەمەکانیەوە خوێنێکی گەرم دەچۆڕێت و لەسەر ڕوەکانی تەلیسمی داخراوو ناوی خوازراوی ئەو پاشایانە نوسراوە کە بەم شمشێرە کوژراون. ئەگەر لەیاریەکە بەردەوام بووین ئەوا کرانەوەی پوولەکان وەك پەڕەی((خەزیمۆك)) دەبینین کەلاکانی یاریەکە بە ((یەك)) کۆتایی پێ دەهێنێت. گەورەم ئەم شمشێرە دەمان گەیەنێتە مێژوی ئاسن و شارستانیەتی زانراوی شمشێر بە لاتیژەکانی و ناوە نوێیەکانیەوە.

–لە گێڕانەوە بەردەوام بە بەڵام بەقسە نەك بەشتیتر.

* * *

میر سەری لەنێوان دەستەکانیدا گرتبوو بەسەرمێزە ئاڵتونیەکەیدا شۆڕکرد بوەوەو پوولەکان لە ئەندێشەیدا دەهاتن و دەچوون. بۆ خۆشی لەناو ڕەشایی دوانزە خاڵەکەی((گوڵە شلێر))دا ڕۆچوو بوو کە هەردەم دەیگەیەنێتە بێ ئومێدی لە پەڕینەوە بەڕێگا خاچیەکەیدا تا بگاتە کۆتاییەکەی کە بە سامان و گەنج داخراوە.


بەدەم بیرکردنەوەوە لەگوڵە قاچمۆك  کە هیچ میرێك دەستی بەسەر گەنجە بێسنورەکانیدا نەگرتووە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو بۆ چەندجارێك یاریەکەی لەمێشکی خۆیدا کردەوە. ئەگەرچی بەئارەزوی خۆی پەنای بۆ فێڵ و دانانی پوول دەبرد، لەشوێنی پوولی تردا کە لەیاسای گەمەکەدا نەبوو. کەچی بێ ئومێدانە دەگەڕایەوە سەرەتا وەڕسەکانی یاریەکە کە هەموو ڕێگایەك یاخود لایەك لەلاکانی خاچەکە بە((یەك)) کۆتایی دەهات کە گۆشەگیریە سامناکەکەی نیشان دەدا. یاخود بە((بەیان)) کۆتایی دەهات کە ئاماژەیە بۆ بێ ئاسۆیی و کشانی بۆشاییە فراوانەکان لەبەردەمیدا، ئەو بۆشاییانەی لەبیابانەکان زیاترن بە وشکێتی و تراویلکەی و بێسنورییانەوە. هەرچۆن ڕێگای دەربازبوون نیە لەلایەکی یاریەکە یاخود لەلاکانی تری کە  نەفرەتی دەخاتە سەر ڕێی و ئەمیش سورە لەسەر بەردەوام بوونی گەڕانە پڕمەشەقەتەکانی و سەرلەنوێ دەیگێڕێتەوە بۆ ناو هەڵبژاردنە سەرنەکەوتوەکانی لەناو چوارینەی ڕێگا تەماویەکان و تێکدانی پوولەکان.

لەهەموو هەنگاوێکدا و لەکاتی دانانی هەر پوولێك لەسەر مێزەکە((قاچمۆك)) ئەندێشەی بەجێ نەدەهێشت. لە میر زیاتر بیری لەم پوولە




دەکردەوە وەك لەڕێڕەوی یارییەکە. بێ ئەوەی پولەکان هەڵگێڕێتەوە تێکیدان و لەخاڵە ڕەشەکانیان وردەبوەوە تا چاوی چووە سەر((قاچمۆك))، ئەوسا پرسی:

–کێ ئەم هەموو بێفیزیەی پێ بەخشیوی؟ چ گەمژەیەك ئەم هەموو یاسا دیاری کراوو توندو تۆڵە نەفرەتیەی بۆ داناوی،وایداناوە کە تەنها  کلیلی یاریەکە بێت؟چی دەبوو گەر تۆ ئەو کلیلەو هەموو ڕێگاکانیش بویتایە؟چی دەبوو گەر بە تۆ دەستم پێکردایەو بەتۆدا بڕۆشتمایە تا لە دواجاردا بگەمەوە پێت و یاریەکە بەرمەوەو هەموو گەنجەکان بەرم بۆ خۆم؟

لەناکاو دەستی درێژکردو هەموو پوولەکانی لەسەر مێزەکە فڕێدا جگە لە  کە بەدەستی ڕاستی گرتی و خستیە ناوەڕاستی مێزەکەوە، لەسەرخۆ وتی:

–کەواتە کلیلی هەموو سەرکەوتنەکانم دۆزییەوە..

پاشان دەستی چەپی درێژ کردو بەرەو لای چەپ، بەرەو لای ڕاست، بەرەو باکور و باشور جوڵاندی تا لاکانی یارییەکەو ڕەهەندی چوار ڕێگاکە دیاری بکات. ئەوسا لەسەر ڕێگای ڕۆژهەڵات ڕای گرت کە ڕێگا هەڵبژێراوەکەی بوو و دەیگەیاندە کۆتاییەکی گەشبین. بەهێمنی ڕوەو نەیارەکەی لەوپەڕی ڕۆژهەڵات ڕۆشت.لەدوورەوە بینی لەسەر شۆستەیەکی سوور بەخاڵە ڕەش و نازە خاڵاوییەکانیەوە ڕاکشاوە. ئەوخۆیبوو  گوڵیگەنجەکانی دەسەڵات.

میر هەنگاوەکانی خێرا کرد و دەستە درێژەکانی بۆ کردەوە وپێی وت:

–دواجار پێت گەشتم.. یارییەکەو هەموو شەڕەکانم بردەوە.. سەرکەوتم و جەبەروتی تەختەکەم.

هەستی بەقورسیەك کرد لەدەستی ڕاستیەوە بەرەو دواوە ڕایدەکێشا.. بێپەروا هەوڵی دەرباز بوونی دەدا لێی تاروەو کۆتایی سەرکەوتنەکەی

بڕوات.. قاچەکانی توانای هەڵگرتنیان نەبوو، لەرزێکی سارد گرتی وهەستی بەهیلاکی کرد، لەسەر ڕێگاکە بەچۆکا هات و چاوی بڕیبوە گەنجەکان..

دەنگی قاوەگرەوەکە گێڕایەوە بۆلای خۆی و دەستی گرتبوو، پێی وت:

-گەورەم بابڕۆین.. بچینە ناو بەسەرهاتی ئەو میرەی بەدەستی خۆی چاوی خۆی هەڵدەکۆڵێ.دەی سەروەرم تا زەمەن جێی نەهێشتویت..

*    *    *



## سەرگوزشتەی ئەو میرەی لەبارو دۆخێکی نادیاردا چاوی هەڵدەکۆڵرێت

قاوەگرەوەکە بەڕێگایەکدا پێش میر کەوت کە بەسەر خۆیدا داخرابوو، پاش ئەوەی بەدەست ئاماژەی بۆ ڕێگاکە کردوو لەمەترسیی گیا ئاسنینە هەڵچوەکانی ئاگاداری کرد، بێئەوەی گوێ بەدالغەی میر بدات وتی:

-حیکایەتێك دەگێڕمەوە کە لە ئەستێرەناسێکی بابلیەوە بەجێماوە پاش ئەوەی تیرێکی وێڵ لەپەنجەرەی خەڵوەتەکەیەوە کوشتی. ئیدی لەو ڕۆژەوە ئەم حیکایەتە لەناو فنجانەکەیدا دەسوڕێتەوە بێئەوەی کەس خوێندبێتیەوە.. گەورەم لەم حیکایەتەوە ژیانت دەبینم کە سەفەرێکی سەختە بەناو شمشێرو پەڕینەوەیەکی قورسە بەسەر پردی خەنجەرە زڕنگاوەکاندا کە دەتگەیەنێتە ئەم حیکایەتە ئاوێنە بەندە. هەوڵ ئەدەم ڕونتر بدوێم“ ئەو ڕێگایەی لە باخچەکەوە گرتمانەبەر و بەسەر شانە هیلاکەکانیەوە هاتین، دەگاتە کۆشکی میرەکان کە لە شێوەی ژورێکی کراوەی رازاوەدایە بەچەندین ئاوێنەی جیاواز لەڕوو سافەوە تا قۆقز و روچاڵ بەقەبارەی جیاجیا. پاش گەشتنت بەژورەکە لەبەردەم ئاوێنەکەدا دەوەستیت و توشی میرێکی دڵخۆشی دزێو یاخود میرێکی شمشێریی نیگەران یاخود خەنجەری دڵتەنگ یاخود لەوانەیە میرێکی ڕمی هەژاو ببیت..ئای گەورەم پۆشاکی ئاڵتونی یاخود ئاوریشمی میرەکە غافڵی کردم و بیرم چوو پێت بڵێم ئاوێنەکانی

حیکایەتەکە زیندون. بەمانای پیر دەبن و گەورەدەبن و چەندین جاریش دەمرن. تۆش بەتەنیا لەو ژورە کراوەیەدا بەرامبەریان دەوەستیت.

قاوەگرەوەکە سەری بەرزکردەوە و بەسەرسامیەوە سەیری میری کرد:

—گەورەم ئاوێنەکان لەخەیاڵێکی قوڵو واهیمەی میرە دڕەکان دەکەن هەروەك بەرهەم هێنانی پارە. دەتوانیت سەیری قوڵایی ئاوێنەکە بکەیت تالێیەوە تەختی وڵات ببینیت کە میرەکان بەخۆیان و ئەو مەدالیایانەی لەخوێن هەڵهێنجراون و ئاڵا شەکاوەکانیان لە ناو غوبارو ڕستە هێشوییەکانەوە لەسەری دانیشتون، تا بگەیتە سوتانی وڵاتێکی سەوز بەکارگەو کێڵگەکانیەوە لەژێر سەرچڵی تەختێکی سەرکەش بەخاچە شکاوەکەیەوە یاخود بگەیتە میرێکی قەڵەو کە گوڵەگەنمێك و شمشێرێك لەدەستیدا هەڵدەگرێت و جۆگای خوێن بەزەویە زەردو قاقڕەکانیدا ڕێچکە دەبەستێت. نیشاندانی سیمای هەموو ئاوێنەکان کارێکی دژوارە چونکە هەریەکێك لەئاوێنەکان میرێکی قەڵەو لەخۆ دەگرێت کە هەمووشیان لەیەکتردەچن. لەو ژورەدا بەتەنیا دەوەستیت و سەیری چاوە سامناك و کەلوپەلە سیس هەڵگەڕاوەکانیان دەکەیت کە لە تاڵێتیدا نیشتەنین، بێئەوەی چارەیەك لەسیحری هەڵۆ و گوڵە بۆنداروو شمشێرە بریسکاوەکانیان هەبێت کەبەسەر تەختەکانیانەوە دەشەکێنەوە.

میر بەهەڵپەوە لەئاوێنەکان نزیك بووەوەو وتی:

—کامەیە کوێرەکە لەناویاندا؟

لەگەڵ ئەوەی قاوەگرەوەکە بێپەروا چاوەڕوانی ئەم پرسیارەی دەکرد، بەڵام کەمێك لە وەڵام دانەوەی دوا کەوت تا ناو ئاوێنەکان گەڕاو چاوی کەوتە سەر دوو ئاوێنە:

—ئەوەی لەتوانامدایە ئەوەیە ڕێبەریت بکەم بۆ دەست نیشان کردنی دوو ئاوێنە کە دوو میری تیایەو هیچ شتێك کۆیان ناکاتەوە جگە لە دەسەڵات.



—ئەمە بەکەم دەزانی.

قاوەگرەوەکە بەدەنگێکی بەرز قسەی پێبڕی و وتی:

—لەیەکێکیاندا میرێکی ریش درێژ هەیە کە هەرگیز خۆر نەیداوە لەقژە شاراوەکەی کە لەژێر تاریکی مەندیلە ڕەشەکەیدایە. ئەم میرە لەدەستیدا تەزبیحێکی درێژی گرتووە کە لەبیلبیلەی کەنیزەکەکانەو بەردەوام لەبەرخۆیەوە ویردی لەبەرکراو دەڵێتەوە. لەئاوێنەکەی تریشدا میرێکی باڵابەرز بەجلی سەربازیەوە وەستاوەو لەپشت شانیەوە شاباڵی هەڵۆیەکی ئاگرین هەیە کە پریشکی ئاگریان لێ هەڵدەستێ. گەورەم لەجوڵەی ئاوێنەکانیان وردبەرەوە کە وەك جیوە سنورەکانیان تێکەڵ بەیەکتردەبن. لەدەست تێوەردانە ناشەرعیەکانیان بۆ کاروباری یەکتر، دزینی زەوی لەیەکتر و هەڵئاوسانی سوپا ئامادەکانیان. فنجانەکەوای بۆ دەچێت کە هەردوو میرەکە یەك تەخت چاوەڕوانیانە و هەریەکەشیان لەو باوەڕەدایە کەڕێگای بەهەشتە وادە پێدراوەکەی بەویتردا تێدەپەڕێت. لەبەر ئەوە بەرامبەری یەکتر دەوەستن و بەخۆیان و شمشێرە هەڵکێشراوەکانیانەوە لە ئاوێنەکانیان دەچنە دەرەوە، پاش ئەوەی سوپاکانیان ئینس و جنیان لە وڵاتدا فەوتان.

قاوەگرەوەکە دانیشتنەکەی گۆڕی، پاش ئەوەی هەستی کرد میر ناو بەرەی جەنگەکان بۆ پاشماوەکانی خۆی دەگەڕێت.

—گەورەم تەنها تۆ بینەری زۆرانبازیەکەیان نابیت. بەڵکو میری ئاوێنەکانی تریش بەوردی سەیری شمشێرە چەخماخەدارو توڕەکانیان دەکەن و لەهەڵچونی خوێنی دەمارەکانیشیان ڕادەمێنن، بێئەوەی بیر لەوەبکەنەوە کە زەمەن چەند بەسەر زۆرانبازیەکەیاندا تێپەڕیوە. قسە کورت دەکەمەوە بێئەوەی بچمە درێژدادڕی و پەراوێزەکانەوە. فنجانەکە دەڵێت: پاش ئەوەی یەکێکیان باسکی ئەویتر بریندار دەکات و دەیدات بەزەویدا بەهەموو قورسایی خۆیەوە لەسەر سنگی چۆك دادەدات و دەستێکی دەخاتە بینی و

بەدەستەکەی تریشی وەك راوچیانی سەدەف کە بێڕەحمانە بەدوای مرواریدا دەگەڕێن، چاوەکانی بەخەنجەرێکی تینو هەڵدەکۆڵێت. لەوکاتەدا گوێت لەدەنگێك دەبێت کە لە گەروی ئەوەی ژێرەوە دێت. بەڵام ئەوی تریان لەسەرەتاوە نەشئەی خوێن دەیگرێت و قووڵ چاوەکانی هەڵدەکۆڵێت، چاوەکان وەك دووهەڵماتی رەنگاورەنگ فڕێدەداتە سەر زەوی مەڕمەڕینی ژورەکە. پاشان لەناو خوێنی ڕژاوی چاوەکان دا دەگەڕێت و دڵنیا دەبێت لەوەی کوێرەکە توانای بینینی نەماوە و لەسەر سنگی هەڵدەستێت. بەپێوە دەوەستێت و قاقا پێدەکەنێت. لە میرە کوێرەکە دەگەڕێت تا بەدوای چاوەکانیدا بگەڕێت و بەزمانە دوو فاقەکەیەوە خوێنی ڕژاوی خۆی لەسەر زەویەکە بلێسێتەوە. بێ هیوایانە بەدەست دەگەڕێت و بۆنی شتەکان دەکات. لەگەڕاندا کات غافڵ دەکات پاش ئەوەی بەدەستی سێبەرە شەڕانگێزەکەی خۆی کوێر بوو. گەورەم دەتوانیت دیمەنی ئەو میرە تەنیایە ئەندێشە بکەیت کە لە کۆتایی ئەم حیکایەتەدا، دوور لەچاوە دەرهاتوەکانی کە بڕیویەتیە میری ناو ئاوێنەکە، بەجێ هێڵراوە؟

بێ ئەوەی قاوەگرەوەکە سەر بەرز بکاتەوە بۆنی هەناسە گڕگرتوەکانیمیری کردو زانی کە ڕەنگی کورسیەکەی بووە بەشینێکی دۆزەخی. ناچار هەوڵی خۆشاردنەوەیداو وتی:

–ئێستا بەسەرهاتی رۆمان نوسەکەت بۆ دەگێڕمەوە.

* * *



قاوەگرەوەکە سەیری ڕەشیی ناو فنجانەکەی دەکردو چاوی لەناو تاریکی ئاماژەکانیدا نغرۆ کردبوو، بێئەوەی ئاگای لەمیر بێت کە بەدەستەکانی لەناو ئەو ئاوێنەیەی لەبەردەمیدا وەستابوو، بەدوای تۆڵە سەندنەوەی چاوە هەڵکۆڵراوەکانیدا دەگەڕا. میر هەر لە لەدەست دانی بینینیەوە لەئاوێنەکانەوە دەیتوانی ببینێ و ئەو شتانەشی تیا بدۆزێتەوە کە بەدوایدا دەگەڕا” لەپێشینان و رەعیەت و جەنگ و غەنیمە و ڕابردوو و زەوی و وەزارەت و کۆشك و کەنیزەکەکانیەوە. بەڵام ئێستا بەدوای ئەو میرە شەڕانگێزەدا دەگەڕا و دەگەڕا کە چاوەکانی دەرهێناو دیارنەما. لەگەڕانە پەلوپۆ هاوێژەکەی بە نازەمان و ناشوێندا بەردەوام بوو و تەنها ڕێکەوتی میرە کوێرەکانی هاوشێوەی خۆی دەکرد. بەناو جەنگ و زیندان و کۆشك و تەختەکاندا دەڕۆشت و بەهەر میرێك بگەشتایە لەو میرانەی خاوەنی شمشێرن، دەیبینین کە چاویان دەرهێنراوە و ئەوانیش بەدوای دوژمنەکانیاندا دەگەڕێن.

–تۆ لەکوێی ئەی ئەو میرەی خاوەنی دووچاوی، بەرەو هەر کوێ هەڵبێی بەدوات دەکەوم.

میر وایوت و بەپۆشاکەکانی جەنگیەوە سەری روەو بەهەشتەکانی وەرچەرخاند کە خۆیان بۆ جەنگەکانی ئەم ئامادە دەکرد. ئەمیش لەناو ئەو باخچانەی فراوانترن لەوەی چاو کۆتاییەکانیان ببینێت دەستی بەڕۆشتن کرد. بەناو باخچەی شمشێرە درەوشاوەکان رۆشت کە چرۆی چەقۆو خەنجەری کریستاڵی و زێڕی تیادەپشکوێت. دەنگی جۆگەیەکی گرناڵ سەرنجی راکێشا. ئەو کاتەی سەرسامانە سەیری پرچی خۆرە ئاوابووەکەی دەکرد کە گەڵاو ڕێگاکانی بەڕەنگە خامۆشەکەی خۆی رووپۆش دەکردو لەنێوان پەڵە هەورەکانەوە دەهاتە دەرەوە، سەیری سەرچاوەی جۆگەکەی

دەكرد كە جۆرەها شمشێر و ئامرازی تیژ هەڵدەقوڵێنێتە ناو ئەو جۆگایەی بەردەمیەوەو تیژ تێدەپەڕێت. لەسەر بەردێك دانیشت كە لەشمشێرو ڕم و داسی ژەنگاوی بەكلس بوو دروست بووبوو. لەوێوە سەیری تارمایی پاسەوانەكانی دەكرد كە لەنزیك كەناری ڕێگا تیژەكەوە و لەژێر سێبەری درەختە تۆخەكاندا خەریكی كرۆشتنی كاتی پشویانن، لەجل و بەرگە ئاسنینەكانیان و باڵا ئەفسانەییەكانیان و چەكە سەرسام كەرەكانیان ڕاماو دوور بەناو ڕەنگی جلە زبرەكانیاندا ڕۆچوو.

میر ئاوڕی دایەوە تا لەگەڵ یەكێك لەوەزیرە هەرەمەكیەكانی بە چپە بدوێت، ئەویش لەترسی ئەوەی نەوەك شمشێرەكان بەئاگابێن.

—وەچەیەكم لە پاسەوانەكان دەوێت كە دەستیان شمشێر و هەناسەیان لە ئاگر بێت، نەوەیەكی پاسەوان كە زیاد لەشمشێر شمشێری بن و لە لێدانی جەلاد ئازاراوی تربن، تابچن ئەو میرە دووچاوەم بە كۆت و كەلەپچەی درەوشاوەوە بۆ بێنن و لەبەردەممدا لەسەر چۆك بكەوێت پاش ئەوەی چاوە نەگریسەكانی هەڵدەكۆڵم و لەژێر پێڵاوەكانمدا دەیپلیشێنمەوە. ئەو میرە بەد و خراپەكارەم دەوێت.. بەزیندوێتی دەمەوێت.

قاوەگرەوەكە بواری نەدا قسەكانی تەواو بكات وتی:

—گەورەم چیدی كات زۆر درەنگ بووە بۆ ڕابواردن لەناو باخچە وەهمیەكانتا.. دەبا ڕێگایەك بگرینە بەر كە دەرمان كات لەبێدەنگی و بمانگەیەنێتە بەسەرهاتێكی تر، پێش ون بوونی لەتاریكی دا.

*　　　*　　　*



## سەرگوزشتەی ئەو گێڕەرەوەیەی لەمەرگی خۆی هەڵدێت

—من لەسەرەتاوە كوێرانە دوات كەوتم، بێ ئەوەی گوێ بەو ڕێگا نامۆیانە بدەم كە گرتەبەر یاخود وازت لێهێنان و نەشمدەزانی حیكایەتەكان بۆ مەرگی من دەچنران.

قاوەگرەوەكە سەری بەرزكردەوە و فنجانەكەی لەدەستیدا دەسوڕایەوە. وشەكانی میر وەك بروسكە بەسەریدا دەكەوتن. ناچار لەناو ئەو وشانەدا لە ئاماژە نەخوێندراوەكان و جەنگی پیتە غەمبارو قوربانی چیرۆكەكانی تێدەفكری، لەو هێڵە ڕەشانە ورد بوەوە كە دیوارو بنیفنجانەكەیان بەوێنەی تێكچڕژاو دەنەخشاند. لەناكاو گۆڕانی ڕەنگە ئاساییەكەی قاوەگرەوەكەی سەرسام كرد كە لە ڕەشەوە بەرەو پەلكەزێڕینە گۆڕا. دواتر ڕەنگەكان دەستیان بەجیابوونەوە كرد لەیەكت، تا دوای ماوەیەكی كەم هەموو ڕەنگەكان لەیەكتردا توانەوەو شێوەی باڵندەیەكی سەیریان بە پەڕە زەردو نینۆكە شینەكانی كە لەڕەنگی سەری بوون و دەنوكە سورەكەیەوە دروست كرد. چەند سەیر بوو ئەو باڵندەیە هەندێ جار بەسیمای میرەوەو هەندێ جاری تریش لە شێوەی(شینە شاهۆ) بەدەر دەكەوت.

قاوەگرەوەكە سەری بەو ئاماژە نەفرەتیانە قورس بوو بوو كە فنجانەكە بەدەری دەخستن و گەشبینیان لێوە نەدەهات. ترسی قاوەگرەوەكە ئەوكاتە

بەدەرکەوت کە میری بەپەڕو نینۆکی شین و دەنوکە سورەکەیەوە بینی لەسەر کورسیە شوشەییەکەی کە ڕەنگی لە زەردەوە بەرەو شینی دۆزەخی دەگۆڕا، دانیشتبوو. میر بە چاوە سورەکانیەوە سەیری چاوە ساردەکانی قاوەگرەوەکەی دەکرد تا لێیانەوە ئەو شتانە ببینێت کە قاوەگرەوەکە لە فنجانەکەدا دەیبینی، ئەویش باڵندەیەکی سەیر بوو کە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ شینەشاهۆ دا نەبوو مەگەر تەنها لەقەبارەیدا. میر باڵە ئاگرینەکانی لێکدا و لەناو کۆشکە دیوار داخوراوەکانی و باخچە وشك هەڵهاتو و سیسەکانی و کەلوپەلە دەگمەن و بەتاڵان براوەکانی بێ لەکەنیزەکە رزیوەکانی، وەستابوو. ئەو کەنیزەکانەی بەدەم هەڵکردنی ئەو ڕەشاباو گێژەڵوکانەوە دەتوانەوەو هەڵدەوەرین کەپاشماوەی ئەو بۆنانەیان کۆ دەکردەوە لەلاشەی پاسەوان و سەگە دڕەکانەوە ماونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی قاوەگرەوەکە هەستی بەتۆقین و سام دەکردو لەرزێکی سارد سەراپای جەستەی گرت، هەوڵیدا بەدوای ئەو وشە و دەستەواژانەدا بگەڕێت کە دەتوانێت لەڕێیانەوە بەرەنگاری ئەو قەدەرە بێتەوە کە فنجانەکە پێش بینی دەکات بۆی، یاخود بەهەند وەرنەگرتنی ئەوەی لەبەر چاوی ڕودەدات. بەسۆزێکەوە وتی:

–خاوەن شکۆ ڕێم پێدەدات لەگێڕانەوە بەردەوام بم؟

میر هیچ قسەی نەکرد و لەجیگای خۆی نەبزوا. بەڵکو تەنها لەچاوی قاوەگرەوەکەی دەڕوانی کە هەستی کرد میر ڕێگا لەگێڕانەوەی حیکایەتەکان ناگرێت و وا باشتریشە بۆ خۆی کە دەروازەی ئەو بێدەنگیە ترسناکە بخاتە سەرپشت.

–گەورەم ئێمە دوو پاڵەوانی خەیاڵی رۆمان نوسێکین کە نیگەرانی تائێستا دەیخوات، خواردنێك بەقەد ترسی ئەو وشانەی زۆرانبازیان لەگەڵ دەکات. ئەو دەماننوسێتەوەو دەمانوسێتەوە بێ ئەوەی بتوانێ بمانکوژێت. هەربۆیە



بەردەوام لەو چیرۆکانەدا دەمان هێڵێتەوە. چونکە مردنی ئێمە مردنی خۆشیەتی.

–بەردەوام بە.

قاوەگرەوەکە خۆشیەکی شیرین گرتی و هەستی کرد سەرلەنوێ ڕەشمەی حیکایەتەکەی گرتوەو جارێکیتر میر دەخاتەوە سەر ئەو ڕێگایەی ئەم بۆی هەڵدەبژێرێت تا بەگێڕانەوەیدا بیبات. بەهەڵپەوە بەردەوام بوو.

–بەسەرهاتەکە باسی ڕۆماننوسێك دەکات کە دەیەوێت ڕۆمانێك لەبارەی مردنی میرێکەوە بنوسێت کە شەو و با نیشتەجێین. میرێکی زۆڵ کە بە ناکامی پێش تەواوکردنی نۆ مانگ لەدایك دەبێت و بەدەست گرێی خۆبەکەم زانینەوە دەناڵێنێ و گومان دەکات کە لەنەوەی ئادەم بێت. بەردەوام ترسێك هاوەڵیەتی کەترسی بوون و دەرکەوتنی هاوشێوەیەکی خۆیەتی، ئەگەر لە رابردووشدا بێت. ئەوەی لەم میرەدا سەرنج ڕاکێشە، هەر لەو کاتەوەی منداڵ بووە، ئەو کینە زۆرەیەتی کە لەمنداڵ ئەو بێزلێبوونەوە بێسنورەشی کە لە پیت و کاغەز هەیەتی. بەڕادەیەك دەرکەوتنی کتێبێك یاخود ڕستەیەکی نوسراو بەس بوو بۆ هەڵچونی ئەوتوڕەییەی کەڕام ناکرێت و تەڕو وشك لەناو دەستە گڕاویەکانیدا دەسوتێنێت. بەڵام گەورەم ئەو بەمردن لەناو وشەدا حوکم دراوە.

ترسی قاوەگرەوەکە چەند زۆربوو کە میری بینی دەست ڕادەوەشێنێت و هاوار دەکات:

–تۆ من دەگێڕیتەوە و باسی ئەو شتانە دەکەیت کە فنجانەکە زاتی نەکردوە بیلێت!

جارێکیتر قاوەگرەوەکە هەستی بەبێ هیوای کردو زانی بێزاریە سەرەڕۆکەی میر گەشتۆتە ئەوپەڕی. ناچار پەنای بردە بەر دوا دەروازەکانی ڕزگاربوون(تالەو قیامەتە دەربازبێت کە گەمارۆی داوە). بەڵکو لێیەوە

بتوانێت دەست لەموعجیزەیەك بدات كە گەشبینی لێوە بێت. كێ دەزانێت؟ لەوانەیە گەشبینی خۆی ئەو موعجیزەیە. بێت لەبەرئەوە لەبەردەم میردا وێنەی خەندەیەكی درۆزن لەسیما پەشۆكاوو لاوازەكەیدا بكێشێت و هەوڵی دەرهێنانی پاشماوەی ئەو وشانە بدات لەفنجانەكەدا كە لەوانەیە بتوانن وێنەی خەندەیەكی ڕاگوزەر لە سیمای میردا بنەخشێنن. ناچار ئەم جارە لەدەرەوەی فنجانەكە بۆ ئەو وشانە گەڕا.

—دڵنیابە گەورەم.. ئەو نوسەرە ناتوانێت نزیك بێتەوە لە كۆتاییەكەت چونكە تەواوبوونی لەنوسینەوەمان مردنی خۆشیەتی.

میر بێ ئارامانە هەڵچوو، هاواری كرد:

—ئیدی هەموو شتێك كۆتایی هات و منیش گەشتمە عەدەم.. تۆ ئەو قەلە ڕەش و هەڵۆیانە دەبینیت كە لەخەیاڵمانەوە دێنە دەرەوە و چاوو پەلە پەرشوبڵاوەكانم لەناو فنجانەكەدا هەڵدەكۆڵن.

قاوەگرەوەكە ترس و بێ ئومێدی لێ دەڕژا، وتی:

—ئایا میرم لێم دەگەڕێ بەناو حیكایەتەكەدا بفڕم تا سەرلەنوێ لەسەرەتاكەیەوە دەست پێ بكەمەوە؟

میر وەڵامی نەدایەوەو لەسەر كورسیە ڕەشەكەی هەستا، بێئەوەی چرچی ناوچەوانە ڕەنگینەكەی بە ڕەنگی زەردو شینی دۆزەخیەوە بشارێتەوە. بەرەو قاوەگرەوەكە ڕۆشت، ئەویش لەناو ترس و سەرسامیدا سەیری دەكرد. بەدەستی چەپی كە لیكێكی شینباو لەنێوان پەنجەكانیەوە دەچۆڕا، قژی گرت و دەستی ڕاستیشی درێژ كرد تا بەهەردوكیان قژە شینەكەی بگرن. بەچاوە سورەكانیشیەوە سەیری چاوی قاوەگرەوەكەی دەكرد كە توانای بەرەنگاربوونەوەی نیگا درەوشاوەكانی میری نەبوو. بەدەنگێك كە بۆنی لاشەی بۆگەن كردوی لێ دەهات، بەسەرقاوەگرەوەكەدا نەڕاندی:



—هەرگیز خۆم نادەمە دەست ئەو ئەجەلەی كە لەسەری تۆدا بۆم كێشراوەو چاوەڕوانی مردنم نابم لەبەردەم فنجانە نەفرەتیەكەتدا، بەرگەی چاوەڕوانی ناگرم.

دەنگی میر لەسەری قاوەگرەوەكەدا بەرزو بەرزتر دەبوەوە كە هەربەدەنگی شینە شاهۆی دەكرد لەتاریكایی شەودا. هێشتا دوایەمین ڕستەی میر لەسەری قاوەگرەوەكەدا دەنگی دەدایەوە كاتێك میر بەدەستە ساردەكانی ملی گرت و لەناو پەنجە درێژە شینەكانیدا گوشی. قاوەگرەوەكە بێپەروا هەوڵیدا ئەو وشانە گۆبكات كە هێشتا لە گەرویدا نەخنكێنراون. وتی:

—گەورەم.. ڕێگەم بە.. بەسەرهاتەكەت... بۆ.. تەواو..بكەم و.. بەجۆرێك.. دەیگێڕمەوە.. دوور.. لەوەی فنجانەكە.. بۆی دەچێت..

بەڵام چاوەكانی ئەو شتەیان دەووت كە لە فنجانەكەدا بوو، وتی:

—ببورە گەورەم، میری بێ ناوی ئەم حیكایەتە تۆیت و تۆیش هەڵبژێراوی بۆ ئەوەی ئەو بیت.

چاوەكانی كوژانەوەو ڕەشاییەكی تیژ كە ئەو وێنانەی تیابوو بە بەردەم بینینیدا دەهاتن و دەچوون وێنەی سوری هەموو قوربانیانی گەشتەكانی میر هەر لەشارە سڕاوەكان و خەونە شاعیریە كۆتكراوەكان و باخچە سیسەكان و وڵاتە سوتێنراوەكان و ئەو كەنیزەكانەی بەمەمكیان لەخاچ دراون و ئەو لاشانەی لەژێر هەوری گازە ژەهراویەكاندا كەڵەكە دەكران و ئەوەی لەوێرانەكان بەجێما دوای فتوحاتەكانی، وێنەی سوارە بەسەر چووەكان و منداڵە ئەتك كراوەكان بەخۆیان و گریانیانەوە، كچە ڕوتە ڕاكشاوەكان لەبەردەم قاچی میردا بەخۆیان و نووزە نوزیانەوە و سیمای حەكیم و دڵسۆزانی تەخت و ئەوانەی ژەهری میر دەنۆشن كە بەشەرابی پیرۆز ناودەبرێ و پاش ئەوەی كتێب و پاشەڕۆی قەسابخانەكانی كوشتن و.. ڕەشایی چاوی ئەو وێنانەی ڕاپێچی ناخی دەكرد كە كاتێك سەری لەناو

دەستەکانی میردا شل بوو بوو. پێش ئەوەی فڕێی باتە سەر زەوی ژوورە شینەکەی، میر لەجێگای خۆی هەستاو چەند هەنگاوێك لە قاوەگرەوەکە دوور کەوتەوەو لە لاشەکەی ورد بوەوە کە ئەو وێنانەی لەخۆیدا کۆیکردبوونەوە لەشێوەی دوکەڵی ڕەش بەرزدەبوونەوە لێی و لەگەڵ خۆیاندا جۆرەها بۆنی ناخۆشیان دەهێناو بەهەموو لایەکی ژوورەکەدا بڵاو دەبوەوە. پاشان ڕووەو فنجانەکە دەڕۆشت و دادەبەزییە ناوی، ئەو فنجانەی لەسەر سینیەکە جێهێڵدرابوو و بێ‌ئەوەی کەس دەستی لێ بدات دەسوڕایەوە. میر فنجانەکەی لەدەستیدا ڕاگرت و کەمێك لێی ڕاما. لەناکاو سیمای زەرد هەڵگەڕا. پاشان بووە شینێکی دۆزەخی و سەری بەملاولادا جوڵاند، وەك چۆن مەردومەکەی لەبەردەمیداو لەسروتی پەرستندا وادەکەن. بۆ یەکەم جار هەستی کرد قاچ و دەستەکانی دەلەرزن و بیری کەوتەوە کە ئەو دەمێکە وازی لەشانشینەکەی هێناوە، ئەویش بەپاڵپشتی چاوە هەڵکەندراو و مەچەکە لەرزیوەکانی ئەوانەی دەیپەرستن. سەیری فنجانەکەی دەکردو ئاماژە ڕەشەکانی دەبینی کە هەواڵی سوتانی وێنەکانی خۆیان لەشەقامەکاندا پێڕادەگەیاند و هەڵکۆڵینی چاوە بەئاگاکانی لەوەزارەت و ڕۆژنامەکان و هەردوو ڕووی پارەکاندا، شکانی دەرگای زیندانەکان و ڕوخانی تاقیگا زەبەلاحەکەی وتاڵان کردنی مۆزەخانەکانی جەنگ و گەنجینەو غەنیمەکانی کە ئەو کەنیزەکانەشی دەگرتەوە لەگەڵ پاسەوانەکانیدا هەڵدێنە ئەودیو شورای کۆشکەکانیەوە. ئەو کۆشکانەی یەك بەدوای یەك گڕکانیان لێدەپڕژاو قات لەدوای قات دەتەقینەوە. بیری کەوتەوە خۆی لەیەکێك لەو ژووری کۆشکانە دانیشتووە و هەستی بەلەرینەوەی زەوی ژورەکە کرد کە لە ڕەشەبای شین و زەرددا نغرۆبوو.

میر سەری بەرەو کورسیە شوشەکەی وەرچەرخاند و بینی دەلەرێتەوە و نرکەیەکی خامۆشی لێوە دێت.

بەدەنگی شینەشاهۆوە قیژاندی:



-شانشینەکەم.!!

هێشتا لە هاوارەکەی تەواو نەبووبوو فنجانەکەی گرتە ئاوێنەکەی بەرامبەری کە وێنەی شینەشاهۆیەکی نیشان دەدا سەری بە ئاگرەوە دەسوتاو پەڕەکانی هەڵدەوەرین. بەدەم هاوارەوە ئاوێنەکە شکاو پارچەکانی بەهەموو لایەکی ژوورەکەدا بڵاو بووەوە.

میر لەنێوان پارچەی ئاوێنە شکاوەکەو ئەو دوکەڵەی بەبۆنێکی ناخۆشەوە لەفنجانەکەوە بەرز دەبووەوە، وەستابوو.

لەنێوان ڕەشەبای تارماییە درەوشاوەکان و دەنگە نەزانراوەکاندا وەستابوو..

لەنێوان قیژەو چەپڵەو قاقاو هاوارو گریاندا وەستابوو..

لەژورێکی کۆشکە نەبینراوەکانیدا وەستابوو، بەدەنگی شینە شاهۆیەك هاواری دەکرد:

-نا.. چاوەڕوانی ئەجەلم ناکەم.. بەرگەی چاوەڕوانی ناگرم...

سەری بەرزکردەوەو هێمنانە باڵەکانی لێکدا تا وردە وردە خێرای کردو لەشەقەی باڵیدا. ڕەشەبایەکی خۆڵاوی بەدەوریدا هەڵی کردو فڕیی..بەرزبوەوەو چەند جارێك بە ژورەکەدا سوڕایەوە. پاشان ساردترین وەرزی هەڵواسراوی ناودیواری ژورە خۆڵیەکەی هەڵبژارد. پێش ئەوەی بچێتە ناویەوەو دیار نەمێنێت ئاوڕی دایەوە تا ئەو دیمەنانە کۆبکاتەوە کە لەو ژورەدا لەنیگا ساردەکانی بەجێمان، ئەو ژورەی هێواش هێواش دیار نەدەماو هەموو شتەکانی ناوی دەسڕایەوە جگە لەو وشانەی کە گەشتە تیوارەکەیان نوسیەوە و میر تائەبەد لەناویاندا دەسوڕێتەوە.

-پاشان میر لەشەقەی باڵیدا...

* * *